حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی زمانی کوردی

# زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا

نامەیەکە

## چۆلی ئەسعەد جراد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

**سەرپەرشت**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر: د. فاروق عومەر سدیق**

2713 کوردی 2013 زایینی

# زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا

نامەیەکە

چۆلی ئەسعەد جراد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە
لە
پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

پرۆفیسۆری یاریدەدەر: د. فاروق عومەر سدیق

2713 کوردی        2013 زایینی

سوپاسنامە

- ڕێز و سوپاسی زۆر، بۆ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د. فاروق عومەر سدیق)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە ئەستۆ گرت و زۆر دڵسۆزانە هاوکارم بوو، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی.
- ڕێزو سوپاسم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکارم بوون، لە دەستخستنی سەرچاوە، یان ڕێنوێنییان کردم.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە وەرگێڕانی سەرچاوەکان هاوکارم بوون، دڵسۆزییان لەبیر ناکەم.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Intonation | ئاوازە |
| Function | ئەرک |
| Idiom | ئیدیۆم |
| Suffix | پاشگر |
| Message | پەیام |
| Prefix | پێشگر |
| Communication | پێوەندییکردن |
| Verbal Communication | پێوەندییکردنی گوتەیی |
| System | پێڕەو |
| Tone | تۆن |
| Clarity | ڕوونی |
| Style | شێواز |
| Phrase | فرێز |
| Verb phrase | فرێزی کاری |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Form | فۆرم |
| Form Word | فۆرمی وشە |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Morpheme | مۆرفێم |
| Metaphor | میتافۆر |
| Sender | نێرەر |
| Recever | وەرگر |
| Mass media | هۆکارەکانی ڕاگەیاندن |
| News | هەواڵ |
| News editor | هەواڵساز |
| Stress | هێز |
| Symbol | هێما |

| | |
|---|---|
| Unit | یەکە/دانە |

ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت | |
|---|---|---|
| 1 | پێشەکی | |
| 2 | ناونیشان | 1-0 |
| 2 | هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | 2-0 |
| 2 | گرفتی نامەکە | 3-0 |
| 3 | گرنگی و ئامانجی نامەکە | 4-0 |
| 3 | سنوور و کەرەسەی نامەکە | 5-0 |
| 3 | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | 6-0 |
| 4 | بەشەکانی نامەکە | 7-0 |
| 61-5 | یەکەم بەش: زمان و پەیوەندییکردن | |
| 6 | سەرەتا | 1-1 |
| 7 | زمان و پرۆسەی پەیوەندییکردن | 2-1 |
| 10 | پەیوەندییکردن | 3-1 |
| 12 | شێوەکانی پەیوەندییکردن | 1-3-1 |
| 14 | جۆرەکانی پەیوەندییکردن | 2-3-1 |
| 15 | ڕەگەزەکانی پەیوەندییکردن | 3-3-1 |
| 19 | زمان و پەیوەندیی جەماوەری | 4-1 |
| 20 | ڕاگەیاندن و چەمکی ڕاگەیاندن | 5-1 |
| 22 | ئەرکەکانی ڕاگەیاندن | 1-5-1 |
| 22 | هۆیەکانی ڕاگەیاندن | 2-5-1 |
| 23 | زمانی ڕاگەیاندن | 6-1 |
| 23 | چەمک و پێناسەی زمانی ڕاگەیاندن | 1-6-1 |
| 28 | گرنگترین خەسڵەتە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن | 2-6-1 |
| 31 | سەرچاوەکانی زمانی ڕاگەیاندن | 3-6-1 |
| 34 | ئەرکەکانی زمانی ڕاگەیاندن | 4-6-1 |
| 33 | کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زمان | 5-6-1 |
| 36 | ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆن) | 7-1 |
| 37 | زاراوە و چەمکی تەلەڤزیۆن | 1-7-1 |

| | | |
|---|---|---|
| 38 | زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو(تەلەڤزیۆن)دا | 2-7-1 |
| 38 | سەرەتا | 1-2-7-1 |
| 40 | ڕەگەز و پێکهاتەکانی زمانی تەلەڤزیۆن | 2-2-7-1 |
| 42 | تایبەتمەندییەکانی نووسین بۆ ڕاگەیاندنی بینراو | 3-2-7-1 |
| 43 | هەواڵ و زمانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا | 3-7-1 |
| 44 | چەمک و پێناسەی هەواڵ | 1-3-7-1 |
| 46 | هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا | 2-3-7-1 |
| 48 | خەسڵەتەکانی هەواڵ | 3-3-7-1 |
| 49 | ڕێساکانی هەواڵ | 4-3-7-1 |
| 50 | تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | 5-3-7-1 |
| 52 | ڕەگەزەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | 6-3-7-1 |
| 55 | شێوەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | 7-3-7-1 |
| 57 | نووسینی هەواڵ بۆ تەلەڤزیۆن | 8-3-7-1 |
| 110-62 | دووەم بەش: وشەسازی لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا | |
| 63 | سەرەتا | 1-2 |
| 63 | چەمک و زاراوەی وشەسازی | 2-2 |
| 64 | وشە و مۆرفیم | 3-2 |
| 64 | مۆرفیم | 1-3-2 |
| 65 | وشە | 2-3-2 |
| 69 | وشە و ڕاگەیاندنی بینراو | 3-3-2 |
| 70 | وشەی زیادە | 1-3-3-2 |
| 85 | وشەی ناباو | 2-3-3-2 |
| 87 | وشەی ڕوون | 3-3-3-2 |
| 89 | وشەی شیاو | 4-3-3-2 |
| 95 | ئەو وشانەی لە بنەڕەتدا کوردی نین | 5-3-3-2 |
| 102 | ئیدیۆم ، میتافۆر ، خواستن و لادان | 6-3-3-2 |
| 106 | ئەکرۆنیم | 7-3-3-2 |
| 146-111 | سێیەم بەش: ڕستەسازی لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا | |
| 112 | سەرەتا | 1-3 |

| | | |
|---|---|---|
| 113 | جۆر و پێکهاتەی ڕستە | 2-3 |
| 116 | ڕستەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراودا | 3-3 |
| 117 | ڕستە و فرێزی ئاڵۆز | 1-3-3 |
| 122 | ڕستەی درێژ | 2-3-3 |
| 127 | بکەری ڕستە | 3-3-3 |
| 130 | ڕستە و فرێزی زیادە | 4-3-3 |
| 135 | کات | 5-3-3 |
| 137 | ڕێککەوتنی کەس و ژمارە | 6-3-3 |
| 142 | فرێز وەرگرتن | 7-3-3 |
| 145 | ئەنجام | |
| 148 | سەرچاوەکان | |
| 154 | خلاصة البحث | |
| 155 | Abstract | |

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم نامەیە، بە ناونیشانی ( زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا) یە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، لەسەر هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی لە زمانی راگەیاندنی بینراوی کوردی دەکۆڵێتەوە، کاریگەری و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر زمانی کوردی- زاری کرمانجیی خواروو- نیشاندەدات.

نامەکە، لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو، بەم شێوەیە:

**یەکەم بەش:** بەناونیشانی (زمان و پەیوەندییکردن)، تایبەتە بە زمان وەک دیاردەیەکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵدا، کە پەیوەندییکردن سەرەکیی ترین ئەرکییەتی. هەروەها باس لە پرۆسەی پەیوەندییکردن و شێوە و جۆر و ڕەگەزەکانی پەیوەندییکردن کراوە. پاشان چەمک و ئەرک و هۆیەکانی راگەیاندن و چەمکی زمانی ڕاگەیاندن و زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو و ڕەگەز و پێکهاتەکانی و هەواڵ و زمانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆن خراوەتەڕوو.

**دووەم بەش:** لەژێر ناونیشانی (وشەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراودا)،چەمک و زاراوەی وشەسازی و وشە و مۆرفێم کراوە. هەروەها ڕۆڵی وشە لە راگەیاندنی بینراو و تایبەتمەندییەکانی خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا، باس لە چۆنییەتی بەکارهێنانی وشە لە ڕاگەیاندنی بینراو کراوە و ئەو شێوازانەی وشە خراوەتەڕوو، کە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەکاریان دەهێنن و بە وەرگرتنی نمونەی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان، بابەتەکە ڕوون کراوەتەوە.

**سێیەم بەش:** ئەم بەشە، تایبەتە بە ئاستی ڕستەسازی، لە ژێرناوی (ڕستەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراودا) چەمک و زاراوەی ڕستەسازی و ڕۆنان و رۆڵی ڕستە و جۆرەکانی ڕستە لە پێکهاتەی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان خراوەتەڕوو. هەر لەم بەشەدا، باس لە پیادەکردنی ئەو شێوازانە کراوە کە پێویستە لە ڕووی ڕێزمان و زمانەوانییەوە پەیڕەو بکرێن لە داڕشتنی دەقی هەواڵەکاندا، هەروەک چۆن گرنگیی بەکارهێنانی ڕستەی کورت و سادە و ڕوون و وەرگیراو و ڕێککەوتنی نێوان کەس و ژمارە و بایەخی کرداری بکەردیار باسکراوە، کە هەموو بەشەکان بە نموونەی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان ڕوون کراونەتەوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، چەند ئەنجامێکی دیار خراونەتەڕوو.

# پێشەکی

# پێشەکی

## 0-1-  ناونیشان:

نامەکە لەژێر ناونیشانی (زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا) یە. لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، لەبارەی زمانی ڕاگەیاندن بەگشتی و بەتایبەتیش بە پراکتیک لە زمانی کوردیدا. لەم کارەماندا باس لە توانای بەکارهێنانی زمان لەو بوارە جەماوەرییەی ڕاگەیاندن و ڕەنگدانەوە و کاریگەریی بەسەر زمانی گشتیی دەکەین.

## 0-2-  هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

زمانی ڕاگەیاندنی بینراو، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی فەرهەنگدا. ئەگەرچی دەکرێت لەچەند ڕوویێکی جیاوازەوە لەو زمانە بکۆڵرێتەوە، کە تیایدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست قسە سەبارەت بەو کاریگەرییە دیارانە نەکراوە، کە لەسەر زمانی کوردی - زاری خواروو- هەیەتی، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر ئەو ڕۆڵ و گرنگییە. بایەخی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تا ببێت بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستیی لەو چوارچێوەیەدا، بە وەرگرتنی نموونەی ڕاستەوخۆ لە هەواڵ - وەک سەرەکیی ترین کەرەسەی کارکردنی ڕاگەیاندن - ی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، کە ڕەنگدانەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانە لەم بوارەدا.

## 0-3-  گرفتی نامەکە:

بریتییە لە کارکردن لەسەر زمانی ڕاگەیاندنی بینراو، لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی و دیاریکردنی  کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر گەشەی

زمان.

### 0-4- گرنگیی و ئامانجی نامەکە:

خستنەڕووی زانستییانەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە، لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکییەوە لە ڕاگەیاندنی بینراودا، ئامانج لێی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەرییەتی بەسەر زمانی گشتی.

### 0-5- سنوور و کەرەسەی نامەکە:

لە نووسینی ئەم نامەیەدا، زاری کرمانجیی خواروو ڕەچاوکراوە. بۆ کەرەسەی لێکۆڵینەوە، کار لەسەر هەواڵی ماوەی شەش مانگی ساڵی (2012) ی ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی کراوە، نموونەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون. لەم هەوڵەدا، باس لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی کراوە، کە تەلەڤزیۆنەکان، بۆ ناردنی پەیامەکانیان بەکاریدەهێنن، بەلەبەرچاوگرتنی خەسڵەت و شێواز و پێویستیی چۆنیەتی گەیاندنی بە وەرگر، بەبێ ئەوەی لەگەڵ زمانێک، یا زارێکی تر بەراوردبکرێن.

### 0-6- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، بنەمای ڕێبازی وەسفیی شیکاریی پەیڕەو کراوە. لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە، چۆنیەتیی کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو خراوەتەڕوو.

## 0-7- بەشەکانی نامەکە:

لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:

**یەکەم بەش:** (زمان و پەیوەندییکردن)، ناونیشانی یەکەم بەشی لێکۆڵینەوەکەیە، لە زمان دەدوێ وەک دیاردەیەکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵدا، کە پەیوەندییکردن سەرەکییترین ئەرکییەتی. تیایدا باس لە پرۆسەکە و شێوە و جۆر و ڕەگەزەکانی کراوە. پاشان چەمک و ئەرک و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و چەمکی زمانی ڕاگەیاندن و زمان لە تەلەڤزیۆن و ڕەگەز و پێکهاتەکانی و هەواڵ و زمانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆن خراونەتەڕوو.

**دووەم بەش:** لەم بەشەدا، لەژێر ناونیشانی (وشەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراوودا)،باس لە چەمک و زاراوەی وشەسازی و وشە و مۆرفێم کراوە. ڕۆڵی وشە لە ڕاگەیاندنی بینراو و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو. هەر لەم بەشەدا، باس لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشە کراوە و ئەو شێوازانەی وشە خراونەتەڕوو، کە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەکاریان دەهێنن، بە وەرگرتنی نموونەی هەواڵ، بابەتەکان ڕوون کراونەتەوە.

**سێیەم بەش:** ئەم بەشە، لە ژێرناوی ( ڕستەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراوودا) یە، چەمک و زاراوەی ڕستەسازی و ڕۆنان و ڕۆڵی ڕستە و جۆرەکانی ڕستە لە پێکهاتەی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان خراوەتەڕوو. هەر لەم بەشەدا، باس لە پەیڕەوکردنی ئەو شێوازانە کراوە، کە پێویستە لە ڕووی ڕێزمان و زمانەوانییەوە، لە داڕشتنی دەقی هەواڵەکاندا بگیرێنەبەر، هەروەک چۆن گرنگیی بەکارهێنانی ڕستەی کورت، سادە، ڕوون، وەرگیراو، ڕێککەوتنی نێوان کەس و ژمارە و بایەخی کرداری بکەردیار

باسکراوە، کە لە هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان نموونەمان بۆ هێناونەتەوە.

لە کۆتاییشدا، ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

# یەکەم بەش

# زمان و پەیوەندییکردن

# زمان و پەیوەندییکردن

## 1-1- سەرەتا:

زمان، چالاکییەکییەکە، بەپرِوای (ساپیر)[1]، لە خزمەتی هاوبەشیی کۆمەڵایەتیدایە (communion)، "لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا شتێك نییە بەناوی زمان، چونکە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئاماژە، سروشتی کۆمەڵایەتیشی، یەکێکە لە خەسڵەتە ناوخۆییەکانی"[2]. کۆمەڵ و بەیەکەوە ژیانیش فاکتەری پەیدابوون و گەشەی زمانن، "وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنەکەی بەستراوەتەوە بەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکات. فراوانبوون و پاشەکشەی زمان، تەنیا کاتێک واتایان دەبێت، کە لەلایەن خەڵکەوە بەکاربێت، چونکە ئەگەر کەس بەکاری نەهێنێت دەمرێت"[3]. ئەمەش نیشانەی ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە، کە لەنێوان زمان و کەسەکاندا هەیە، بەو واتایەی بوون و نەبوونی زمان بەندە بە بوونی کۆمەڵەوە، "زمان بەهێزترین بەڵگەی بەیەک بەستنەوەی تاکەکانیەتی"[4]. بەو ڕۆڵ و کاراییەی هەیەتی، "وەڵامدەرەوەیەکی پێویستی پەیوەندییکردنی نێوان کەسەکانە"[5]. وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە جیاوازە لە گشت دامەزراوەکانی تر، پەیوەندیی بەهەموو تاکەکانیەوە هەیە.

پێناسەکردنی زمان، وەك دیاردەیەك، کارێکی ئاسان نییە و زمانەوانانیش، بەگوێرەی ئەو پێناسانەی بۆیانکردووە، دان بەو ڕاستیەدادەنێن، بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن، کە دیارترین ئەرکی بریتییە لە پەیوەندییکردن، ئەمەش هۆکاری زیندوومانەوە و بەردەوامییەتی، چونکە "پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێ لە کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە"[6].

---

1- براوانه : عبده الرجحى (2004: 11)

2- فردیناند دی سوسور (1988: 95)

3- جون بیرو (2001: 127)

4- ج. ڤندریس (1950: 303)

5- حاتم صالح الضامن (1989:36)

6- محەمەد مەعروف فەتاح (2010: 137)

هەروەک (وێدۆوسن) بەپێویستی دەزانێت، کە زمان کار بۆ ئەوە بکات: " هۆکارێک بۆ خەڵک دابین بکات، تا کارلەیەک بکەن، کەسی یەکەم لەگەڵ کەسی دووەم هەڵبکات و بناغەیەک بۆ هاوکاری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن، کەواتە زمان دەبێ ئەرکێکی دیکە بەجێ بهێنێت، کە بە ئەرکی کۆمەڵایەتی، یا نێوان کەسەکان ناو دەبرێت"[1]، لەبەرئەوەی، "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکی توندی بە بیر و هەست و کارەکانی خەڵکەوە هەیە"[2].

## 1-2- زمان و پرۆسەی پەیوەندییکردن:

پەیوەندییکردن، بەدیارترین ئەرکەکانی زمان دادەنرێت. لەهەر کۆمەڵێکی دیاریکراودا، وەک پەیرەوێکی دەنگیی بەکاردێت، "نیمچە هاوڕاییەک لەنێو زمانەوانان‌دا هەیە، کە زمان (Langage) سیستەمێکی (Systeme) دیاریکراوی هێمایە(Signes)، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دابینکردنی پەیوەندییە(Communication)"[3]. مەبەست لە پەیوەندی و کۆمەڵایەتی بوون لێرەدا، هەموو شێوەکانی بەرکەوتن و پەیوەندییە، کە "پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنن و پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵ دەیخوازن"[4].

بەگوێرەی گریمانەی پەیوەندییش بۆ پەیدابوونی زمان، کە "لەلایەن (ریڤیزەوە) خراوەتە ڕوو، زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروست دەبێ، کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندییکردن"[5]، ئەمەش پشت بەو ویستە بەهێزەی مرۆڤ دەبەستێت، کە بۆ لەیەکترگەیشتن و پەیوەندیکردن و قسەکردن هەیەتی. بە وتەی ئەرستۆ "مرۆڤ بوونەوەرێکە، حەز بە مەدەنیبوون دەکات و لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژی"[6]. ژیان و دەوروبەریش پێویستییان بە هۆکارێک هەیە، کە ئەم ڕۆڵە جێبەجێ بکات. ئەم گرنگییەی زمانیش بووە بە هۆکارێک بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و چالاکیشی بە کارەکانی بەخشیوە، یارمەتی مرۆڤی داوە، لە ڕێگەیەوە

---

1- هـ. وێدۆوسن (2008: 21)

2- محمد حسن عبدالعزیز (1978: 8)

3- جان جبران کرم (1986: 9)

4- احمد محمد المعتوق (1996: 71)

5- محەمەد معروف فەتاح(2011: 18)

6- بڕوانە: رەحیم سورخی (2008: 7)

بیرەکانی بگەیەنێت و هەمیشە لەگەڵ هاوزمانەکانی لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندیدابێت و زانیاری ببەخشێت و وەربگرێت، لە ڕێگەی زمانەوە خواستە جیاجیاکانی بەدی بێنێت.

"زمان، لە هەموو کۆمەڵێکدا سیستمێکی گشتییە، تاکەکانی پەیڕەوی دەکەن و وەک بنەڕەتێک دەیگرنەبەر، بۆ لەیەکترگەیشتن و گوزارشتکردن لەوەی لە بیریاندایە"[1]. زمانەوانان ئاماژە بە گرنگیی خودی زمان دەکەن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە " ئەرکی سەرەکیی زمان بریتییە لەوەی، هۆکارێکە بۆ پەیوەندییکردن، یا گەیاندن، یا گواستنەوە، یا گوزارشتکردن لەڕێگەی دەنگە دەربڕاوەکانەوە" [2].

(ساپیر)، بەم شێوەیە پێناسەی زمان دەکات، کە پەیوەستە بە پەیوەندییکردنەوە: "هۆیەکی ناغەریزییە، تایبەتە بە مرۆڤەوە، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتووە و کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە"[3]، بەگوێرەی ئەم پێناسەیەی (ساپیر)، مرۆڤ لەو پرۆسەیەدا، هەست و ئارەزووەکانی دەردەبڕێت و لە قاڵبێکی زمانی یا نازمانیدا بە بەرامبەرەکەی دەیگەیەنێت.

(ئەندریە مارتینی)، دەڵێ: "زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بەچەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەریەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن"[4]. مارتینی یەکێک بوو لەوانەی، کە لەوباوەڕەدابوو ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی زمانییدا، ئەم ئەرکە، زمان وەک دەزگایەکی مرۆیی بەجێی دێنێ، سەرەڕای جیاوازیی بونیادەکەی لە کۆمەڵێکی زمانییەوە بۆ کۆمەڵێکی تر. ئەمەش بەواتای ئەوەنایەت، کە (مارتینی) ئەرکەکانی تری زمان ڕەتبکاتەوە، بەڵکو دانیان پێدادەنێت و بەناسەرەکی ناویان دەبات[5].

کەواتە دەتوانین بڵێین، زمان، دەربڕی لایەنە شاراوەکانی ناخی مرۆڤە و بریتییە لە "توانای مرۆڤ لە پەیوەندیی، بەهۆی ئامرازێکەوە، کە بریتییە لە زمان

---

1- عبدالعزیز شرف (...: 9)

2- حاتم صالح الضامن (1989: 132)

3- بڕوانە: محەمەد معروف فەتاح(2011: 11)

4- سەرچاوەی پێشوو

5- نور الهدى لوشن (2008: 359)

Langue، کاتێکیش دەکرێت بە قسە، دەبێ بە ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردنParole "[1].

(لوسیان بای)، لەبارەی پەیوەندییکردنەوە دەڵێ: "چنراوی کۆمەڵگەی مرۆییە، لەلایەکەوە ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی تریشەوە ڕەگەزێکی تەوەرەییە لە بوونیادی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا"[2].

بەگوێرەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، "مەبەستی سەرەکی لە داهێنان و بەکارهێنانی زمان، تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤ و پەیوەندیکردنە بە هاوزمانەوە، بەواتایەکی سادەتر، زمان بۆ پەیوەندیکردنە لەگەڵ دەوروبەردا، بێگومان جگە لە زمان، مرۆڤ ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابینکردنی ئەم پەیوەندییە، هەندێ لەو ڕێگایانە لەگەڵ زمان خۆیدا بەکاردێن، (وەك بزاوتنی دەست و دەم و برۆ ...هتد)"[3].

ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن، بریتییە لەوەی، کە ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندییکردنە، بەو واتایەی هۆکارێکە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و زانیاری و هەواڵ لەنێوان تاکەکاندا. مرۆڤ زۆرینەی خواستەکانی لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێ دەکات، "سەرتاپای ژیانمان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قسەکردنمان، چونکە هۆکاری پەیوەندییکردنمانە. لای (جۆن لایەنز) زمان ئامێرێکە لە خزمەتی پەیوەندییکردندایە، کەواتە پەیوەندییکردن ئەو پرۆسە ئاڵۆزەیە، کە بەبێ زمان ئەنجام نادرێت، چونکە زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندییکردنی ئادەمیزادە، بێ زمان پەیوەندیی لە نێوان ئادەمیزاددا پەیدانابێت، بێ پەیوەندیی کۆمەڵ سازنابێ، جا ئەو زمانە زمانی نووسراو بێت، یا گوتەیی بێت، یا نا گوتەیی"[4]، وەک دوو جۆری سەرەکیی پەیوەندییکردن، کە لەڕێگەیانەوە مرۆڤ گوزارشت لەخۆی دەکات. زمان بە گشتی لای (هێنری دولاکروا- H.Delacroix)، ئەرکێکی زۆر گرنگی هەیە، دەکرێ لە دوو بواردا کورت بکرێتەوە[5]:

یەکەم: لەسەرئاستی تاک ، وەک پێویستییەکی تاک لە کۆمەڵدا.

---

**1- مجلة (جامعة تشرين)، الاداب والعلوم الانسانية المجلد (29) العدد (1) 2007.**

**2- منال طلعت محمود(2002: 71)**

**3- محەمەد معروف فەتاح(2011: 21)**

**4-بڕوانە: شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان (2009: 17)**

**5- بڕوانە: عبدالعزیز شرف (...: 22)**

دووەم: لەسەر ئاستی کۆمەڵ، کە ئامادەکردنی دۆخێکی گونجاوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتیی.

زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گەشە و پێشکەوتندایە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە چالاکە بەردەوامەی دەیبەستێتەوە بەتاکەکانی کۆمەڵەوە، هەرچەند پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەوتووتر و بەهێزتر و جۆراوجۆرتربن، مەودای بەکارهێنانی زمانیش فراوانتر و گەورەتر دەبێت[1]. هەموو گۆرانکارییەکانی زمانیش پەیوەستن بە کات و کۆمەڵەوە، چونکە "تەنیا زەمان ڕێگە بە هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، کاریگەرییان لەسەر زمان هەبێت"[2].

### 1-3- پەیوەندییکردن:

بریتییە لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری، بیرورا و هەست و سۆز، بەهۆی زمانی هاوبەشی نێوان بەشداربووانەوە، کاریگەریی لەسەر وەرگر دروستدەکات. "دەتوانین وا وەسفی پەیوەندیی بکەین، کە نهێنی بەردەوامبوونی ژیان و گەشەکردنیەتی لەسەر زەوی، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە (پەیوەندیی خۆی لەخۆیدا ژیانە)"[3].

"پەیوەندییکردن بە تێگەیشتنە گشتییەکەی، بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری و ڕاستییەکان، بیروبۆچوون و سۆز. چالاکییەکی زیندووی مرۆییە، هەمیشە پێویستبوونی لە زیادبووندایە"[4].

لە دیارترین پێناسەشدا، ناردن و وەرگرتنی زانیارییە. "پەیوەندییکردن کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەک لە شوێنێک، یا لای کەسێک هەبێت و بیەوێت بە شوێنێکی تر، یا کەسێکی تری بیگەیەنێت "[5].

---

1- احمد محمد المعتوق (1996: 72)

2- جولييت غارمادى ، عربه - خليل احمد خليل (1990: 17)

3- محمد جاسم فلحى الموسوى(2006: 25)

4- منال طلعت محمود(2002: 18)

5- محمود علم الدين (1990: 26)

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "بریتییە لە پرۆسەی دەپرینی بیر و هەست، یا پێدانی زانیاری بەخەڵك، بەشێوەی قسە، یا بەنووسین، یا بە ئاماژە"[1].

لە فەرهەنگی ویبستەردا (Webster)، بەم جۆرە پێناسەکراوە، " پرۆسەیەکە، تیایدا چەمکەکان لەنێوان تاکەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، ئەمەش لەڕێی بەکارهێنانی سیستمێکی هێمایی، کە لەسەری ڕێککەوتوون"[2].

بە پڕوای (ریچاردز-1928)، "پەیوەندییکردن کاتێک ڕوودەدات، کە عەقڵێک کار لە عەقڵێکی تر بکات، لە ئەنجامدا عەقڵی وەرگر شارەزاییەکی هاوشێوەی عەقڵی نێرەرەکەی بۆ دروست دەبێت"[3].

لەم ڕوانگەیەوە، ناتوانین باس لە مرۆڤ و ژیان بکەین، بەبێ باسکردن و بوونی پەیوەندیی، "هەقیقەتی سەرەکیی بوونی مرۆیی و پرۆسەی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو خۆی هەڵگری پرۆسەکەیە، هەر ئەو تێکەڵاوی لە نێوان ڕەگەزی مرۆڤدا بەدی دەهێنێت و وای لێ دەکات ببێ بە بوونەوەرێک نەتوانێ بەتەنیا بژی"[4]. لە سادەترین پێناسەدا، "پرۆسەیەکە، بەهۆیەوە نێرەر و وەرگر و پەیام، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا یەکانگیردەبن، لەم پرۆسەیەشدا بیر و زانیاری و ئاگادارییەکان سەبارەت بە پرسێک، یا واتایەکی ئەبستراکت، یا بوونێکی دیاریکراو لەنێوان تاکەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن"[5]. سەبارەت بە پەیوەندیکردن (ئەرستۆ) دەڵێ: "مەبەست لێی قەناعەتپێکردنی ئەوانی دیکەیە و پەیوەندیکەر بەهەر ڕێگە و بەهەر ئامرازێکی بۆی بکرێ، دەیەوێ کاربکاتە سەر بەرامبەرەکەی و بۆچوون و باوەڕی خۆی بەسەردا بسەپێنێ"[6]. کەواتە پەیوەندیی پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بوونی مرۆڤایەتی و پرۆسەی بەیەکەوە ژیان.

---

1 - Oxford advanced learner's Dictionary. (2001: 243)

2- بڕوانە: عبدالعزیز شرف (1987: 27)

3- بڕوانە: رحيمة الطيب عيساني(2008: 18)

4- عبد العزيز شرف (1987: 26)

5- محمد جاسم فلحى الموسوى(...: 30)

6- بڕوانە: ڕەحیم سورخی (2008: 14)

پەیوەندییکردن، "زاراوەیەکی سەرەکییە، وەک چالاکییەکی بنەڕەتی، کە هەموو چالاکییەکانی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە و ڕیکلام لەخۆ دەگرێت، پرۆسەیەکە دەشێت لە ناوخۆیدا چەند لقێکی جۆراوجۆری لێببێتەوە، ڕەنگە لە ئامانجدا جیاوازبن، بەڵام هەموویان لەوەدا یەکن، کە پرۆسەی پەیوەندییکردنن بە جەماوەرەوە"[1]. کەواتە پەیوەندییکردن بریتییە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیر لە ڕێگەی هۆکارێکەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە بۆ چوار ماوە دابەشکراوە[2]: زارەکی، بە نووسین، لە ڕێگەی چاپکردنەوە و بە میدیای ئەلیکترۆنی.

مێژووی زارەکی، بۆ سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی پەیوەندیکردن تەنیا لە ڕێی قسەکردنەوە بووە. ماوەی دووەمیان، بە نووسین، کە سەردەمی دوای داهێنانی نووسینە. ماوەی سێیەم، لەڕێی چاپەمەنییەکانەوە، لەم ماوەیەدا گۆڕانێکی بەرچاو لە پرۆسەکەدا هاتەکایەوە، کە تیایدا بڵاوکراوەی زۆر پەیدابوون، وەك کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و...تا ماوەی چوارەمیش پەیوەندییکردن بە میدیای ئەلیکترۆنی، بۆ پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی تەکنۆلۆژی دەگەڕێتەوە، کە تیایدا میدیای ئەلیکترۆنی بەدەرکەوت. لەهەر چوار ماوەی پرۆسەکەدا، زمان بەشێوەی جیاواز ڕۆڵی هەرە گرنگی هەبووە.

سەبارەت بە گەشەکردنیشیەوە، (مارشال ماکلۆهان) ( Marshall McLuhan ) پێیوایە، "پێوەندیپێکردن بەچەند قۆناغێکی مێژووییدا تێپەڕبووە، کە تیایاندا تەکنەلۆجیا فاکتەری سەرەکی گۆڕان بووە، لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، جا لێرەوە ئەو دیدگەیەی (ماکلۆهان) بە تیۆری حەتمیەتی میدیایی ( media determinism ) ناونرا، واتە ئەوە فاکتەری میدیایی تەقەنی – یە کە بەپلەی یەکەم وەرچەرخانە مێژووییەکان لێکدەداتەوە و لەرووی پێوەندیپێکردن و بوارەکانی دیکەی کارلێکراو ڕاڤەیان دەکات "[3].

## 1-3 -1- **شێوەکانی پەیوەندییکردن**:

---

**1- عماد حسن مكاوى و عاطف عدلى العبد (2006: 54)**

**2- کاوە عەبدولکەریم (2007: 157)**

**3-بڕوانە: عەبدولرەحمان عزى (2012: 8)**

بەگوێرەی هۆکاری بەکارهێنان (لەڕووی دەربڕینەوە)، کە تیایدا هێما و ئاماژەی دیاریکراو بەکاردێت (زمانیی،یا نا زمانیی) کە هەریەکەیان هەڵگری واتان و بەسەر دوو شێوەدا دابەش دەکرێت، کە بە سەرەکیترین دوو شێوەی پەیوەندیی دادەنرێن[1] :

یەکەم: پەیوەندییکردنی زمانی (گوتەیی):

ئەم جۆرە، لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتنەوە دەبێت، "وتە وەک هۆکارێک لەلایەن نێرەرەوە بەکاردێت، کە پەیامەکەی پێ دەگوێزێتەوە بۆ وەرگر، جا پەیامەکە نووسراوبێت، یا نەنووسراو"[2]. ئەم جۆرە "پێشی دەوترێت پەیوەندیی زارەکی، وەک پەیوەندیی نێوان دوو کەس، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکان و پەیوەندیی جەماوەری"[3].

دووەم: پەیوەنییکردنی نازمانی (ناگوتەیی):

زمانی ئاماژە و زمانی جەستە دەگرێتەوە، بریتییە لەو ئەدگار و ڕەفتارانەی (جگە لە قسەکردن)، کە لە کۆمەڵدا واتای جیاوازیان هەیە، "جا ئەو ڕەفتارانە بە مەبەست بنێردرێن، یا بە مەبەست لێکبدرێنەوە، یا بەئاگاییەوە بنێردرێن و بەئاگاییەوە وەربگیرێن، لای وەرگر نادیاری لە کاردانەوەیان هەبێت"[4]. لێرەشدا نێرەر مەبەستەکەی ئاراستەی وەرگر دەکات، بۆیە "پێی دەوترێت پرۆسەی گواستنەوەی واتا، بەبێ بەکارهێنانی هێمای دەنگیی"[5]. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە بە قسە، یا نووسین دەرناپڕرێن، مرۆڤ جگە لە وتەی درکێنراو، بە جوڵەی جەستەیی و خەندە و دەموچاو بەردەوامە لە پەیام ناردن، ئەم شێوازەی پەیوەندییکردن (زمانی بێدەنگیشی پێدەوترێت)، بە بۆچوونی (ڕانداڵ هاریسۆن)، دیاردەیەکی زۆر فراوانە و لەم شێوانەی خوارەوە پێکدێت[6]:

أ- کۆدە دەرپڕاوەکان:

---

1 - KAWA ABDULKAREEM RASUL(2006: 13)

2- عماد حسن مکاوی و عاطف عدلی العبد (2006: 54)

3- رحيمة الطيب عيساني(2008: 40)

4- شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (2009: 25)

5 - KAWA ABDULKAREEM RASUL(2006: 14)

6- رحيمة الطيب عيساني(2008: 43)

هێما ناگوتەییەکان دەگرێتەوە، لە زمانی جەستە، گوزارشتەکانی دەموچاو، ئاوازی دەربڕین، تۆنی دەنگ، هێز و هەموو ئەو دیاردانەش کە بە (پارا زمان) ناسراون و ناچنە ناو چوارچێوەی فۆنیمەکانەوە، وەک پێکەنین و جۆری دەنگی قسەکەر.

ب- کۆدە دروستکراوەکان:

دەشێت هێما نازمانییەکان لە ڕێی هۆکاری ترەوە دەربببڕرێن، وەک کەلوپەل، جل و بەرگ، ئارایشتکردن و ئەو ئامرازانەی پلەو پایەی مرۆڤ دەردەخەن، کە واتای دیاریکراویان هەیە.

ج- کۆدەکانی ڕاگەیاندن:

وەک ئەوەی، نووسەرێک وێنەیەک بەچەندین شێوە، یا ڕەنگ دەربخات، یا دەرهێنەرێک گرتەیەکی نزیک، یا دوور هەڵبژێرێت، یا موزیک و کاریگەرییە دەنگییەکانی بخاتە سەر.

د- کۆدەکانی بارودۆخ:

بەهۆی بەکارهێنانی کات و شوێنەوە، دەشێت بە بارودۆخی پەیوەندییکردن ناو ببرێت، کە وا لە یەکێک بکەیت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێت بکات، یا دانیشتن لە دووری کەسێکی ناسیاوەوە و پشت تێکردنی، یا لە دانیشتنەکەدا هەر سەیریشی نەکەیت.

1-3-2- **جۆرەکانی پەیوەندییکردن**:

مرۆڤ، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی و گەیاندنی بیر و زانیارییەکانی لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندیکی تر، بەچەند ڕێگایەک لە پەیوەندییدایە، گرنگترین جۆرەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

1- پەیوەندییکردنی خودی:

ئەو جۆرەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات، وەک بیرکردنەوە، چونکە مرۆڤ، کاتێک بیردەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات. واتا پەیوەندییکردنەکە لە ناخی کەسەکەدایە و زۆربەی کات بێ دەنگە، "لەڕووی بەکارهێنانی ڕەمزەوە جیاوازی

لەگەڵ پەیوەندییکردنی کەسی نییە، چونکە لەهەردوو جۆرەکەدا هەمان ڕەمزی پەیوەندییکردن بەکاردێت"[1].

2- پەیوەندییکردنی کەسی/ ڕاستەوخۆ:

ڕاستەوخۆ یا بەرامبەرییە، لەنێوان دوو کەس، یا زیاتر ئەنجامدەدرێت، لەم پرۆسەی پەیوەندییکردنەدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری و بیروڕا لەنێوان کەسەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، بەبێ بەکارهێنانی هیچ کەناڵێکی گواستنەوەی دەستکرد، نێرەر و وەرگر لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیی دادەبن، لە شوێنێکی دیاریکراودا. هەردووکیان لەیەککاتدا دەبن بە نێرەر و وەرگر. "لەم جۆرە پەیوەندییکردنەدا، مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خەڵکانی تردا هەڵسوکەوت بکات، شتیان لێوە فێربێت، خۆی پێیان بناسێنێت و شتیان فێربکات"[2].

3- پەیوەندییکردنی ناوەندی:

دەکەوێتە نێوان دوو جۆری پەیوەندییکردنەوە، کە کەسیی، یا ڕووبەڕوو و جەماوەرییین، ئەم جۆرەی پەیوەندییکردن تەلەفۆن و ڕادیۆ و ڕادار وئینتەرنێت دەگرێتەوە[3].

4- پەیوەندییکردنی جەماوەریی:

بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێت. ئەو پرۆسەیەیە، کە تیایدا زانیاری و بیروڕا بۆ ڕێژەیەکی زۆری جەماوەر لەڕێی بەکارهێنانی هۆکارێک، یا چەند هۆکارێکی پەیوەندیی جەماوەری بگوێزرێتەوە، ئەم جۆرە، "بەشیوازێکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، بەزۆری یەکلایەنەیە"[4]. بەشێوەیەکی گشتی، هەموو جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی دەکرێ بە جۆرێکی پەیوەندییکردنی جەماوەری هەژمار بکرێن.

(چارڵس ڕایت)، پسپۆر لە بواری میدیا، پەیوەندییکردنی جەماوەری لەم سێ خاڵەدا کورت دەکاتەوە:

أ- ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و هەمەچەشن و نەناسراو دەکرێت.

---

1- ئازاد ڕەمەزان عەلی (2005: 57)

2- کاوە عەبدولکەریم، گۆڤاری ڕامان (2007: 158)

3- ئازاد ڕەمەزان عەلی (2005: 58)

4- رحيمة الطيب عيساني(2008: 54)

ب- پەیامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگوازرێتەوە و لە یەککاتدا دەگاتە تاک بە تاکی جەماوەرەکە.

ج- پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و چانسی پەیوەندییکردنی دوو لایەنەی نییە[1].

لەهەموو جۆرەکانی پەیوەندییکردندا، جگە لە پەیوەندییکردنی خودی، پەیوەندییەکان بە بەشداری چەند لایەنیکە، مەبەستی سەرەکیش لە تەواوی پرۆسەی پەیوەندییکردنی مرۆیی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی زانیاری و واتا و بیروڕایە، کە لە ناوەندێکەوە ناوەندێکی تر دەکاتە ئامانج.

### 1-3-3- ڕەگەزەکانی پەیوەندییکردن:

پرۆسەی پەیوەندییکردن، پێویستیی بە چەند ڕەگەزێکی سەرەکیی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە چەند ڕەگەزێک[2]، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکترییەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین، لەهەمان کاتدا، لەگەڵ بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی بیرۆکە و زانیارییەکان لەنێوان تاک و گروپەکاندا هەیە[3]، ڕەگەزەکانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکەم: ڕەگەزە جێگیرەکان:

ئەو ڕەگەزانەن، کە لە گشت پرۆسەیەکی پەیوەندییکردندا جێگیرن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- نێرەر: سەرچاوەشی پێدەگوترێت، ڕەگەزی یەکەمی پرۆسەی پەیوەندییکردنە، ئەو کەسە (گروپ و دەزگا و دامەزراوەیە)یە، کە "پرۆسەی پەیوەندییکردنەکە، یا ڕاگەیاندنەکە لەوەوە دەست پێدەکات، پەیامەکەی دادەڕێژێت و ئاراستەی وەرگری دەکات، قسەکەرە لە گفتوگۆدا، نووسەر و دەستەی نووسەرانە لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا"[4]. نێرەر لەوانەیە کەسێکی ئاسایی یا مەعنەوی بێت ، پرۆسەکە لای ئەوەوە بە بیرۆکەیەك دەست پێدەکات، پاشان بەشێوەی وشە، یا جوڵە و نیشانە

---

1- کاوە عەبدولکەریم، گۆڤاری ڕامان (2007: 159)

2- عماد حسن مکاوی و عاطف عدلی العبد (2006: 99)

3- رحیمة الطیب عیساني(2008: 64)

4- جان جبران کرم (1986: 12)

(زمانی و نازمانی) ئاراستەی وەرگری دەکات. لێرەدا، بابەتی زمانیش دێتە پێشەوە، کە پەیوەندیی بە هێما (کۆد)ەوە هەیە، کۆدیش ئەو ئامرازانەیە، نێرەر بۆ گواستنەوەی پەیامەکەی هەڵیاندەبژێرێت، پێویستە ئەم کۆدانە لەنێوان خۆی و وەرگردا واتای هاوبەشیان هەبێت [1].

2- پەیام: ئەو زانیاری و بیرو بۆچوونەیە، کە نێرەر مەبەستیەتی لەڕێگەی ڕەمزەکانەوە بە وەرگری بیگەیەنێت ، واتا "ئەو ناوەڕۆك و واتایەیە، کە نێرەر دەیەوێت بیگوێزێتەوە، ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی هەیە، وەك: وشە، ئاماژە، دەنگ ..هتد"[2].

3- وەرگر: "لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا، ئەو کەسەیە، یا ئەوانەیە، کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت، بەپرِوای (دۆمینیك): ئامانجی پەیام، دوا ئامانجیەتی، وەرگر ئەشێت یەك کەس، یا چەند کەسێك، یا دامەزراوەیەك بێت، یا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی نەناسراوبن"[3]. وەرگر "پەیامەکە لە ڕێگەی یەکێك، یا هەموو هەستە جیاوازەکانی وەردەگرێت، پاشان ڕەمزەکان شیدەکاتەوە و هەوڵی تێگەیشتن لە واتاکانی دەدات" [4].

ئەرستۆ، پێشتر گرنگی بەم سێ ڕەگەزە (نێرەر و پەیام و وەرگر) داوە، بۆ ئەوەی وتار بە ئامانج بگات:

- وتاربێژ (نێرەر).
- وتار (پەیام).
- جەماوەر (وەرگر).

ئەم سێ ڕەگەزە، لە هەموو پرۆسەکانی پەیوەندییکردندا هاوبەشن، هەرچەندە لە شێواز و ڕێگەی بەکارهێنراو لە پەیوەندییکردن و ئامانج و ئەو بوارەی کاری تیادا دەکات جیاوازبن[5].

---

1- رحيمة الطيب عيساني(2008: 71)

2- دليل مهارات الاتصال (2006: 8)

3 - KAWA ABDULKAREEM RASUL(2006: 16)

4- شنە ئەبوبەکر ئەحمەد(2008: 16)

5- منال طلعت محمود(2002: 73)

4- کەناڵ: ئەو ئامرازەیە کە نێرەر پشتی پێ ئەبەستێ، لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەی. هەموو ئەو ئامرازانەی دەبنە هۆی گواستنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕپێکردنی، دەچنە ناوچوارچێوەی هۆیەکانی پەیوەندییەوە، جا ئامرازی بیستن بن وەك ڕادیۆ، یا بینراوبن وەك چاپکراو، یا بیستن و بینین بن وەك تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت[1].

دووەم: ڕەگەزە ناجێگیرەکان:

لەم ڕەگەزانەدا، بە گۆڕانی ناوەند و دەوروبەرەکە، بەشێوەی تەواو، یا نیمچە تەواو، پەیوەندییەکەش دەگۆڕێت، هاوکات لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و دەوروبەرەکە، یا هەرکاتێک گۆڕان بەسەر ڕەگەزە سەرەکییەکان (ڕەگەزە جێگیرەکان)دا بێت ئەوانیش دەگۆڕێن، ئەم ڕەگەزانە دەگرێتەوە:

1- کاردانەوە: وەڵامدانەوەی پەیامی نێرەرە لەلایەن وەرگرەوە، گەرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندییکردن و گەیشتنی مەبەستی نێرەر و پەیامەکەیەتی بە وەرگر، "دڵنیابوونە لەوەی چەند لە پەیامەکە گەیشتووە، لەو حاڵەتەدا، نێرەر تێبینی ڕازیبوون یا ڕازینەبوونی ناواخنی پەیامەکە دەکات"[2].

2- ژاوەژاو: پرۆسەی پەیوەندییکردن و گواستنەوەی پەیام، بەشیوەیەکی گشتی لە بۆشاییدا بەڕێوەناچێت، لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر بەهەر هۆکارێکی تەکنیکیی یا واتاییەوە بێت، پەیامی نێرەر وەک خۆی بە وەرگر نەگات. ژاوەژاو، بەگشتی ئەو کاریگەرییانەن، کە دەبن بەهۆی باش نەگەیشتنی پەیام، واتا بەشێک لە زانیاری و بیروراکان ون دەبن، وەک دەنگەدەنگ و ناڕوونیی پەخش و ترس و شەرم و کێشە لە ئەندامەکانی بیستن و دەرپرین..تا کەواتە ژاوەژاو ئەو کاریگەرییەیە، کە دەچێتە ناو پرۆسەی کردنەوەی کۆدکردن و هێماکردنەوە، لە ڕوونیی پەیامەکە کەم دەکاتەوە[3].

3- کاریگەری: شتێکی ڕێژەیی و ئاست جیاوازە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی تر، ئەمەش دوای وەرگرتنی پەیامی پرۆسەی پەیوەندییکردنەکە و تێگەیشتنی، کاریگەریی هۆکارەکانی پەیوەندیی جەماوەری بەشێوەیەکی گشتی بەهێواشی دەبێت و کتوپرنابێ، وەک هەندێک کەس لێی

---

1- دلیل مهارات الاتصال (2006: 9)

2- شنە ئەبوبەکر ئەحمەد(2008: 17)

3 - KAWA ABDULKAREEM RASUL(2006: 18)

تێگەیشتوون، دەشێت کاریگەری هەندێک پەیام کاتیی بێت نەک هەمیشەیی، لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی دوا ئامانجە، کە نێرەر هەوڵی بۆ ئەدات و کاری بۆ دەکات.

پرۆسەی کاریگەرییش بۆ دوو مەبەستە، یەکەم گۆڕینی بیرکردنەوە، دووەم بۆ گۆڕینی ڕەفتارە[1].

4- دەوروبەر: بریتییە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانیاری و ژینگەیی و شوێن و کات و .. تاد، کە پرۆسەی پەیوەندییکردنی تیادا سازدەکرێت و پێی کاریگەر دەبێت[2].

ئەمانە سەرەکیترین ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردنن، کە بەیەکەوە بەندن و بە نەبوون و لەناوچوونی یەکێکیان کێشە بۆ تەواوی پرۆسەکە دروست دەبێت. "پێویستە ئەو ئاماژە و هێما و ڕێسا و ڕێزمانەی نێرەر پشتیان پێ دەبەستێت، لەئاراستەکردنی پەیامدا بەتەواوی لای وەرگر ناسراوبن، ئەمەش گرنگترین مەرجی سەرکەوتنی ناردنی پەیامە، لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا[3].

## 4-1- زمان و پەیوەندیی جەماوەری:

زمان، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و گەشەی بیر و تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە، ڕاپەڕێنەری سەرەکیی کاروبارەکانی ڕۆژانەی خەڵکە. لەبەرئەوە، لەگەڵ چەندین بوار و کایەی ژیانی مرۆڤ لە پەیوەندییدایە و ڕۆڵی هەیە، وەک: زمان و ڕۆشنبیری، زمان و سیاسەت، زمان و بیر، زمان و ناسنامە، زمان و ڕاگەیاندن ... کەواتە زمان لەگشت بوار و کایە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵدا بزوێنەری سەرەکییە و ئەو ڕاستییەش

---

1- محمد جاسم فلحی الموسوی(2006: 32)

2- هێمن مجید حسن (2008: 44)

3- جان جبران كرم (1986: 13)

بەرجەستە دەبێت، کە "مرۆڤ زمانە"[1]. لەم تێگەیشتنەوە و بە سەرنجدان لە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە و "بە گەڕانەوە بۆ چۆنیەتیی تەواوبوونی پرۆسەکە، تێبینی دەکەین پەیوەندیی بەبێ زمان لەنێوان نێرەر و وەرگردا سازنابێت. هۆکارە تەکنەلۆژیەکان لەڕێی پەیامێکەوە نەبێت، ناتوانن جێبەجێی بکەن. پەیام لێرەدا هۆکارە لە پرۆسەی پەیوەندییدا. بەواتایەکی ڕوونتر، ئەو (زمانە)، کە هۆکاری سەرەکیی پەیوەندییە، بەبێ زمان پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەریی بەواتا دیارەکەی بەدی نایەت"[2]. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، زمان هۆکاری پەیوەندیی و گەیاندنە و ئامرازی بەیەک بەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵە و لەبواری جۆراوجۆردا کاردەکات، بەڵام ڕەنگە، "ڕاگەیاندن زیاتر لەهەر بوارێکی تر، پەیوەست بێت بە زمانەوە، تا ئاستی ئەو پڕوایەی، وەک چەمکێکی کلاسیکی، بریتییە لە زمان"[3]. کەواتە ڕاگەیاندن بە زمان کاردەکات و "زمان کرۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە، مەبەست لێی گەیشتنە بە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی خوێنەر، یا گوێگر، یا بینەر، پاشان کارکردنەسەر بیروباوەڕ و پێکهاتەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان"[4]. سەرەکیترین ئامرازی گواستنەوە و گۆڕینەوەی زانیاری، بیروڕا و هۆکارێکیش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندییکردن، زمانە. کەواتە "لە پرۆسەی پەیوەندییدا، بەوشێوەیە سەیری زمان دەکەین، کە گرنگترین یەکەیە لەنێو ئاماژەکاندا، یاریدەی بیرکردنەوە و گوزارشتکردن دەدات لە خود"[5].

پەیوەندییکردنی جەماوەریی، بەواتای ئاراستەکردنی هەواڵ و زانیاری و بیروڕا دێت، "بە ئامانجی کارتیکردنی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یا بەهۆکارەکانی ( Mass Media)، کە ئەو ئامرازانەن بەهۆیانەوە دەتوانرێت بیرێک، یا ڕایەک بە زۆرترین ژمارەی وەرگر بگەیەنرێت، ئەوانەی بەشوێنە دوور و جیاوازەکاندا بڵاوبوونەتەوە، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما"[6]. تەواوی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەریی بەهۆی زمانەوە بەڕێوەدەچێت، "ئاشکرایە بێ بوونی زمان، زۆر ئاستەمە هۆیەکانی

---

1- علی ناصر کنانة (2009: 49)

2- محمد جميل شلش (1986: 19)

3- علی ناصر کنانة (2009: 49)

4- ئازاد ڕەمەزان عەلی ، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس (2009: 110)

5- عبد العزيز شرف (1993: 301)

6- محمد جميل شلش (1986: 17)

ڕاگەیاندن هیچ ڕۆڵێکیان هەبێت، پێوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پێوەندییەکی ئۆرگانییە، زمان وەک خاکێکی بەپیت وایە بۆ ڕاگەیاندن. ئەو بوارەیە، کە هەموو چالاکییەکانی خۆی تێدا بەڕێوەدەبات و بەهۆیەوە بیروراکان دەگوازێتەوە، زمانیش ناتوانێ دەستبەرداری هۆیەکانی ڕاگەیاندن بێت، چونکە هەموویان ئامراز و کەرەسەی پێوەندییکردنن لەنێوان تاک و کۆمەڵدا، یارمەتی زمان دەدەن بۆ گەشەکردن"[1].

سەبارەت بە پەیوەندیی جەماوەری، (ساڵح ئەبو ئیسبەع)، دەڵێ: "ئەو پرۆسەیەیە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی جێبەجێدەبێت، لە (ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و سینەما و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن)، بەوە دەناسرێت، توانای گەیاندنی پەیامی بۆ جەماوەرێکی بەرفراوانی ئاست جیاواز هەیە، کە تاکەکانی بەلای پەیوەندیکەرەوە نەناسراون"[2].

## 1-5- ڕاگەیاندن و چەمکی ڕاگەیاندن:

یەکێک لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کاری پەیوەندییکاران دەبێتەوە، بریتییە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو زاراوەی (پەیوەندییکردن و ڕاگەیاندن)، "هەندێکجار سنووری زاراوەی ڕاگەیاندن ئەوەندە فراوان دەبێت، کە چەمکی پەیوەندییکردنیش دەگرێتەوە، هەندێکجاریش تەنیا تایبەت دەبێت بە ڕاگەیاندنەوە"[3].

لەگەڵ ئەم تێکەڵاوبوون و جیانەکردنەوەیەش، هەریەکەیان خەسڵەتی خۆی هەیە، "پەیوەندییکردن لەسەر دوو ڕەهەند کاردەکات، کە ئاوێتەی یەکترن و یەکتری تەواودەکەن، یەکێکیان ڕەهەندی وەزیفییە و خۆی لە پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و بیر و هەڵوێستەکاندا دەبینێتەوە، ئەوەی تریشیان ڕەهەندی بەستنەوە، یا ئاوێتەبییە، خۆی لە وەرگرتنەوەی کاردانەوەی ئەوانیتردا دەبینێتەوە، کە (بەبێ ئەم ڕەهەندە، بازنەی پەیوەندییکردن تەواو نابێت)، بەڵام ڕاگەیاندن، ئەم ڕەهەندی بەستنەوەیە لەخۆناگرێت، زۆر بەدەگمەن نەبێت، مەرج نییە بۆ تەواوبوونی کارەکەی،

---

1- ئازاد ڕەمەزان عەلی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس (2009: 110)

2- رحيمة الطيب عيساني(2008: 54)

3- عماد حسن مكاوى و عاطف عدلى العبد (2006: 8)

بەزۆری تەنیا لەسەر ڕەهەندی گواستنەوە کار بکات"[1].ڕاگەیاندن، بەشێکە لە پەیوەندییکردن، ئەوەی دووەم گشتیترە، "ڕاگەیاندن ئەو پرۆسەیەیە، کە بەدەستکەوتنی زانیارییەکی گرنگ لەلایەن هەواڵنێرەوە دەست پێ دەکات، کە شایەنی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەیە"[2].

"ڕاگەیاندن، پێش هەر شتێک، سازدانی پەیوەندییە، کە تاکێک (یان گروپێک)، پەیامێکی هەیە و دەیەوێت بیگەیەنێت بە یەکێکی تر (یان گروپێک)، ئەویش وەری دەگرێت"[3]. یا ئەو پەیوەندییەیە، ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکرێت، بە جیاوازییەکانییەوە، لە ئاستی ڕۆشنبیریی و بیروبۆچوونەوە. "ڕاگەیاندنی جەماوەری، پێویستیی بە گوێزەرەوەیەکی ناوەندگیرە بۆ زانیاریەکان، یا بە هۆکارێکی ڕاگەیاندنی وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و فیلم و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کتێب هەیە. کەواتە، پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە بنەڕەتدا پەیامن، لەڕێی هۆکارێکی ڕاگەیاندنەوە دەگاتە خەڵکێکی زۆرەوە"[4].

ئەو ڕێگایەیە، کە دەشێت بیرورا، بەهۆیەوە بگات بە چەندین وەرگر، هەر هۆیەکیش جۆرێکی تایبەتی پەیامی پێ دەگوێزرێتەوە، کە لەوانی تر جیایە، خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا زمانە، ئامانجەکەشی بریتییە لە ڕۆشنبیرکردن، یا هەواڵ پێدان، یا کات بەسەربردن. "ڕاگەیاندن شێوەیەکە، لە شێوەکانی پەیوەندیی جەماوەریی، کە پروپاگەندە و ڕیکلام و فێرکردن و پەیوەندییە گشتییەکان و چێژی هونەری دەگرێتەوە، سەرەڕای ڕاگەیاندن. چەند هۆیەک هەیە، کە لە ڕێیانەوە دەگات بە جەماوەر، لەو هۆیانەش: ڕۆژنامە و چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما، هەر هۆیەکیش تایبەتمەندیی و خەسڵەتی خۆی هەیە"[5]. لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن (نێرەر، وەرگر و کەناڵ)، کەناڵ، ئەو هۆکارەیە، کە زانیاری یا بیرورا یا هەواڵەکەی پێ بڵاودەکرێتەوە. کەواتە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی ڕاگەیاندن بکەین، بریتییە لە گەیاندنی پەیام (هەواڵ و زانیاری و ڕاستییەکان)، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، لە ڕێگەی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

---

1- هێمن مجید حسن (2008: 38)

2- محمد جاسم فلحی الموسوی(2006: 3)

3- جان جبران کرم (1986: 12)

4- جون ر. بيتنير (1986: 18)

5- عبدالعزيز شرف (1987: 31)

## 1-5-1- ئەرکەکانی ڕاگەیاندن:

زۆربەی توێژینەوەکان، لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1- هەواڵگەیاندن: واتا گواستنەوە و بەدواداچوونی ڕووداو و بابەتە گرنگەکان، لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، ڕەنگدانەوەیان بەسەر کۆمەڵگاوە، ئەمەش وەک بەشێک لە خواستە سروشتییەکانی مرۆڤ، بۆ تێگەیشتن و ناسینی دەوروبەرەکەی و زانینی ئەو شتانەی لەدەوروبەری ڕوودەدەن.

2- دیموکراتی: یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دیموکراتییە، ئەویش بە پیوەری وڵاتان خۆیان، کە بازنەی بەرپرسیارێتی تاک فراوان دەکات، لە دروستکردنی بڕیار و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و گۆڕینەوەی بیرورا و بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکان.

3- ڕۆشنبیرکردن: مەبەست لێی زیادکردنی ڕۆشنبیریی تاکە، لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە خۆی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی داهێنەران دەبینێتەوە.

4- کات بەسەربردن: پەخشکردنی بابەت و پرۆگرامی کۆمیدیی و خەندەئامێز، بەشێک لە کاتە زیادەکانی جەماوەر پردەکەنەوە، بە مەبەستی بەخشینی ئاسوودەیی پێیان.

5- بونیادی کۆمەڵایەتی: هاوشانی دامەزراوەکانی تری وەک (خێزان و قوتابخانە)، لە گەشەپێدانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەبینن، بەهۆی ئەو بابەت و بەرنامانەی بڵاویدەکەنەوە و پەیوەندییان بە تاکەکانی کۆمەڵ و کەسایەتییەکانەوە هەیە.

6- ڕیکلام و پروپاگەندە: ڕاگەیاندنەکان، ڕیکلام بۆ کاڵا و شتومەکە نوێیەکان دەکەن، کە گرنگن بەلای هاوڵاتیانەوە، ڕۆڵێکی دیار لە بواری کار و بازرگانیدا دەبینن، کاتێک بانگەشە بۆ دەرفەتی کار دەکەن و بانگەوازی داشکاندن و زیادکردنی ئاشکرا بڵاودەکەنەوە.

ئەمانە لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕاگەیاندنن، لەگەڵ ئەمەشدا، چەندین ئەرکی تری هەیە، کە هەندێکجار ڕاگەیاندن ڕۆڵی مامۆستا و بەخێوکەریش دەبینێت.

## 1-5-3- **هۆیەکانی ڕاگەیاندن**:

لەڕووی شێوازی گەیاندنی پەیامەوە بە وەرگر، دابەش دەکرێن بۆ سەر سێ جۆر، هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی:

1- ڕاگەیاندنی نووسراو، یا چاپکراو (خوێنراو): "ئەو هۆکارانەن، کە وشەی نووسراو بۆ وەرگر دەگوێزنەوە، بە کۆنترین هۆکاری پەیوەندیی جەماوەریی دادەنرێن، کە تا ئێستا پارێزگارییان لە مانەوەی خۆیان کردووە"[1]. هەموو ئەو چاپکراوانە دەگرێتەوە، کە لە ماوەیەکی دیاریکراو، یا دیاری نەکراودا دەردەچن و ناونیشانێکیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە و گۆڤار دەگرێتەوە.

2- ڕاگەیاندنی بیستراو: ئەو هۆکارەیە، پشت بە دەربڕینی وتەیی دەبەستێت، وەک ڕادیۆ، ئەمەش کردوویەتی بە گرنگترین هۆکاری پەیوەندیی جەماوەریی، گرنگترین خەسڵەتی ئەوەیە، بەربەستی نەخوێندەواری بەزاندووە، کە ڕاگەیاندنی چاپکراو نەیتوانی تێیپەڕێنێت، وەرگر تەنیا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە پەیامەکەی پێدەگات. ئەمە جگە لەوەی، دەتوانێت ڕووبەرێکی فراوان بگرێتەوە و سنوورەکان ببەزێنێت. پەیامەکان بەدەنگ ئاراستە دەکرێن، بێژەر بە گوێرەی ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکە یاری بە ئاواز و تۆن و هێزی سەر وشە و ڕستەکان دەکات، لەو ڕێگەیەوە کاریگەری دروست دەکات.

3- ڕاگەیاندنی بینراو: لە بنەڕەتدا ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە بۆ گەیاندنی پەیام پشت بە دەنگ و وێنە و نووسین دەبەستن (واتا بینراو و بیستراو و خوێنراو لەیەک کاتدا)، وەک: تەلەڤزیۆن و سینەما و ئینتەرنێت.

## 1-6- **زمانی ڕاگەیاندن**:

### 1-6-1-**چەمک و پێناسەی زمانی ڕاگەیاندن**:

زمان، سیستمێکە لە هێما و ئاماژە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەموو سەردەمێکدا، هاوشانی کۆمەڵ و خەڵک بەردەوام بووە، لە پێشکەوتن و گۆرانکارییەکان لێی دانەبڕاوە، "پێبەپێ لەگەڵ کۆمەڵدا بووە، لە ڕێچکە مێژووییە

---

1- هێمن مجید حسن (2008: 82)

یەکبەدوایەکەکاندا گۆڕانی حەتمیی بەسەرداهاتووە، دەیکات بە ئامرازێکی ڕاستگۆی گوزارشتکردن بە وتە و هێما و ئاماژە"[1].

هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵ و مرۆڤدا هاتوون، کاریگەرییان لەسەری هەبووە، چونکە "زمان ئەنسترۆمینتێکە، کە لە سەرتاپایدا، واتە لەهەموو ئاستەکانیدا، ئیش بە یاسا و نیزام دەکات، کە لە ئەنجامی دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی دوور و درێژی پراکتیکیی و کۆنکرێتی ژیانەوە هەڵهێنجراون و کەڵەکەبوون و بە ئەبستراکت لە عەقل و هۆشی مرۆڤدا، پارێزراون و بە پەیڕەوی و حوکمکردنی ئەوان، زمان بەڕێوەدەچێت"[2].

"ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان چەقبەستن و بە بەردبوون نازانێت. توانای کارکردنی تەواوی هەیە، ناوەستێت و لە ڕووی شێوە و پێکهاتەوە دەگۆڕێت، پیتەکانی و دەنگەکانی، یا ڕێژە و پێکهاتەکانیان، یا لەڕووی واتاوە دەگۆڕێن، وشەیەک واتاکەی دەگۆڕێت بە واتایەکی تر، یا واتایەکی نوێ بۆ واتاکەی زیاد دەبێت، بەبێ ئەوەی واتاکەی تر لەدەستبدات"[3]. زمان و گەشەکردن، هەر لەدێر زەمانەوە دووانەیەکی پەیوەستن بەیەکەوە. زمان لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەو ئامرازەیە، کە ڕاگەیاندنکاران لە ڕێگەیەوە هەواڵ و زانیارییەکانیان دەکەن بە ماددەی خوێنراو و بیستراو و بینراو، وەك پەیامێك ئاراستەی وەرگری دەکەن. پرۆسەی نووسین بۆ ڕاگەیاندن، لەو زانیارییانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە نووسەر لەڕێگەی ڕێزمانی بنەڕەتیی زمانەکەیەوە، بە ڕێنووس و دانەی زمانیی ورد دایدەڕێژێت، کە دەربڕی گوزارشتەکان بن. پاشان بونیادنانی ڕستە لە وشەکان و لەڕستەکانیش پەرەگراف و لە پەرەگرافەکانیش بابەتی ڕاگەیاندن، کۆی ئەو پرۆسەیە بە پەیڕەوکردنی ڕێزمان و یاسا زمانییەکان باشتر دەگەنە ئامانج.

زمانی ڕاگەیاندن ئەو زمانەیە، کە ڕاگەیاندنکاران لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاری دێنن، ئینجا بەنووسین بێت بۆ ڕۆژنامە، یا بە دەنگ لە ڕادیۆ، یا دەنگ و وێنە لە تەلەڤزیۆن، "ڕاگەیاندنکاران، بەتایبەتی ئەوانەی دەزگاکەیان ڕۆژانەیە، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بزاڤی زمانەوانی پەیدادەکەن و هەموو ڕۆژێک ئەو بزاڤە

---

1- عبدالعزيز شرف (...: 28)

2- فاروق عومەر سديق (2011: 65)

3- عبدالعزيز شرف (...: 28)

هەنگاوێک دەبەنە پێشەوە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ڕۆژانە ڕووداوی نوێ و هەواڵی نوێ و تەکنیکی نوێ دەهێننەکایەوە. واتە ڕاگەیاندنکاران دەبێت زمانی خۆیان بلوێنن و بسازێنن، لەگەڵ کاروانی بەرەوپێشڤەچوون و پێشکەوتنی جیهاندا، ئەو جیهانەی هەردەم لە گۆڕاندایە و هەردەم زمانی ڕاگەیاندنکاران زیاتر دەکاتەوە"[1]. لێرەشەوە بەو ڕاستییە دەگەین، کە "زمانی ڕاگەیاندن وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمەکەیەتی، یەکێک لە پێویستییەکانیشی خێراییە"[2]، هەروەها دەرپڕی ئەو سەردەم و بارودۆخەیە، کە کۆمەڵ تیایدا دەژی.

"تایبەتمەندیی گرنگی زمانی ڕاگەیاندن، نزیکییەتی لە زمانی گفتوگۆ. زمانی زیندووی ئەمڕۆیە، وەرگرەکانی ئەم زمانە خەڵکی گشتین و تەنیا بەو زمانە دەتوانن پەیوەندییەکی گیانی و لە ناخەوە لەگەڵ یەکتر ببەستن"[3].

نووسین و گوزارشتکردن، (بە دەرکەوتنی شێوەی جیاوازی نووسین و گوزارشتکردن، وەک: ئەدەبی و زانستی و پاشانیش ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی) چەند ئاستێکی هەیە، بەگوێرەی کات و شوێن، بابەت، قسەکەر و گوێگر. هەروەها جۆری گوزارشتکردن، لە زارەکی و نووسینەوە، قسەکردنەکە، یا پەیوەندییکردنەکە، بۆ سێ ئاست دابەشدەکرێت:

1- شێوازی هونەری / ئەدەبی: بە ئاستی نووسینی ئەدەبی ناودەبرێت، کە نووسەران و شاعیران بەکاریدێنن، هەوڵدەدەن لەڕێگەیەوە گوزارشت لە هەست و سۆز و ئەزموونی مرۆیی خۆیان بکەن، سۆز و خەیاڵ خەسڵەتی ئەم ئاستەیە.

2- شێوازی زانستی: بەوە دەناسرێتەوە، کە زاناکان لە ڕاستییە زانستییە جیاوازەکاندا گوزارشتی پێدەکەن، زمانێکی ڕوونی هەیە و دەرپڕاوەکان لەئاست واتاکانیاندان و تەرکیز لەسەر ڕاستییە عەقلانییەکان دەکات.

3- شێوازی کردارییی کۆمەڵایەتی: لە بواری میدیادا بەکاردێت، بەو پێیەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی پیشەی تەواو کۆمەڵایەتین و پەیوەندیەکی

---

1- شێرکۆ بابان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی (2002: 303)

2- نبیل حداد (2002: 43)

3- زبان و رسانه، احمد سمعی – گیلانی (1384: 366)

بەتینیان بە چالاکییە مرۆییەکانەوە هەیە، زمانێکە لە ژیانی کرداریی کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرێت، بەهۆیەوە ڕاگەیاندنکاران هەواڵ و زانیاری و ڕاستیەکان ئاراستەی جەماوەر دەکەن، ئەو زمانەی لەو بوارەدا بەکاردێت، پێویستە بەلای زۆرینەی خوێنەران و بیسەرانەوە ڕوون بێت. (مالینۆفسکی) پێیوایە، زمانی ڕاگەیاندن "لە ئاستی زانستیی کۆمەڵایەتی نزیکدەبێتەوە، چونکە شیوازێکە لە شیوازەکانی ڕەوشتی مرۆیی و تەنیا ئەرکێکی ناوەندیی نابینێت، بەڵکو ڕۆڵێکی ئەرکیی تایبەت بەخۆی هەیە"[1].

"هەرکاتێك زمان ئەرکێکی تری بۆسەر ئەرکە سەرەکییەکانی زیادکرد، جۆرێکی دیاریکراو و جیا لە گوزارشت، یا دەربڕینی پێدەبەخشێت، وەك داڕشتنی زانستی، فەلسەفی، ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی"[2]، تا بتوانێت بەباشترین شێوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. "ڕۆژنامەوانان لەکۆندا، نەیاندەزانی چۆن جیاوازیی، لەنێوان ئەو زمانەی لە ئەدەبدا بەکاردێت و ئەو زمانەی لە ڕاگەیاندندا بەکاردێت بکەن، پاشان زۆر زوو ڕۆژنامەوانیی بووە پیشەیەك وەک هەر پیشەیەکی تر، لەوکاتەوە ڕۆژنامەوانی وردە وردە لە ئەدەب جیابووەوە و بوو بە هونەرێکی سەربەخۆ، کە خاوەن زمانی سەربەخۆی خۆی بێت، تا وای لێهات ئەم هونەرە نوێیە بنەما و ڕێزمانی خۆی هەبێت"[3]. سەبارەت بە زمانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی بە ئاستەکانی تری زمانەوە، (عەبدولعەزیز شەرەف)، دەڵێت: "مەبەست لە زمانی ڕاگەیاندن ئەو زمانە نیە، کە وەسفی زمانە ئەدەبیەکەی لە چێژی هونەری و ستاتیکایی پێدەکرێت، یا زمانە زانستیەکەی پێ وەسف دەکرێت، بەڵکو ئەو زمانەیە، کە لەسەر مۆرکێکی کرداریی کۆمەڵایەتی ئاسایی بونیادنراوە، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاگەیاندندا بەکاردێت"[4].

---

**1-** بڕوانە: **عبدالعزيز شرف (...: 107)**

**2- جان جبران كرم (1986: 22)**

**3- عبداللطيف حمزة( ...: 6 )**

**4- عبدالستار جواد (1998: 3-4)**

کەواتە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن زۆر بەهێزە، "بە وردبوونەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن، زمان یەکێک نییە لە هۆکارەکانی پەیوەندیی (ڕاگەیاندن)، بەڵکو پەیوەندیی یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان"[1].

بەگوێرەی خەسڵەت و جۆری هۆکارەکان، زمان بە دوو شێوە بەکاردێت، ئەوانیش:

1- نووسین: لە بواری ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بەکاردێت.

2- قسەکردن: لە بواری پەخش (رادیۆ و تەلەڤزیۆن)دا بەکاردێت.

"نووسین هۆکارە ... پەیام لە نووسینی ڕاگەیاندندا، هونەری جێبەجێکردنی دەربڕینی گونجاوە بۆ بابەت و بار و ڕەگەزی ڕاگەیاندن، لەسەر پێویستییەکانی خوێنەر و گوێگر و بینەر. نووسین لەهەر یەکێک لە هۆیەکان، پەیڕەوی سروشتی ڕەگەزەکەی دەکات، کە زمان و شێوازی ڕەوانبێژیی خۆی هەڵدەبژێرێت"[2]، چونکە هەر یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بە گوێرەی تایبەتمەندییەکەی زمانی تایبەتی خۆی هەیە، هەریەکەیان بۆ هەستێکی دیاریکراو، لە باشترین دۆخیشدا، بۆ دوو یا سێ هەست لەیەک کاتدا دەنووسرێن و کاریگەریشیان لەیەکتری جیایە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆ هەریەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بنووسرێت، ئەوا "زمان ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ڕاگەیاندن بە هۆکار و شێوازە نوێکانییەوە، تەنیا بۆ گوزارشتکردن ڕۆڵی زمانی لە هزرەکان بەهێزتر نەکرد، بەڵکو بۆ گەشەی هزریش"[3]. ئەمەش بەسە، بۆ ئەوەی لەو ڕۆڵ و کاریگەرییە بگەین، کە زمان و ڕاگەیاندن لەسەریەکتری هەیانە و دەیانبێت. بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و گەشەیەی ژیان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، بۆیە ڕاگەیاندنکاران زۆرباش درک بەو ڕاستییە دەکەن، کە دەبێت ڕاگەیاندن زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت، "چونکە زمانی ڕاگەیاندن، لە هەموو ئاستەکانی تر زیاتر تێکەڵی ژیانی گشتییە و دەبێت نووسەرانی ڕاگەیاندن ئەو دەربڕینانەی بە وەرگیراو ناو دەبرێن، بهێننە ناوەوە، ئەوان بە پێویستی دەزانن چۆن فریای پێشکەوتنە

---


1- محمود خليل و محمد منصور هيبة (2002: 33)

2- عبدالعزيز شرف (2000: 19)

3- عبدالستار جواد (1998: 4)

کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فیکرییە نوێیەکان بکەون، کە بە تەوەرە سەرەکییەکانی گرنگیپێدانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن"[1].

(حەسەن خجستە)، لە وتارێکدا، لە کتێبی (زبان و ڕسانە)دا[2]، ئاماژە بەسێ هۆکار دەکات، کە کاریگەرییان بەسەر ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکانەوە هەیە، بریتین لە: 1) جۆر و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن. 2) ڕێزمان و تایبەتمەندیی زمانی. 3) وەرگر.




1- جۆر و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن: ئایا ئەو دەقەی بۆ گۆڤار، یا بۆ کتێب، یا ڕۆژنامە دەنوسرێت، وەک ئەو دەقەیە کە بۆ ڕاگەیاندنی بینراو، یا بیستراو دەنوسرێت؟ ئایا دەقی ڕاگەیاندنی بینراو لە دەقی ڕاگەیاندنی بیستراو جیاوازە؟ بێگومان وەڵامەکان ڕوون و ئاشکران، چونکە هەر جۆرە ڕاگەیاندنێك دەقی تایبەت بەخۆی هەیە.

2- ڕێزمان و تایبەتمەندیی زمانی: ئەم ڕێسا و تایبەتمەندییە، فۆرم و واتا و چەمکی ڕستەکان و وشەکانە، ئێمە بەسود وەرگرتن لە وشە و ڕێزمان دەتوانین واتا دروست بکەین، بە جێگۆڕکێی وشەکان لە ڕستەدا واتای نوێ بەرهەمدێت، تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە واتای ناکۆك و جیاوازی لێبکەوێتەوە. بۆیە ڕێزمان و ڕەگەزە زمانییەکان گوشار دەخەنە سەر نووسەران و بێژەران، تا

---

1- هادی نعمان الهیتی (2006: 65-66)

2- زبان و رسانە- حسن خجستە (1384: 178)

بایەخ بە زمانەوانی بدەن. لە شرۆڤەی زمانەوانییدا، دەق بە کۆمەڵێك وشە و ڕستەی واتادار دەوترێ، کە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراون.

3- وەرگر: کۆمەڵە کەسانێکی پەرش و بڵاو و نەناسراون، لە گروپ و توێژ و تەمەنە جیاجیاکانی کۆمەڵ. ئەو گروپانە لە بواری کۆمەڵایەتییدا جیاوازن، سەرباری ئەوەش لەیەك خاڵدا هاوبەش، ئەویش پەیوەندیی دروستکردنە لەگەڵ بەرنامەکاندا.

## 1-6-2- گرنگترین خەسڵەتە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن:

بەدەر لە سروشت و خەسڵەتی هەر یەکێك لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندیی و پێویستییان بە زمانێك هەیە، لەگەڵ خۆیان بگونجێت، کە بتوانێت بەباشترین شێوە گوزارشت لە بیرەکان بکات و پەیامەکە بگەیەنێت، چەند خەسڵەتێکی گشتی هەن، پێویستە لە زمانی ڕاگەیاندندا هەبێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- ڕوونی و سادەیی: لە دیارترین سیماکانیەتی، ئەمەش بۆ سروشتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندیی جەماوەرەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر لە هۆکارەکانی بیستن و بینیندا وشە و ڕستەکان ڕوون نەبن، بیسەر و بینەر لە پەیامی نێرەر تێناگات، دەرفەتی ئەوەیان نییە جارێکی تر بیبیستنەوە، یا دووبارە پێیداندابچنەوە، تا لە ناوەڕۆکەکە دڵنیابن، "بۆ زۆربەی بیسەران، ئەم گوێگرتنە دواجارە، ئەوەی بە خراپی ببیسترێت، یا تێی نەگات، ئیتر دەڕوات"[1]. بۆیە پێویستە وشە و زاراوە و ڕستەکان ڕوونبن، تا ئامانجی خۆیان بپێکن، پێکهاتەی جەماوەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی ڕۆشنبیریی جۆراوجۆردان. وتەیەکی باو هەیە دەڵێ: "سادەیی هەنگاوێکی کاریگەرە بەرەو ڕوونبێژی"[2]، چونکە لە سادەییدا مەبەستەکە ڕوونتر دەبێتەوە. "بۆئەوەی زمانی ڕوون و پوختیی زمان تێکەڵاوی یەکتر نەبن، ئەو وتەیە دەهێنینەوە، کە دەڵێ مەرجی سەرەکی نووسینی ڕۆژنامەنووسیی، زانینی نووسینە

---

1- ت. ی. هاردینغ (2006: 8)

2- عبدالستار جواد (1998: 16)

بەشێوەیەکی دروست، واتە زانینی ڕێساکانی زمان بەهەموو لایەنەکانیەوە"[1].
لەوبارەیەوە (ئەنیشتاین) دەڵێ: "بیرۆکە هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر بەشێوەیەک دەرنەبڕرێت، کە ئەوانی تر لێی تێبگەن"[2].

2- سەردەمییانە: پێویستە وشە و ڕستەو گوزارشتە زمانیەکان سەردەمیانەبن، ڕستەی درێژ و وشەی بیانی گران و ناباو و ڕستەی ئاڵۆز و ناسەردەمییانە، زۆر لەبارنین بۆ زمانی ڕاگەیاندن، مەگەر لە بابەتی زۆر دیاریکراو و باری سنووردارداپێت. زمانی ڕاگەیاندن، بەرجەستەی زمانی ئەو ڕۆژگارە دەکات، کە ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن.

3- گونجاوی: بەو واتایەی زمانەکە لەگەڵ هۆکاری ڕاگەیاندنەکە و جەماوەرەکەی بگونجێت، بۆنموونە: زمانی ڕادیۆ بەسروشت وەسفییە و ئاراستەی هەستی بیستن دەکرێت، بۆیە دەبێت وشەکانی بۆ گوێ بنووسرێن، نەک بۆ چاو، وەک لە ڕۆژنامەدا بەکاردێت، کە خوێندەوارن و لە توێژی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری جیاوازن.

4- سەرنجڕاکێشی: وشەکان بەشێوازێکی زیندوو و سەرنجراکیش، ئاسان گوزارشت لە بابەتەکان بکەن و بیانگێڕنەوە و ڕوونیان بکەنەوە، گیان بە بەر ڕووداوەکەدا بکەن، چونکە کەس نییە حەزبکات بابەتێک بخوێنێتەوە، یا گوێی لێبگرێت، یا ببینێت، بەزمانێکی وشکی دوور لە سەرنجڕاکێشان و هەست بزوێن داڕێژرابێت. سەبارەت بە سەرنجڕاکیشان و گرنگیەکەی، (لیو تۆڵستۆی)، لە بارەی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)یەوە، دەڵێ: "(من ڕووداوەکە ناگێڕمەوە، بەڵکو دەیخەمە ڕوو و شرۆڤەی دەکەم، وادەکەم کەسانی ناو بابەتەکە، قسەم لەگەڵدا بکەن)، بۆیە پێویستە راگەیاندنکار ڕووداو، یا بابەت بخاتە ناو چوارچێوەیەکی زیندووەوە، هەوڵی ئەوە بدات جووڵە بخاتە ناو هەموو ڕەگەزەکانی زمان و بە شێوەیەکی وا بیخاتە ڕوو، وەرگر وا هەست بکات، کە ڕووداوەکە بەچاو دەبینێ و بەهەموو هەستەکانی درکی پێبکات"[3].

---

1- سامی زوبیان (2008: 346)

2- اسماعيل الامين (2009: 19)

3- ئازاد ڕەمەزان عەلی (2005: 33)

5- ئیکۆنۆمی (ئابووریيکردن): ئەم خەسڵەتە پەیوەندیی بە سروشتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەرەکەیەوە هەیە، کە توانای بەردەوامیی و چاوەڕوانیی زۆریان نییە، چونکە قەبارەی لاپەڕەی ڕۆژنامە هەرچەندێک بێت، ژمارەی لاپەڕەکانی دیاریکراوە و دەبێت ئەوەندەی بۆ بنووسرێت، ماوەی پرۆگرامیک هەرچەندێک بێت، بابەتەکان لەوە زۆرترن، بۆیە پێویستە بەکورتی دەرببڕرێن و ئیکۆنۆمی لە بەکارهێنانی وشە و ڕستەکاندا بکرێت. "لێرەشەوە گوزارشتی فشار خستنەسەر ڕستەکان و ڕزگاربوون لە گوزرشتە زیادەکان، بەواتای ئیکۆنۆمیی کردن هاتەکایەوە، پرۆسەی پاشەکەوتکردنی وشە بوو بەڕەگەزێکی سەرەکی، بەڵکو ئەرکی یەکەمی هونەری نووسینە"[1]. هەربۆیەشە "کورتکردنەوە و ئیکۆنۆمی لە وشە و ئاخاوتندا وایکردووە، کە هەوڵ بدەین وشەی زیاد و ناپێویست بەکارنەهێنین"[2].

لە زمانی ڕاگەیاندندا، ئیکۆنۆمی بۆ کەمیی کات و ڕووبەر و پاشەکەوتکردنی وزە دەگەڕێتەوە.

6- نەرمیی: مەبەست لێی، زمانێکە توانای گوزارشتکردن و جوڵەی بۆ گشت بابەتێک هەبێت، بە نەرمیی و بۆ هەموو ئاستە جۆراوجۆرەکانی جەماوەر، دەبێت زمانێک بێت، بشێت بۆ زۆرترین جۆری بابەت.

7- فراوانیی: دەبێت ژمارەی دانە واتاییەکانی زۆر و فراوان بن، تا لەئاست پێویستییە جۆراوجۆرەکانیدابێت، زمانی ڕاگەیاندن ڕۆژانە لە فراوانبووندایە، لەبەرئەوەی بەردەوام لەگەڵ بوارە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی خۆیدا لە پەیوەندییدایە و ڕۆژانە پێویستی بە وەرگێران و وەرگرتنی زاراوە هەیە، کە کاردەکاتە سەر قەبارەی زمانی گشتی و فراوانی دەکات.

8- شیاوی گەشەکردن: ئەمەش خەسڵەتێکی پەیوەستە بە ڕاگەیاندنەوە، هەمیشە لە گەشەکردندایە، زمانی دە ساڵ لەمەوپێش وەک بیست ساڵ پێشترنییە، ئەو زمانەی ئێستاش لە ڕاگەیاندندا بەکاردێت، وەک ئەوەی پێنج ساڵ لەمەوپێش نییە، بێگومان هەرچەند کەموکوریش هەبێت، بەڵام توانای گوزارشتکردن و سەرنجڕاکێشانی زۆر لە جاران زیاترە. بەشێکی گەشەکردنی

---

1- نبیل حداد (2002: 43)

2- دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (2010: 20)

زمانی ڕاگەیاندن بۆ وردی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە، ڕاگەیاندنکاران لە بایەخ و گرنگیی گەشەپێدان و پەرەپێدانی گەنجینەی وشە و زاراوە و دەستەواژە تێدەگەن، کە چەند بەسوودە بۆیان.

لەگەڵ هەموو ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە، (فیلیپ گایار) پێیوایە کە، "خەسڵەتی سەرەکی نووسینی ڕۆژنامەوانی دروستیی زمانە، هەندێک نیشانەکانی ئەمانەن: ڕێنووسێکی دروست، زانینی پراکتیزەکردنی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی)، هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و خاڵبەندیی گونجاو"[1].

## 1-6-3- سەرچاوەکانی زمانی ڕاگەیاندن:

ئەو گونجان و نەرمییەی لە زمانی ڕاگەیاندندا هەیە، بۆ زۆریی سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە و بوونەتە هۆی نەرمیی لە گوزارشت و وردیی لە دەربڕین و هەمەڕەنگیی لە نواندندا، ئەمانەش یارمەتیانداوە، بۆئەوەی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بێت، وەک خەسڵەتێکی سەرەکیی زمانی ڕاگەیاندن.

بەشێوەیەکی گشتی، سێ سەرچاوەی سەرەکی بەیەکەوە بەشدارن لە ڕەخساندن و گەشەکردنی[2]:

1- زمانی ستاندارد: زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو زارێکی زمانێکە، بەهۆی هۆکارێکەوە، یا چەند هۆکارێک، تایبەتمەندی وەردەگرێت و دەبێت بە ستاندار "دەتوانین بە زمانێک بڵێین ستاندارد، ئەگەر ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت:

ا- هەڵبژاردنی شێوەیەک، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکە وەک بنەڕەت، وەک نۆرم.

ب- کۆداندن (بە کۆدکردنی) ئەو شێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە جیاوازییەکان لە پلەی هەرە کەمتریندابن.

ج- فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارە زانستی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکییەکاندا بخرێتەگەڕ.

---

1- جان جبران كرم (1986: 87)

2- . عبدالستار جواد (1998: 16)

د- قەبوڵکردن لەلایەن کۆمەڵەوە، واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن قبوڵی بکەن و بەکاری ببەن"[1].

توێژەرانی نووسین بۆ ڕاگەیاندن، ئامۆژگاریی ڕاگەیاندنکاران و نووسەران دەکەن، زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی زمانی ستاندارد نەکەن، چونکە خۆبەستنەوەی زۆر بە زمانی ستاندارد دوچاری لێڵیی واتاییان دەکات، کە لەگەڵ خەسڵەتەکانی زمانی ڕاگەیاندندا ناگونجێ.

2- زمانی گشتی: مەبەست لێی، ئەو زمانەیە، یا هەموو ئەو دیالێکت و زار و شیوەزارانەی زمانێکی دیاریکراوە، کە هەموو خەڵك بەکاری دێنن. ئەم زمانە تایبەت نییە بە خاوەن پیشەیەکی دیاریکراو، یا بوارێك لەبوارەکانی زانیاری، کە لەناویدا دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان هەن. "هەندێک پێیان وایە، زمانی گشتی زمانێکی هەژارە لە ڕووی وشە و بنەما و پیکهاتە و شێوازییەوە، بەکەڵکی ئەوە نایەت، ببێتە زمانی زانست، یا هونەر، یا ئەدەب، ئەو شتەی ئەو زمانە جێبەجێی دەکات، تەنها کاروباری ڕۆژانەیە. زمانی گشتی زمانی بازاڕ و شەقام و ماڵە"[2]، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنکاران ، لە باری زۆر پێویستدا نەبێت پشتی پێنەبەستن.

3- وەرگێران: لەم سەردەمەدا، کە هۆیەکانی پەیوەندیی بەسەر سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیاندا زاڵن ، تێکەڵاوبوونی نەتەوە و زمانەکان، لە دنیای ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا و سەتەلایتدا، وەرگرتن و وەرگێرانی زاراوە و گوزارشت، بوون بە ڕاستییەک، ناکرێت فەرامۆش بکرێن. بەمەش وەرگێران بووە بە پێویستییەکی ژیانی هاوچەرخ، پشتگوێخستنی زانست و تەکنەلۆژیا و ئەو وشە و زاراوانەی لەگەڵ خۆیاندا ئەیهێنن، بە واتای داپڕان و پاشکەوتن لە شارستانییەت و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دێت. (ڕۆمان جاکۆپسۆن) سێ جۆرە وەرگێران دەستنیشان دەکات[3]:

1- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان لە زمانێکدا، بە نیشانەی دیکە لە هەمان زماندا.

---

**1- فەرهاد شاکەلی (2011: 103)**

**2- ئازاد ڕەمەزان عەلی (2005: 40)**

**3-بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (46)**

2- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمانیی زمانێک بە نیشانەکانی زمانێکی دیکە.

3- گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەی نازمانی، وەک بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگ و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، بۆ دەربڕینی واتایەکی تایبەت.

### 1-6-4- ئەرکەکانی زمانی ڕاگەیاندن:

لەگەڵ بوونی هەر جیاوازییەک، لەنێوان زمان و نووسیندا بۆ هەر یەکێک لە هۆیەکان، هەموو ئەرکەکانیان لە ژێرناوی پەیوەندییدا کۆدەبنەوە، کە ئەرکی یەکەمی ڕاگەیاندنە، سەبارەت بە ئەرکەکان، (عەبدولعەزیز شەرەف)، دەڵێ: "زمانی ڕاگەیاندن، زمانی هونەری پراکتیکییە، نەک هونەرێکی ئەبستراکت، هونەری پراکتیکی خۆی مەبەست نییە، بەڵکو هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو دەدات، ئەرکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات.

زمانی ڕاگەیاندن، پەیوەستە بە شەش ئەرکی سەرەکییەوە: هەواڵ یا ڕاگەیاندن، ڕوونکردنەوە یا شیکردنەوە، ئاراستەکردن، یا ڕێنماییکردن، کات بەسەربردن یا چێژبەخشین، خستنەبازاڕ یا ڕیکلام، لەگەڵ فێرکردن و پەروەردەی کۆمەڵایەتی"[1].

### 1-6-5- کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زمان:

ڕاگەیاندن، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لەپێش هەمووشیانەوە بەسەر زمانەوە، چونکە دەچێتە ناو هەموو ماڵێکەوە و بەئاسانی کار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگر دەکات.

پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن، بەیەکسانی و بەهێڵێکی تەریب ناڕوات، هەردوو لایەنەکە مەرج نییە بەهەمان پلە کار لەیەکتربکەن، چونکە ڕاگەیاندن لایەنی بەهێزترە، بۆیە کاریگەریی بەسەر زمانەوە لەئاستێکی بەرزدایە، بەراورد بە کارلێکی زمان بەسەر ڕاگەیاندنەوە، بەشێوەیەک دەگاتە ئاستی زیان پێ گەیاندنی، "زۆر بەکەمی زمان خۆی دەسەپێنێت بەسەر ڕاگەیاندندا، بەڵکو ئەو باڵدەکێشێت بەسەر زماندا، هەڵدەکوتێتە سەری و زاڵدەبێت بەسەر پێکهاتەکانیدا، دەکەوێتەبەر هەڕەشەکانی و دەچێتە ژێر ئیرادەیەوە، خزمەت بەئامانجەکانی دەکات، لە ئاستیدا

1- عبدالعزيز شرف (...: 111)

دەسەڵات و تواناى نابێت"[1]. بەهۆى فراوانبوون و زۆربوونى هۆكارەكانى ڕاگەیاندن و كەناڵە جیاجیاكانى و ئەو كاریگەرییە زۆرەى دەیكاتە سەر زمان، دەشێت كارتێكردنەكە بە دوو شێوەبێت:

یەكەم- شێوە ئەرێنییەكەى: لەڕێگەى ڕاگەیاندنەوە، "زمانێكى نوێ دروستبووە، جیاوازە لە زمانى ئەدەب و زانست، بە نەرمى و سادەیى و ڕوونییەكەى، گوزارشت لە ژیانى ڕۆژانە دەكات"، هەروەها "شێوازى نووسین بۆ ڕاگەیاندن گەشەى بە ژیانەوەى زمان داوە، ڕاگەیاندنەكانیش زمانیان گەیاندۆتە قۆناغێكى نوێ لە ڕوونى و پاراوى لە گوزارشتدا"[2]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەى، كە بەهۆى ڕاگەیاندنەوە گەشەدەكات و لەگەڵ سەردەمەكەى خۆیدا خۆى دەگونجێنێ، وەڵامدەرەوەى خواستەكانى سەردەمە، بەهۆى ڕاگەیاندنەوە "دەربڕین و گوزارشت و زاراوەى نوێ بڵاوبوونەتەوە، یا سازكراون، لە بوارە جیاجیاكانى زانست و هونەر و سیاسەت و كۆمەڵایەتیى، بەتایبەتیش لەڕێى وەرگێران و وەرگرتنى هەواڵ و بابەتەكانى زمانە بیانییەكانەوە، وەک وشەكانى (دیموكراسى، ستایل، كۆمێنت، فرێند، ڕیكلام، سوپرایز، پەرلەمان، كۆنگرە...) بەمەش ئاسۆى زمان فراوانتر بووە. "ئەو وڵاتانەى خاوەنى زمانى جیاجیان، بەهۆى ڕاگەیاندنەوە ڕۆژ لەدواى ڕۆژ پەیوەندیى نێوانیان زیاتر و پتەوتر دەبێت، بەئەندازەیەک گشت سنوور و بەربەستەكانى نێوانیانى سڕیوەتەوە، كە پێشتر ڕێگربوون لە پەیوەندییە ڕۆشنبیرى و زمانیەكانى نێوانیان"[3].

لەگەڵ ئەوەشدا، "كاریگەریى گەورەى هەبووە بۆ لەیەک نزیككردنەوە و یەكگرتنى دیالێكتە جیاوازەكانى زمانێک، لەدواى ئەم قۆناغەوە زمانى ستاندارد سەر هەڵدەدات، كە خاوەن كۆمەڵە خەسڵەتێكى جیاكەرەوەى وایە، لە هى هیچ دیالێكتێک ناچێت و بەدى ناكرێت"[4].

دووەم- شێوە نەرێنییەكەى: ئەم شێوەیە، خۆى لەو هەڵانەدا دەبینێتەوە كە لەڕێگەى ڕاگەیاندنەوە دەكەونە سەر زارى خەڵک و بڵاودەبنەوە، لە پێكهاتە و شێوازى نەشیاو لەگەڵ ڕێسا زمانییەكاندا، لەهەمانكاتیشدا خۆیان بەسەر ژیانى

---

**1-** فاطمة الجزائرية **(2006) http://www.aklaam.net/forum/showthread.php?t=5839**

**2-** محمد جميل شلش **(1986: 23)**

**3-** محمد حسن عبدالعزيز **(1978: 8)**

**4-** سەرچاوەى پێشوو

ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و ڕاگەیاندندا سەپاندووە. سەبارەت بە کاریگەریی نێگەتیڤی ڕاگەیاندن بەسەر زمانەوە، (فاروق شوشە)، دەڵێ: "هەندێک وای دەبینن، کە هۆکارەکانی پەیوەندیی تاوانێکی گەورە دەکەن بەرامبەر بە زمان، ڕاگەیاندن کار لە وێنەی دروستی زمان دەکات و دەیشێوێنێ، دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی چەندین هەڵە، کە پەیوەندییان بە ڕستەسازی و وشەسازی و پێکهاتەی زمانیی و دەرپڕین و دەنگەوە هەیە، لەگەڵ هاتنی چەندین وشەی بێگانە، بۆیە پێویستە بێژەرەکان ڕاهێنان لەسەر زمان بکەن"[1].

تەلەڤزیۆن، وەک دیارترین و کاریگەرترین هۆکاری ڕاگەیاندن، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی هەواڵە "جێی خۆی بەهێزکردووە، لەهەموو شوێنێک و لە هەموو ماڵێکدا"[2]. لەگەڵ ئەوەشدا "ڕۆژانە زمانەکەی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی شێواندن و لادان دەبێتەوە، لەڕاستیدا زمانی تەلەڤزیۆن، لەگشت پرۆگرام و بابەتەکانیدا، پیرۆزییەکانی ئەو زمانە دەشکێنێت، کە هەر مرۆڤێک بۆخۆی گەلاڵەی کردووە و لەناو خیزان و دەوروبەر و نیشتمانەکەیدا پێکیهێناوە"[3]. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، "لە سەردەمی کرانەوەی ئاسمان و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر زۆربوون، ئەمەش پێویستی بە کارمەندێکی زۆر هەبوو، بەهۆی ئەم پێویستییەوە، ڕاگەیاندنکارێکی زۆر دەرفەتی پێویستیان بۆ نەڕەخساوە و نییە لەڕووی زمانەوانییەوە ڕابهێنرێن و پێبگەیەنرێن، ئەمەش بۆتە هۆی زۆربوونی هەڵەی زمانەوانی، لەسەر هەردوو ئاستی گۆکردن و نووسیندا"[4].

"هەڵە بەکارهێنانی زمان، لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، یا لە دەرەوەیدا، بیری نیشتمانی تێکدەدات و توانا فکرییەکانی خەڵک پەکدەخات"[5]. چونکە، لەڕێی ئەو زمانەوە، کە تیایدا بەکار دەهێنرێت، ئەگەر پەیڕەوی یاسا و بنەما زمانییەکان و ڕێزمان نەکرێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی نادروست لەسەر شێواندنی نەک هەر خودی زمان، بەڵکو

---

**1- فاروق شوشه (2003) <2012-9-8> http://www.majma.org.jo/**

**2 - Jackie Harrison (2006: 22 )**

**3- سلطان بلغيث (2006) <2012-9-9 (http://www.diwanalarab.com/spip.php?article4568)**

**4- سامی الشريف و ايمن منصور ندا (2004: 165)**

**5- محمود خليل و محمد منصور هيبة (2002: 101)**

لەسەر بیریش ببینێ، هەروەک (بێرنارد لیڤن- B. Levin)  دەڵێ: تێکدانی زمان، تێکدانی بیرە[1].

## 1-7- ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆن):

تایبەتە بە هەردوو هەستی بیستن و بینینەوە، بەتایبەتیش مەبەست لێی تەلەڤزیۆنە. چونکە لە بنەڕەتدا، ڕاگەیاندنی بینراو لە بینین و بینەردا، دەکرێت بەدوو بەشەوە، ئەوانیش سینەما و تەلەفزیۆنن. "تەلەڤزیۆن، وەک یەکێک لە نوێترین هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، خاوەن تایبەتمەندیی تەکنەلۆژیی بەرزە، زۆر بە خێرایی هاتە پێشەوە. لە سەرەتادا، پشتی بە ڕۆژنامە و سینەما و ڕادیۆ و شانۆ بەستبوو، زۆر ئامراز و جۆری تەکنیک وتایبەتمەندیی و هۆی گوزارشتی لێ خواستن. بەڵام زۆر زوو، "بەپشت بەستن بە توێژینەوەی تیۆری و پسپۆری کردەیی، توانی ناسنامەکەی ئاشکرا بکات و زمانی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە، پاشانیش تایبەتمەندیی و گوزارشت و بەهای ستاتیکی و هونەری وەربگرێت"[2]. تەلەڤزیۆن "بەیەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین جۆری پەیوەندیی جەماوەریی دادەنرێت و لە هەموو جیهاندا زۆرترین کاریگەری بەسەر جەماوەرەوە هەیە، کە وێنە و دەنگ بەیەکەوە پێشکەش دەکات، بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم، لە بەرهەمهێنانی وێنە و نیشاندانی"[3]. وەک کاراترین و  کاریگەرترین کەرەسەی ڕاگەیاندن، "دەستەبەری زانیاری و بیروڕا بۆ خەڵك دەکات و لە پێشەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دێت، لەبەر توانا بەهێزەکەی تواناکەیەوە بۆ کاریگەری، تاوەکو نازناوی (سندوقی سیحری) بەسەرداپڕا. چونکە مرۆڤ 90% ی زانیاریەکانی تەنیا لە هەستی بینینەوە وەردەگرێت و ڕێژەی 8%یش لە کۆمەڵگە"[4].

### 1-7-1- زاراوە و چەمکی تەلەڤزیۆن:

"تەلەڤزیۆن ( Television بە ئینگلیزی)، وشەیەکی لێکدراوە، (tele) بە زمانی یۆنانی واتا (لەدوورەوە) و (vision) بە لاتینی واتا (بینین)، هەمووی بەسەر یەکەوە،

---

[1]- بڕوانە: عبدالستار جواد (1998: 29)

2- رحيمة الطيب عيساني(2008: 145)

2- غزوان جبار محمد حسين (2006: 26)

4- حكيم عثمان حميد (2006: 42)

بەواتای بینین لە دوورەوە دێت"[1]. لە زمانی کوردیشدا، بەهەمان فۆرم و واتاوە بەکاردێت.

ئەم ئامێرە، "پشت بە دەنگ و ڕەنگ (وێنە) دەبەستێ لەهەمان کاتدا، بەو پێیە ڕەوشەکانی پەخشی بیستۆک و ڕەوشی هۆکارە بینۆکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە..، کە بەپێی بنچینەی گۆڕینی وێنەو شێوەکان بۆ تیشک کاردەکات، هێزەکەی بەپێی پری ئەو ڕووناکییەی دابەش بووە بەسەر شتە وێنەگیراوەکاندا دەگۆڕدرێت، ئەو تیشکەی بەهۆی کارەباوە دەگۆڕدرێت بۆ شەپۆلی ئەسیریی بەهەوادابڵاوەبوو، بەجۆرێک، دەتوانرێت وەربگیرێن بەهۆی ئامێری تایبەتییەوە"[2]. سەبارەت بە دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن، "دەشێ بۆ ساڵی 1839 بگەڕێینەوە، ئەوکاتەی زانای فیزیایی فەرەنسی (ئیدمۆند بیرکیل) تێبینی خاسیەتەکانی ئەلکترۆکیمیایی تیشکی کرد، لەساڵی 1884 یشدا، زانای ئەڵمانی (پاوڵ نیپکۆ)، پرۆسەی پێوانەکردنی لەڕێی لولەیەکی پێچاوپێچی سەر وێنەوە داهێنا و چووە قۆناغێکی ئەزموونیی نوێ و باشکردنی ڕونیی وێنەوە. گەشەکردنی لەڕووی ئەلکترۆنییەوە، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەسەر دەستی کۆچبەرێکی ڕوسی بەناوی (ڤلادیمیر زوارکین) و ئەمەریکییەک بەناوی (فیلۆ فارنسوۆرس)ەوە بوو. هاوکات کۆمپانیای (RCA) توێژینەوە تایبەتییەکانی لە بواری تەلەڤزیۆندا بەردەوامبوو، بەوەش وێستگەیەک بەناوی (WZXBS) لە شاری نیویۆرک و لە ڕۆژی (30) ی تەمموزی ساڵی (1931) کرایەوە، ئەمەش بە دانانی تاوەرێکی ئەزموونیی لەسەر بینایەی (ئیمپایەر ستەیت) ی بەناوبانگ لە شاری نیویۆرک بوو.. ئەمریکا، لە ڕوانگەی توانا ئابووری و هونەرییەکانیەوە، دوابەدوای (جەنگی جیهانیی دووەم - 1939)، دەستی بە بەرهەمهێنانی ئامێری تەلەڤزیۆن بەشێوەیەکی فراوان کرد"[3]. پاشان ساڵ بەساڵ بواری پەخش و وەرگرتنی تەلەڤزیۆن لە فراوانبووندابوو، بەڵام بەشێوەی ڕەش و سپی، "ڕەنگ یەکێک بوو لە فاکتەرەکانی بەهێزکردنی هەنگاوەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ئامێرە، کە لە ساڵی 1951 ەوە دەستپێکرد و گەڕان و توێژینەوە و هەوڵەکانی

---

**1- رحيمة الطيب عيساني(2008: 145)**

**2- جەمال عەبدول (2006: 647)**

**3- مەم بورهان قانع (2012: 35-36)**

پێشخستنی لەسەرجەم بوارەکاندا بەردەوام بوو، لەڕووی پەخشکردن و وەرگرتنەوە، هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکی و شیوازی نووسینی هەواڵ و بەرنامەکاندا"[1].

## 1-7-2- زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو(تەلەڤزیۆن)دا:

### 1-7-2-1- سەرەتا:

ئاساییە ئەگەر جیاوازی هەبێت، لە زمان و نووسین بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن، لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تر، چونکە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

"هەر هۆکارێکی پەیوەندیی جەماوەری، بەواتای جۆر، زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر یەکەیان زمانی خۆی دەسەپێنێت، بەگوێرەی ئەو خەسڵەت و ئامانجانەی هەیەتی لە موخاتەبەکردنی جەماوەردا و جیایە لە خەسڵەت و ئامانجی یەکێکی تر، زمانی ڕادیۆ وەک زمانی تەلەڤزیۆن نییە، زمانی ڕۆژنامە زمانی سینەما نییە .. هەر هۆکارێکی پەیوەندیی بابەتە سەرەکییەکەی بەشێوازیک دادەڕێژێت، کە لەگەڵ ئامانجەکانیدا بگونجێت، توانای خۆی لە پەیوەندییکردن باشتر بکات"[2]. هەرچەند لە تیۆرە گشتییەکاندا هاوبەشن، بەڵام لە پراکتیکدا لەیەک جیادەبنەوە، هەر جۆرێکیان تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت، "توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن، ئەوە دەخەنەڕوو، توانای قەناعەتپێکردن بە گۆڕانی ڕەگەزەکانی ڕاگەیاندن دەگۆڕێت، هەروەک ئاماژە بەوەدەکەن، هەر یەکێکیان توانا و تایبەتمەندیی و خەسڵەتی خۆی هەیە.. بۆنموونە، توێژەری ئەمریکایی (ستۆڤەر) دەڵێ، چاپکراو دەگات بە جەماوەرێک، کە بەشێوەیەکی گشتی، ئاستی فێربوونی بەرزترە لە ئاستی جەماوەری ڕادیۆ. لە ڕاستیشدا جەماوەر کاتەکانی دابەشدەکات لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ دەستخستنی هەواڵ و کات بەسەربردن و ڕۆشنبیربوون و ... هتد، بەپێی شێوەکانی ڕاگەیاندن. لەمەشەوە بایەخی نووسینی پراکتیکی هەر ڕەگەزێک دەردەکەوێت، ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆن و سینەما)، بەوە لە ڕەگەزەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ جیادەبێتەوە، کە لەیەککاتدا دەگاتە گوێ و چاو"[3]. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان چاپکراو و خوێنەر، "هەندێک لە توێژەران پێیان بەوە هەیە، وشەی چاپکراو،

---

1- عاصف حمیدی (2010: 18)

2- محمد جمیل شلش (1986: 31-32)

3- عبدالعزیز شرف (2000: 19-20)

زیاتر لە هۆکارەکانی تر پێویستیی بە بەشداریی خوێنەر هەیە، چونکە پەیامی بیستراو و بینراو کامڵترن لە هی نووسراو، خوێنەر گوێی لە قسەکەرێک نییە بۆی بخوێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ڕادیۆدا هەیە، یا کە لە سینەما و تەلەڤزیۆندا دەیبینێ، لەبەرئەوە چاپکراو ئازادیی زیاتر بە بۆچوون و تێگەیشتن و شرۆڤە دەدات"[1]. ئەو زمانەی لە ڕاگەیاندنی نووسراودا بەکاردێت، پەیوەندیی بە ڕۆشنبیری و ئاستی فێرکردن و خوێندەوارییەوە هەیە، هەرچەندە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە، لەگەڵ وشەی نووسراو، پشت بە چۆنیەتی خستنەڕووی بیرۆکە و وێنەی فۆتۆگرافی و کاریکاتێر و هێڵکاریەکانیش دەبەستێت. سەرەڕای لەیەك نزیکی زمانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بەڵام هێشتا ئەم لەیەك نزیکییە ڕەها نییە، زمانی ڕاگەیاندنی بیستراو، دەنگە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، وەك ڕێنووس و لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ڕێزمان و کاریگەریە دەنگیەکان و موزیك و شێوازی پێشکەشکردنی بابەتەکان، بەشێوەیەك، کە وێنە لە هزری بیسەردا دروست بکەن. بەڵام زمانی ڕاگەیاندنی بینراو، هەروەک (ڕۆبێرت ل. هیلیارد) دەڵێ: "پێویستە بیرت بێ، وێنە گرنگترین شتە لە تەلەڤزیۆندا، وشەی بەهادار بۆ شتێک بەفیڕۆمەدە، کە بینەران دەیبینن. نووسەر لە تەلەڤزیۆن، بەپێچەوانەی ئەوەی ڕادیۆ، بە وشە وێنە دروست ناکات، بەڵکو بە وشە جەخت لە وێنەکە دەکاتەوە"[2]. زمانی تەلەڤزیۆن، درێژکراوەیەکی سروشتیی و پێشکەوتووی زمانی ڕاگەیاندنی بیستراوە، هەرچەند بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارە، تەلەڤزیۆن بەشێک لە کاری ڕۆژنامەی چاپکراویش جێبەجێ دەکات، وەک نیشاندانی ڕاستەهێڵی هەواڵەکان (news bar) و سەردێری هەواڵەکان و ناونیشانی هەواڵەکان. زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، دوو باڵی هەیە، کە بریتین لە دەنگ و وێنە، وێنەش خۆی لە گرتەکاندا دەبینێتەوە، چونکە "یەکێک لە دانە بنەڕەتیەکانی زمانی تەلەڤزیۆن گرتەکانن، بە هەموو شێوە و گۆشە جیاوازەکانییەوە. سەبارەت بە شیوازی نووسین بۆ تەلەڤزیۆن، پسپۆران دەڵێن: "شێوازێکە، دەگونجێت لەگەڵ داپیرەیەکی تەمەن نەوەد ساڵ قسەی پێ بکەیت، کە باش نابیستێت، پێویستی بە ڕوونی و خێراییەک لە دەربڕین هەیە، کە لەگەڵ منداڵێک قسەی پێدەکەیت، تەمەنی لە چواردە ساڵ تێپەڕ ناکات و پێویستی بە وتەی دیاریکراو هەیە، گونجاو بێت بۆ ئەو تەمەنە و پیاوێکی کامڵ لەڕووی فکرەوە"[3].

1- عبد العزيز شرف (1987: 106)

2- Robert L. Hilliard (2003: 187)

3- محمود خليل و محمد منصور هيبة (2002: 82)

تەلەڤزیۆن بە زمانە هاوبەشەکەی ڕووداوە جیاجیاکان پەخش دەکات، تا بتوانێت پەیامەکەی بە چین و توێژە جیاجیاکان بگەیەنێت، بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە لە سروشت و ئاراستەیاندا، کە لەهەمانکاتدا سوود لە وێنەو جوڵەش وەردەگرێت، لە گەیاندن و گەیشتن بە ئامانجەکەی. بۆ ئەمەش پێویستە ڕوون بێت و دووربێت لە ئاڵۆزی. هەروەک فەیلەسوفی فەرەنسی (هێنری بێرگسۆن) دەڵێ: "هونەری نووسین، بریتییە لەوەی، نووسەر بیری نەبێت ئەو وشەی ئامادەکردووە، بەو واتایەی هەر وشەیەک گوزارشت لە شتێک دەکات، واتا دوورخستنەوەی وشە لێڵەکان و ئەو گوزارشتە گشتیانەی واتایان نییە"[1].

## 1-7-2-2- ڕەگەز و پێکهاتەکانی زمانی تەلەڤزیۆن:

ڕەگەز و پێکهاتەکانی زمانی تەلەڤزیۆن، لەلایەن (سامی ئەلشریف و ئەیمەن مەنسور نەدا)[2]، بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوە دابەشکراوە، کە هەندێکیان لە نێوان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا هاوبەشن و هەندێکی تریان تایبەتن بە یەکێک لە هۆکارەکان، بەڵام ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکەینەوە، کە پەیوەندیی بە تەلەڤزیۆنەوە هەیە:

یەکەم- وشەی درکێنراو: ئەو وشانەن، کە بۆ پەخشکردن لە تەلەڤزیۆن نووسراون و بێژەر دەیانخوێنێتەوە، کاریگەریی ئەم جۆرە وشەیە، دەکەوێتەسەر کەسێتی بێژەرەکە، یا پێشکەشکارەکە، چونکە لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵ، یا پرۆگرامەکاندا، ئەو بەرپرسە لە گەیاندنی پەیامەکە و دامەزراوەکەش، بەرپرسیارێتی تەواو لەسەر دەنگی ئەوە.

بێژەر، کار بۆ سەرنج ڕاکیشانی بینەران و بیسەران دەکات، بەهۆی باش خوێندنەوەی دەقی نووسراوەوە، کە تیایدا بەرژەوەندیی ویستگەکە پێش بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دەخات. بێژەر، یا پێشکەشکار، تۆنی دەنگی، بەگوێرەی پێویستیی بڕگە دەنگییە جیاوازەکان و شێوەی ئەو پرۆگرامەی پێشکەشی دەکات بەرز و نزم دەکاتەوە، شێوازی دەربڕین زۆر گرنگە لە وشەی درکێنراودا، زۆربەی کاتیش سەرکەوتنی پرۆگرام، کەوتۆتە سەر ڕیتمی پرۆگرامەکە و توانای بێژەرەکە، لە

---

1- عبدالعزیز شرف (...: 219)

2- سامی الشریف و ایمن منصور ندا (2004: 69)

گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی ئاوازی دەنگ. هەروەک چۆن زمانی جەستەش لە گەیاندنی پەیامدا ڕۆڵ دەبینێت، وەک جوڵەی سەر و دەموچاو و دەستەکان. بێژەرەکە، سەرەتا بە هێمنی دەست بە پێشکەشکردنی پرۆگرامەکە دەکات، تا دەرفەتێک بە بیسەر بدات، بۆئەوەی لەسەر شێوازی قسەکردنی و دەنگی و کەسایەتی ڕابێت. کاتێکیش بێژەرەکە دەگاتە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەی، پێویستە ڕیتمەکەی بەخێراییەکی ڕێژەیی لە دەربڕینی دەنگی دابەش بکات، لەگەڵ گۆڕینی ئاوازی دەنگ لەگەڵ جیاوازیی ناوەڕۆکەکە. چونکە هەر ڕستەیەک بەگوێرەی واتاکەی و تێگەیشتنی نووسەرەکەی مۆسیقاکەی دەگۆڕێت، ئەمە جگە لەوەی دەبێت بێژەر شارەزای سروشتی ئەو زمانە بێت، کە قسەی پێ دەکات و ڕەچاوی وەستان و سنووری نێوان ڕستە و وشەکان بکات، ئاگاداری ئاواز و سترێس و تۆنی تێکستەکە بێت.

ئەوانەی بۆ تەلەڤزیۆن دەنووسن، دەبێت لەکاتی نووسیندا ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە بۆ هەستی بیستن دەنووسن نەک بینین، واتا دەنووسن تا لەلایەن وەرگرەوە ببیسترێ نەک بخوێنرێتەوە، کەواتە پێویستە "دەقێک بنووسن، کە بتوانرێ بە دەنگی بەرز بخوێندرێتەوە: هەواڵی ڕوون بە زمانێکی ڕوون پێشکەش دەکرێت، بەئاسانی درکی پێدەکرێت"[1]. کاتێک دەنووسێت، وا بیربکاتەوە، کە بۆ هاوڕێکەی قسە دەکات، بەڵام بەبێ ڕای تایبەتیی خۆی، "نووسین بۆ تەلەڤزیۆن، شێوازێکی نوێی هونەری گێڕانەوەی کۆنە، وێنە بەهێزی کردووە"[2].

دووەم- گرتەکان: گرتە بە پەنجە داگرتن لەسەر شوێنی تۆمارکردن دەست پێدەکات و بەدووبارە داگرتنەوەی کۆتایی دێت. بەڵام دیمەن، بریتییە لە کۆمەڵێک گرتەی بەدوایەکداهاتوو، لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا، کۆمەڵێک دیمەنیش کارێکی درامی پێکدێنن. گرتە تەلەڤزیۆنییەکان، ئەو بەشە بابەتە تۆمارکراوانەن، کە دەکەونە چوارچێوەی شاشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی کارکردندا، جیاوازی زۆر هەیە لە ناونانی گرتەکاندا، گرتە ناوەندییەکانی لای هەندێک دەرهێنەر، بە گرتەی دووری هەندێک دەرهێنەری تر دادەنرێن، دیاریکردنی گرتەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای دەرکەوتنی جەستەی مرۆڤ دەبێت. جۆرەکانی گرتە بریتین لەمانەی خوارەوە:

---

1- دیبرا بوتر (2006: 40)

2- کارولین دیانا لویس (1993: 173)

1- گرتەی نزیک

2- گرتەی ناوەندیی

3- گرتەی دوور

4- گرتەی زۆر دوور

گرتە، یا وێنەی ڤیدیۆیی، وا لە تەلەڤزیۆن دەکات، ببێت بە هۆکارێکی ڕاگەیاندن، کە پەیامەکەی دووانە بێت، "لە نووسینی دەقەکانیدا وێنەی ڤیدیۆیی بەکاردێت، وەک دانەیەک لە دانەکانی زمانی نوێ، گوزارشتکردن بە وێنەی جوڵاو پرۆسەیەکی هزریی پێشکەوتووی کامڵە لە داهێنانی هونەریی بەرز"[1].

سێیەم: کاریگەرییە دەنگییەکان: کە دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

1- زیندووەکان یا سروشتییەکان: ئەوانەن، لەکاتی تۆمارکردنی کارێک، لەناو ستۆدیۆ تۆماردەکرێن، وەک دەنگی پێی هەنگاوەکانی کەسێک، کە لەسەر زەوی دەڕوات، یا بەسەر پەیژەیەک سەردەکەوێت، یا دەرگایەک دەکاتەوە و دایدەخات، یا تۆمارکردنی لە شوێنی ڕووداوەکەدا، یا لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا، وەک دەنگی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و ئۆتۆمبێلی پۆلیس .

2- تۆمارکراوەکان: ئەو کاریگەرییانەن، کە پێشتر لەسەر کاسێت تۆمارکراون و ئامادەن بۆ بەکارهێنان، وەک دەنگی شەپۆلی دەریا و دەنگی با، دەنگی هەورە تریشقە و بارانی بەخوڕ. کاریگەرییە دەنگییەکان هەندێکجار بەیەکەوە بەکاردەهێنرێن، لە هەندێک پرۆگرامدا پێویست دەکات کاریگەریی زیندوو و تۆمارکراو بەکاربهێنرێت، هەندێکجاریش یەک جۆر بەکاردێت، بەگوێرەی پێویستیی پرۆگرامەکە، ئەمانە، کارایی پرۆگرامەکان زیاتر دەکەن و ئامانجیان دەرخستنی هەڵوێستەکان، یا بیرۆکەکانە، یارمەتیدەرن بۆ وروژاندنی سۆز و کاریگەری خستنە سەر بیسەر، بێگومان لەزۆر شێوەی پرۆگرام و بابەتی دۆکیومێنتاری و دراما و بەدواداچوون بەکاردێن.

چوارەم: موزیک: یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری پرۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بەرنامەیەک نییە موزیکی تیانەبێت، بەتایبەتیش ئەوانەی لە وچان و تایتڵدا بەکاردەهێنرێن، کەشێکی تایبەتی بۆ پرۆگرامەکە دروستدەکات، زۆر

---

1- نسمة احمد البطريق و چيهان يسرى (2000: 87)

پرۆگرامیش هەیە بە موزیکەکەی دەناسرێتەوە، موزیک لە پرۆگرامەکاندا بۆ ڕەواندنەوەی بێزارییە.

### 1-7-2-3- تایبەتمەندییەکانی نووسین بۆ ڕاگەیاندنی بینراو:

باسکردنی ڕاگەیاندنی بینراو و نوسینەکەی، بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە[1]:

یەکەم: وێنەی ڤیدیۆیی لە سینەما و تەلەڤزیۆندا، ڕەگەزی بنەڕەتیی پێکهێنەری پەیامی ڕاگەیاندنە،. کە زۆرجار دەتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی وێنەوە پەیام بگەیەنرێت و پێویست بە دەق نەکات، چونکە ڕاگەیاندنی بینراو لە بنەڕەتدا بۆبینینە پاشان بۆ بیستن.

دووەم: قسە ڕەگەزی تەواوکەر و کامڵکردنە تیایدا. چونکە بوونی وتە لەگەڵ وێنەی ڤیدیۆیی ئەرکی ڕوونکردنەوە و تەواوکردنی واتا دەگەیەنێت، هەروەک دەشێت بوونی وشە لەتەک وێنە، لەیەک کاتدا سەرچاوەی هێز و سەرچاوەی لاوازییش بێت، دەبێتە سەرچاوەی هێز، کاتێک وشەکان لەئاستی وێنەکەدابن، یا لە دەربڕین و گوزارشتدا لە ئاستێکی بەرزتربێت. بەڵام دەبێت بە سەرچاوەی لاوازیی، ئەگەر پڕبکرێت لە زانیاری و بیروبۆچوون، یا کاتێک هەندێک وشە پێشکەش بکرێت، کە بینەر پێویستی پێی نەبێت، لەم کاتەشدا، وشە تەنیا وەک ژاوەژاو دەردەکەوێت.

سێیەم: تەکنیکی هەریەکێك لەم هۆکارانەی ڕاگەیاندن و سروشتی پەیوەندیی و کات و شوێنەکەی، هەموویان جۆرێکی تایبەت لە تایبەتمەندیی دیاریکراو بۆ هەریەکێک لە هۆکارەکان بەجیا دەسەپێنن.

### 1-7-3- هەواڵ و زمانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا:

"لەسەر بنەمای تیۆرەکانی نووسین بۆ ڕاگەیاندن، دەتوانین بڵێین، هونەرەکانی ڕاگەیاندن دابەشدەبن بەسەر دوو ڕەگەزی سەرەکی، کە: "هەواڵ و فیچەر ( Features) (بەرنامە) کانن ... لە نووسینی ئێستگەییدا جۆری دووەم ئەمانە دەگرێتەوە: پرۆگرامە تایبەتییەکان، ڕۆشنبیرییەکان، هونەرییەکان،

1- جان جبران کرم (1986: 142)

هەمەڕەنگەکان و ... هتد"[1]. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر ڕەگەزی یەکەم دەکەینەوە، کە هەواڵە.

"مرۆڤی سەرەتایی، بەهەزاران ساڵ پێش ئەوەی مێژوو تۆماری بکات، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەی چیرۆکی سەردەمەکەی وێنەکردووە و ڕەنگکردووە، کەواتە ڕاگەیاندن بە وێنە دەستی پێکردووە. ئەگەر سەردانێکی ئەشکەوتە تازە دۆزراوەکانی لاسکۆی فەرەنسا بکەین، ئەبینین چ وێنەیەکی داتاشیوە لە حەکایەتەکانی، بۆ جەنگەکانی، بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە ڕاوی ئەکردن، بۆ دەستخستنی پێستەکەی تا بیکات بە پۆشاک، یا ئەوانەی نەیدەکردەبەری، هەروەها ئەو چەکانەی ئەوکاتە بەکاری هێناوە"[2]. هەروەک چۆن دەزانین مرۆڤ جاران لەشەودا ئاگر و لە ڕۆژیشدا، دوکەڵی وەک هێمای ئاگادارکردنەوە بەکارهێناوە. "کەواتە مرۆڤ، ڕەگەزی بینینی پێش بیستن بەکارهێناوە، بە نەخشکردن دەستیپێکردووە و پاشان بەوێنە و دوای ئەوەش وێنەی فۆتۆگرافی، لەویشەوە بۆ فیلمی سینەمایی و دواتریش بۆ تەلەڤزیۆن .. بەم شێوەیە، ئێستا لەسەردەمی هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندییدا دەژین، هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر و گرنگتردەبن، ئەم سەردەمەش – پێی دەوترێت- سەردەمی بینراو"[3]. لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنی گرتۆتەوە، بەتایبەتیش دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای مانگە دەستکردەکان و سیستمی دیجیتاڵی، کە زیاتر گەشەیان بە ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆن)داوە، هونەرەکانی نیشاندانی پەیام هەمیشە لە چڕبوونەوەدان، لەو نێوەندەشدا، "نکوڵیی لە گرنگیی ئەو ڕۆڵە ناکرێت، کە هەواڵ لە هۆیەکانی پەیوەندییدا دەیبینێت.... ئەو ڕۆڵەی، کە لەگەڵ پەیدابوونی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا دروستبووە، لەو کاتەوەی هەواڵ و گۆڕینەوەی هەواڵی زانیوە، ئینجا لەڕێگەی کەڕەنا، یا لە ڕێگەی نەخشی سەربەرد، یا وێنەکردنی سەر دیوارەکانی پەرستگا و گۆڕستانەکان، یا نووسینی سەر پێستە و لەبەرگرتنەوەی کاغەز بووبێت، یا لە ڕێگای هۆکارە نوێکانی ڕاگەیاندن، لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بێت "[4].

---

**1- عبدالعزيز شرف (1987: 95)**

**2- سەرچاوەی پێشوو - (309)**

**3- سەرچاوەی پێشوو - (313)**

**4- فاروق ابوزيد (1984: 369)**

### 1-3-7-1- چەمک و پێناسەی هەواڵ:

لە زاری کرمانجیی خواروو- زمانی کوردی-دا، بۆ چەمکی (NEWS)ی زمانی ئینگلیزی دوو زاراوە بەکاردێت، کە یەکێکیان (هەواڵ) و ئەوەی تریان (دەنگوباس)ە، لە زاری کرمانجیی ژووروودا زاراوەی (نوچە) بەکاردێت.

هەواڵ، بناغەی کاری ڕاگەیاندنە، بە هەموو شێوەکانییەوە و لە سەرووی ڕیزبەندیی هونەرەکانی تری ڕۆژنامەوانییەوەیە، چونکە "دروستکەر و بنەمای بوونی هەموو هونەرەکانی ترە، واتا گشت هونەرەکانی تر، لە هەواڵەوە سەرچاوە دەگرن، بەبێ ئەو، ناتوانین باس لە لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت و وتار بکەین، ئەمانە کاتێک دەبن، کە هەواڵ هەبێت، هەموو لەپێناو شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و قسەکردن لەسەر ئەو دێن. بەواتایەکی تر، باوکی شەرعیی هونەرەکانی تری نووسینە، ئەوان بەبێ هەواڵ نابن"[1].

وەکو وشە، "بەکارهێنانی وشەی هەواڵ بۆ چاخی ناوەڕاستی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، بەواتای زانیاریی نوێ سەبارەت بە ڕووداوە تازەکان"[2].

لە ژیانی مرۆڤدا هەواڵ گرنگی زۆری هەیە، "لەوکاتەوەی مرۆڤ توانیویەتی قسە بکات، هەمیشە ئارەزووی هەبووە لە ڕاستییەکان و بیرۆکە و کێشەکان بگات، هەموو مرۆڤێک خواستی زانینی هەواڵی هەیە، کە ئەو زانیاریەیە، بیسەر سەبارەت بە ڕووداوێکی دیاریکراو وەریدەگرێت"[3]. ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییە وایکردووە، کە بڵێین: "هەواڵ، کۆڵەکەی بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە"[4]. بایەخی هەواڵ لە گشت هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەک یەکە، لەبەرئەوە، "پڕپڕەی پشتی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نووسراو و بیستراو و بینراوە، لەبەرئەوەی وشەی نوێبوونەوەی تیایە و ڕیکلام و ڕوونکردنەوە و درێژەی ڕووداوەکان ، لە بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لەخۆ دەگرێت، ئینجا ناوخۆیی بێت، یا نێودەوڵەتیی"[5].

---

1- اسماعیل ابراهیم (1998: 9)

2- شیرکۆ حەمە ئەمین قادر (2009: 11)

3- یوسف مرزوق (1986: 28)

4- جوناثان بجنیل و جیرمی اورلیبار (2007: 23)

1- صفاء حسن حسین الحلفي (2004: 12)

هەواڵ، ئەو شتە نوێیانەن، کە ڕوودەدەن، "لە فەرهەنگیشدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (ڕاپۆرتێکە لەسەر نوێترین ڕووداو، یا زانیارییەکە پێشتر نەزانراوە)، بەڵام زۆرینەی ئەو شتانەی ڕۆژانە لە جیهاندا ڕوودەدەن، ڕێگای چوونە ناو ڕۆژنامە، یا پەخشکردن لە هەواڵەکاندا نادۆزنەوە"[1]. (ڕۆبێرت ل. هێلیارد)، بەمجۆرە پێناسەی هەواڵ دەکات: "هەموو ئەو ڕووداوانەن، کە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن و کاریان تێدەکات، یا هەموو ئەو بابەتانەن، شایەنی ئەوەن لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ بینەران و بیسەران پەخش بکرێن، لە پشیلەیەکی سەر درەختێکەوە بۆ هەڵگیرسانی جەنگێک"[2].

(فاروق ئەبوزەید)، ئاماژە بەوە دەکات، "پێناسەیەک بۆ هەواڵی ڕۆژنامەوانی نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەمکی هەواڵ لەگۆڕاندایە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر"[3]. ماوەیەکی زۆر چەمکی هەواڵ وا پێناسەدەکرا، "وەسفی ڕووداوێکی نوێیە، کە جێگەی سەرنجی خەڵکە"[4]. (لۆرد نۆرتکلیف) وتوویەتی: "هەواڵ هەموو ئەو شتانەیە، لە چوارچێوەی ژیانی باوی ئاسایی دەردەچن و دەبنە تەوەری باسی گشتی و تایبەتی"[5]. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و تێگەیشتنی زیاتر لە ڕۆڵ و گرنگیی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ئەم پێناسەیە کەوتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتیش کاتێک (تێرنەر کاتلیج) پێناسەی هەواڵی بەم شێوەیە کرد: "ئەو شتەیە پێشتر نەتزانیوە، شتێک بیرت چوبێتەوە، یا لێی تێنەگەیشتبی"[6]. ئەم پێناسەیە، ئەو ڕووداوانەشی دەگرتەوە، کە پێشتر ڕوویاندابوو نەک ئێستا، بەڵام تا ئەوکاتە نەزانرابوون.

(کورتیس ماکدوگال)، دەڵێت: "لەڕاستییدا، هەواڵ ڕاپۆرتە لەسەر ڕووداوێک، نەک خۆی ڕووداو بێت. لە هەر خولەکێکی دیاریکراودا، لەیەک کاتدا لە جیهان، بلیۆنەها ڕووداو ڕوودەدەن، کەسێک دەمرێت و کەسێکی تر لەدایک دەبێت، یەکێکی

---

**1-** دیبرا بوتر (2006: 5)

**2-** Robert L. Hilliard (2003: 149)

**3-** عبدالجواد سعید محمد ربیع (2005: 49)

**4-** عبدالستار جواد (2001: 43)

**5-** ادیب مروة (1960: 34)

**6-** عبدالستار جواد (2001: 44)

تر تاوانێک دەکات.. هتد، هەموو ئەم ڕووداوانە بریتین لە هەواڵی شاراوە، یا ئەگەری بوون بە هەواڵ. بەڵام ئەو کاتە دەبێت بە هەواڵ، کە ڕیپۆرتەر نووسینێکی لەبارەوە ئامادە دەکات"[1]. بۆیە هەر پێناسەیەکی بۆ بکرێت، لەوە دەرناچێت، کە ڕووداوێکە جێی بایەخی جەماوەرە، بە ڕاستگۆیی و وردیی دەگوێزرێتەوە.

## 1-7-3-2- هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا:

"ئێستا، هەواڵ، بەشێکی هەرە زیندووی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنە"[2]، هەواڵی تەلەڤزیۆن، پێش هەر شتێک لەسەر وێنە بەندە، فەرمانەکەی بریتییە لە نیشاندانی ڕووداو بە بینەر، بەو واتایەی، وێنە وەسفی ڕووداوەکە دەکات، نەک وشە، هەتا ئەگەر وێنەی فۆتۆگرافییش بێت، "هەرکاتێک ئەم خەسڵەتەی لەدەستدا، ئەوا زیاتر لە هەواڵی ڕادیۆیی نزیک دەبێتەوە، نەک تەلەڤزیۆن"[3]. کاتێک وێنەی جوڵاو و دەنگ تێکەڵ بەیەکتر دەبن ، کە لە بنەڕەتدا دەق بۆ ئەو وێنەیە نووسراوە و باس لەو لایەنانەی ڕووداوەکە دەکات، کە وێنە ناتوانێت گوزارشتیان لێ بکات، جوانییەکی زیاتر بە هەواڵەکە دەبەخشن. مۆری گرین (Maury Green)، دەڵێت: "ڕوونی پێویستیی بنەڕەتیی نووسینی هەواڵە بۆ تەلەڤزیۆن"[4]، دەنگ و وێنە لە خەسڵەتە دیارەکانی تەلەڤزیۆنن، "هەواڵی تەلەڤزیۆن، مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە هەستێک دەکات، ئەمەش توانای سەرنجڕاکێشان و گەیشتن و کارتێکردنی وەرگر زیاتر دەکات، تا وای لێهاتووە ئەم سەردەمەی ئێستا تیایدا دەژین، بە سەردەمی وێنە ناوبنرێت"[5]. لە ڕێبەری هەواڵنووسانی کەناڵی (CBS) هاتووە، "هەواڵی تەلەڤزیۆن بریتییە لە وێنەی هەواڵ، ئەو واقیعە، بۆ کورتەی هەواڵیش کارتێکردنی بینەرە، ئەرکەکەی ئەوەیە، وا لە بینەر بکات ڕووداوەکە ببینن. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت، پێویستە لەسەر نووسەری هەواڵ، ڕێگەبدات وێنەکە وەسفی ڕووداوەکە بۆ بینەر بکات"[6]. لەگەڵ ئەمەشدا، "زۆر بەدەگمەن وێنە دەتوانێ هەموو چیرۆکەکە

---

1- ب. كورتيس ماكدوغال (2000: 22)

2 - Jackie Harrison (2006: 23)

3- فارس حسن شكر المهداوى (2009: 37)

4- بروانە: عبدالستار جواد (2001: 206)

5- فارس حسن شكر المهداوى (2009: 37-38)

6- عبدالستار جواد (2001: 206)

بگێڕێتەوە، بۆیە هەر دەبێت بە وشە تەواوبکرێت. هەندێک جاریش ئەوەی لە وێنەکەوە دەردەکەوێت، ئەوە نییە کە بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوکات دەبێت بە وشە ڕاستی ڕووداوەکە ڕوون بکرێتەوە"[1].

هەواڵی تەلەڤزیۆن پشت بەچەند هۆکارێک دەبەستێت، کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانن و پێویستە تیایدا هەبن[2]:

1- وێنەی ڤیدیۆیی: بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت، کە هەواڵی تەلەڤزیۆنی پشتیان پێ دەبەستێت، بەهۆی ئەو بایەخ و کاریگەرییە بەهێزەی لەسەر تاك و کۆمەڵ دایدەنێت.

2- دەنگ: دەنگی (بێژەر، سروشتی، موزیك، ...) بەشێوەیەکی گشتی، بە هۆکارێکی یاریدەدەری وێنە دادەنرێت، چونکە وێنەی ڤیدیۆیی لەڕووی مێژووییەوە بەبێ دەنگ دەستی پێکردووە، پاشان دەنگی بۆ زیادکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بەوردیی گواستنەوەی زانیاری و پێکهێنەری کاری تەلەڤزیۆنی دادەنرێت.

3- ڕوونکەرەوەکان: هەواڵی تەلەڤزیۆن، پشت بە هۆکاری بینراوی ڕوونکەرەوە دەبەستێت، ئەو هۆکارانەش ڕۆڵیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی ناوەڕۆك، وەك نەخشە و وێنە ڕوونکەرەوەکانی هەواڵ و وێنەی کەسایەتیەکان و وێنە گرافیکی و دەستییەکان.

ئەو دەقانەی بۆ تەلەڤزیۆن دەنووسرێن، زۆربەی هەرەزۆریان بێژەر ئەیانخوێنێتەوە، جگە لەو خەسڵەتە تایبەتیانەی نووسینی هەواڵی تەڤزیۆن هەیەتی، "کاری بێژەر و پێشکەشکاری تەلەڤزیۆن – هەر ڕاگەیاندنێکی جەماوەریی- زۆر ورد و دژوار و هەستیارە. بێژەری و پێشکەشکاریی هونەرێکی ڕاستەقینەیە، کە دانبەخۆداگرتن و ڕەخنەلێگرتنی تایبەتی پێویستە. ئەوانەی پیشەیان قسەکردنە بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوزمانەکانیان، پڕوا و متمانە بەخۆبوونێکی زۆریان هەیە. زۆربەی بێژەر و پێشکەشکارەکان، بەتایبەتی بێژەرانی بەشی هەواڵ بەتەواوەتی پەیوەستی پیشە

1- عبد العزیز شرف (1987: 356)

2- ابراهيم سعيد فتح الله (2007: 86)

بەنرخەکەی خۆیانن، بۆیە دەبێت بەباشی توانای خوێندنەوەی دەقە جۆراوجۆرەکانیان هەبێت"[1].

## 1-7-3-3- خەسڵەتەکانی هەواڵ:

دیاریکردنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی، دەکرێت پێوەر، یا مەرجەکانی ئیتیک و پیشەیی بوون بن، کە پێویستە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پێوەی پابەندبن. چونکە "گرنگیی هەواڵ لە ژیانی ڕۆژانەماندا و خواستی بینەر و پێویستیی زۆری بە زانینی ڕاستییەکان، وامان لێدەکات نەتوانین بابەتێکی گرنگ فەرامۆش بکەین، کە ئەویش تەنیا گواستنەوەی ڕاستییەکان نییە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بەڵکو پێویستە چەند خەسڵەتێک لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا هەبێت، گرنگترینیشیان ئەمانەن"[2]:

یەکەم- وردیی: گواستنەوەی بە ئەمانەتەوە و ئاشکراکردنی هەموو وردەکارییەکان، بەبێ لابردن، کارنەکاتە سەر ناوەڕۆکی ڕووداوەکە و بەبێ زیادەڕۆیی، کە کار لە ڕاستییەکان نەکات.

دووەم- ڕاست و دروستی: واتا داڕشتن لەسەر ڕاستییەکی دروست، دروست نەکراو، یا هەڵبەستراو.

سێیەم- بابەتیبوون: یا دیارنەبوونی هەستی تایبەتی هەواڵنووس، یا دەزگا ڕاگەیاندنەکە، لەکاتی داڕشتندا، یا هەڵبژاردنی وێنە و ڤیدیۆکان، کە پەخش دەکرێن. لەوانەیە گۆشەی وێنەگرتن، یا جۆری کەسایەتییەکانی ناو هەواڵەکە و پێداگری لەسەر وردەکارییەک و جیاکردنەوەی هەندێکی تر، ببێتە هۆی خراپ تێگەیشتن لە ڕووداوەکە.

چوارەم- هاوسەنگیی: بەواتای گەڕان بەدوای دیدوبۆچوونە جیاوازەکان، بەبێ لایەنگری بۆ بۆچوونێک و بەلانانی یەکێکی تر، یا شاردنەوەی هەڵوێستی لایەنێکی سیاسی کاریگەر لەسەر ڕووداوەکە.

ڕەنگە مەحاڵ بێت ئەم خەسڵەتانە بەشێوەی ڕەها بەدی بهێنرێن، چونکە هەر کەناڵێک پلانی سیاسی و جەماوەری خۆی هەیە، کە دەیانکاتە ئامانج.

---

1- زبان و رسانه - حمید حسینی(1384: 150-149)

2- فارس حسن شکر المهداوی (2009: 38)

**4-3-7-1- ڕێساکانی هەواڵ:**

بریتین لەو شەش پرسیارەی پێویستە هەواڵنووس وەڵامیان بداتەوە، بەوەڵامدانەوەی هەموو، یا هەندێکیان هەواڵ بەرهەمدێت، سەرەتا پێنج پرسیار بوون، "گرنگترین یاساکانی نووسینی ڕۆژنامەنووسیی هاوچەرخە، ناوهێنانی (بە ئینگلیزی) بە (W,S5) بۆ ڕۆژنامەی (ئەنجلۆ)ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە، ئەم ڕێسایەی لە شوێنە جیاوازەکانی سەرگۆی زەوی کارکردنی ڕۆژنامەنووسی، چەسپاند"[1]. پاش جێگیربوونی پێنج پرسیارەکە، "ئەمڕۆ لەکاتی داڕشتنی هەواڵدا لەگەڵ ئەمانەدا داوای وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیکەش دەکرێت، ئەویش پرسیارکردنە بە (چۆن HOW) ئەم پرەنسیپەشیان ناونا (H+5W,S)"[2]، ئەمەش، وەڵامی ئەو پرسیارانەیە، بینەر لەکاتی بینینی هەواڵێکدا دەیانکات، کە چی ڕوویداوە و بۆچی و ... دەبێت ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە هەواڵێک کۆکراونەتەوە، وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، پرسیارەکان ئەمانەن[3]:

- کێ: لایەنەکانی ئەم هەواڵە کێن؟ کێ پێی کاریگەرە؟ باشترین کەس کێیە قسە لە هەواڵەکە بکات؟ کێ لە هەواڵەکە نادیارە؟ کێ زانیاری زیاتری لایە لەسەر ئەو ڕووداوە؟ لایەنەکانی کێشەکە کێن؟ ئایە شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە؟ ئەوانەی تر کێن کە پێویستە لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵدا بکرێت؟

- چی: چی ڕوویداوە؟ خاڵی بنەڕەتی ئەم هەواڵە چییە؟ ئەمەوێ بڵێم چی؟ بینەر پێویستە چی بزانێت، تا لەو هەواڵە تێبگات؟ چی سەرسامی کردم؟ گرنگترین زانیاری و ڕاستی چی بوو زانیم؟ مێژوو و باکگراوندی چییە؟ ئێستا چی ڕوودەدات؟ خەڵک دەتوانن چی بکەن؟

- لەکوێ: ئەمە لەکوێ ڕوویدا؟ دەبێت ڕوو لەکوێ بکەم، تا هەواڵی تەواوم دەستبکەوێت؟ دوا ئاراستەی هەواڵەکە بەرەو کوێیە؟

- کەی: ئەمە کەی ڕوویدا؟ کەی خاڵی وەرچەرخان لەو هەواڵە ڕوویدا؟ پێویستە کەی ڕاپۆرتەکەم سەبارەت بەو هەواڵە پێشکەش بکەم؟

---

1- محەمەد ئەلدروبی (2006: 139)

2- سەرچاوەی پێشوو- ل141

3- دیبرا بوتر (2006: 13)

- بۆچی: ئەمە بۆچی ڕوویدا؟ ئایا کێشەکە تەنیا پرسێکە، یا بەشێکە لە پرسێکی گشتی؟ بۆچی خەڵک بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن؟ چی هاندەریانە؟ گرنگیی ئەم هەواڵە چییە؟ بۆچی دەبێت یەکێک بیبینێ؟ چی وام لێ دەکات دڵنیابم لەوەی من ڕاستم سەبارەت بەم هەواڵە؟

- چۆن: ئەمە چۆن ڕوویدا؟ چۆن دۆخەکە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە گۆڕانی بەسەردادێت؟ ئەم هەواڵە چۆن یارمەتی بینەر و کۆمەڵ دەدات؟ چۆن ئەم زانیاریانەت دەستکەوت؟ ئایا شایەدیدانەکان و گواستنەوەی ڕوونە؟ چۆن کەسێک ئەم هەواڵە بۆ هاوڕێکەی باس دەکات؟

## 1-7-3-5- تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

هەواڵی تەلەڤزیۆن، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە وا لەبینەر دەکەن ڕووداوەکە ببینن[1]:

یەکەم- کورتبێژی: بە کورتی نووسین، واتای لابردنی زانیاری ناو هەواڵەکە نییە، بەڵکو "هەواڵی تەلەڤزیۆن بە کورتی و بەواتایی دەناسرێتەوە، هەردووکیشیان دەشێت هەبن بە یەکێتی بابەتیشەوە، کورتبێژی ڕۆحی ڕوونییە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەبوو کە سێ سەدە لەمەوپێش ڕوویدا، کاتێک (باسکاڵ) فەیلەسوفی فەڕەنسی داوای لێبوردنی لە هاوڕێیەکی کرد، بەهۆی ئەو وتارە درێژەوە کە بۆی نووسیبوو، بۆی ڕوونکردەوە، کە کاتی

نەبووە وتارێکی کورتی بۆ بنووسێت"[2]. (یونس شوکرخاه)، دەڵێ: "هەواڵ دەبێت بەکورتی بنووسرێ، تەنانەت ئەگەر پێویستیتان بە هەواڵی درێژیش بێت"[3].

دووەم- هاوڕێکیی نێوان وێنە و دەنگ: هەواڵی تەلەڤزیۆن پشت بە دوو ڕەگەز دەبەستێت: "وێنە، ئەنجا ئەو وێنەیە ڤیدیۆیی بێت، یا فۆتۆ، یا وێنەی گرافیکی، یا وێنەیەک بێت لەسەرچاوەوە. ڕەگەزی دووەمیش دەنگە، کە کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر کەسەکان"[4]. پێویستە ئەوانەی هەواڵ بۆ تەلەڤزیۆن دەنووسن،

---

1- فارس حسن شکر المهداوی (2009: 39)

2- عبد العزيز شرف (1987: 361)

3- یونس شوکرخاه (2007: 29)

4- فارس حسن شکر المهداوی (2009: 40)

پێش نووسین وێنەی هەواڵەکە ببینن، بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکەن، کە نووسینەکە هاوڕێکی وێنەکەیە.

سێیەم- سادەیی و ڕوونی: سادەیی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا بۆ قسەکردن دەنووسرێت، پێویستە نووسەران لەکاتی نووسیندا ڕەچاوی ئەم شێوازەی دەربڕین بکەن، "نووسینی وشە بۆ قسەکردن، بۆئەوەی ببیسترێت و ڕوون بێت، هونەرێکە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە سادەیی دەبەستێت"[1]. گرنگییەکەی وایکردووە، کە سادەیی نووسین ببێت بەیاسا. "زمانی نووسینی هەواڵ، تادەکرێ دەبێ سادەبێت و یاسای زێڕینیش لێرەدا ئەوەیە: (گەر وشەی سادەتر هەبوو بەکاری بێنە)"[2]، چونکە هەواڵی تەلەڤزیۆن بۆ هەموو تەمەن و ئاستەجیاوازەکانی ڕۆشنبیریی دەنووسرێت.

چوارەم- بەکارهێنانی میتافۆر و ئیدیۆم: هەواڵنووسانی تەلەڤزیۆن، هەوڵ دەدەن نووسینەکانیان سەرنج ڕاکێشبێت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، لە بواری ڕەوانبێژیدا زیاتر پەنا بۆ میتافۆر(خوازە- مەجاز) دەبەن، (بەکر عومەر عەلی) بەم شێوەیە باس لە میتافۆر دەکات: "ئەو وشە و دەربڕینانەی، بەواتای فەرهەنگییان بەکارناهێنرێن و دەبنە ئاماژە بۆ واتا و مەبەستی خوازراو، ئەوەش بە یاریکردن و سڕینەوە و بەر ڕووناکی دانی سیما واتاییەکانیان"[3]، لە ڕاگەیاندنیشدا، "بەکارهێنانی میتافۆر ڕستەی تەلەڤزیۆنی نەرمتر و ڕوونتر دەکات و لێڵی ناهێڵێت و هەستی بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، سروشتی تەلەڤزیۆن، سروشتێکی دراماییە، میتافۆریش باشترین هۆکاری زمانییە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە"[4]. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت زیادەڕەوی بکرێت لەبەکارهێنانی میتافۆر لە هەواڵدا، چونکە ئەوکات لەبری ڕۆژنامەنووسیی، دەچێتە خانانەی نووسینی ئەدەبییەوە. بەڵام بەهۆی لێڵی واتاییەوە، کەمتر بەکاردێت و زۆر خوازراو نییە.

پێنجەم- بەدواییەکداهاتنی یەکە پێکهێنەرەکانی چیرۆکە هەواڵ: بەهۆی ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکرێت و کاتیش بە چرکە هەژماردەکرێت، یەک

---

1- عبدالستار جواد (2001: 222)

2- شاخەوان کەرکوکی و عەبدولڕەزاق بۆتانی و گۆران سەباح و بەفرین ئیسماعیل (2007: 89)

3- بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (2004 : 70)

4- عبدالستار جواد (2001: 208)

دەرفەتیش لەبەردەم خوێنەر و بینەردا هەیە بۆ تێگەیشتن لە هەواڵەکە، شێوازی گێڕانەوەش ڕۆڵی خۆی هەیە لە گەیاندندا، پێویستە لە نووسینی هەواڵدا بەش و پێکهاتەکانی هەواڵەکە بەدواییەکدابێن و یەکتر تەواوبکەن، ئەوکات توانای قەناعەتپێکردنی بینەری زیاتر دەبێت.

### 1-7-3-6- **ڕەگەزەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:**

"لە زۆربەی کتێبی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی جیهاندا، ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی هەواڵ، لەگەڵ بەهاکانی هەواڵ تێکەڵ بەیەک دەبن، بەڵکو وای لێهاتووە بەواتای یەک شت بەکاردەهێنرێن"[1]، کە فاکتەری دروستبوونی هەواڵە. "مەبەست لە ڕەگەز و بەهاکانی هەواڵ، ئەو پێوەرانەن، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ، لە هەڵبژاردنی هەواڵدا پشتی پێدەبەستن، لەنێو چەندین زانیاریدا کە پێیان دەگات، زۆر لە توێژەران پێیانوایە چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی هەن، کە لەهەواڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن"[2]، ئەم ڕەگەزانە کوالێتی و گەرەنتی بڵاوبوونەوە بە هەواڵ دەبەخشن. جۆراوجۆری ڕەگەزەکان، بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان قوتابخانەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، ئەویش بەگوێرەی ئەو ئاراستەیەی کەناڵەکە کاری پێدەکات، وەک کەناڵە (پارێزگارەکان) و کەناڵە (تایبەتییەکان- میللی و جەماوەرییەکان)[3]، دیارترین ڕەگەزەکانی هەواڵ، ئەمانەن:

1- نوێیی: بەواتای گەرماوگەرمیی دێت، "مەبەست لێی تازە بوونی هەواڵە، هاوکاتی ڕووداوەکان بێت و لەگەڵی بڕوات، هەواڵ کاڵایەکە زوو بەسەر دەچێت"[4]، هیچ کەس نییە ئامادەیی ئەوەی تیابێت گوێ لە هەواڵێکی کۆن، یا هی دوێنێ بگرێت، ئەگەر تازەبوونەوەیەکی تیا نەبێت. "هیچ شتێک لە ڕۆژنامەی دوێنێ مردووتر نییە، بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش لەوەی کاتژمێرێک

---

1- سەرچاوەی پێشوو- ص51

2- ابراهیم سعید فتح الله (2007: 73)

3- عبدالخالق محمد علی (2010: 108-181)

4- اسماعیل ابراهیم (1998: 14)

لەمەوپێش پێشکەشکرا"[1]. وتەیەکی باو هەیە لە ناوەندەکانی هەواڵ دەڵێ: "هەواڵی دوێنێ، ئەمڕۆ هەواڵ نییە"[2].

2- نزیکی/ شوێن: کاتێک هەواڵ بایەخی زیاتر دەبێت، کە نزیک بێت لە جەماوەرەوە. ئەنجا ئەو نزیکییە لە ڕووی جوگرافییەوە بێت، یا بەرژەوەندی، یا دەروونی. "کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەک لە چاد، دەبێتە سەردێری سەرەکیی هەواڵەکانی نجامینا، بەڵام مەرج نییە ببێتە سەردێری هەواڵەکانی چیلی، ئەگەر فڕۆکەکە هیچ کەسێکی چیلی تیادا نەبووبێت"[3].

3- بایەخ، کەسێتیی ناودار/بەناوبانگ: بەزۆری هەواڵەکان بەهۆی کەسێتییەکەوە گرنگ، یا سەیردەبن، چونکە کەسایەتییەکان ئەگەر خۆشیان هەواڵ نەبن، ئەوا دروستی دەکەن. "چەند هەواڵەکە پەیوەندیی بە کەسێکی گرنگەوە هەبێت، بایەخەکەی زیاتر دەبێت، زیاتر شایەنی بڵاوکردنەوە دەبێت لەهەواڵێکی تر"[4]. شوێنیش گرنگیی خۆی هەیە، چونکە "ئەوەی بۆ کەسەکان ڕاستبێت، بۆ شوێنیش هەروایە، بۆنمونە: هەڵگیرسانی ئاگرێک، یا تاوانێک، بایەخی زیاتر دەبێت، ئەگەر لە شارێکی نزیک لە بینەر و بیسەرەوە بێت"[5].

4- سەیر و سەمەرەیی: یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان، چونکە هەواڵی سەیر و سەمەرە بەگشتی جێی بایەخی خەڵکە، یا دەرچوونە لە ژیانی ئاسایی، وتەیەکی باو هەیە دەڵێ: ئەگەر سەگێك گاز لە کەسێك بگرێ هەواڵ نیە، بەڵام ئەگەر کەسێك گاز لە سەگێك بگرێ هەواڵە، ئەمەش بەهۆی سەمەرەییەوە. "ئەرستۆ وەسفی ئەم دۆخە دەکات، کە دەرچوونی تاکە لە هەڵچوون و خواستە چەپێنراوەکانی دنیا"[6].

---

1- ب. كورتيس ماكدوغال (2000: 92)

2- عبدالستار جواد (2001: 47)

3- ديبرا بوتر (2006: 5)

4- اسماعيل ابراهيم (1998: 16)

5- ب. كورتيس ماكدوغال (2000: 95)

6- سعيد محمد سيد (1988: 21)

5- ململانێ: قسەیەک هەیە دەڵێ: هەمیشە ململانێ زیاتر جێی بایەخە لە هێمنی. "ژیان لەسەر ململانێ وەستاوە، ململانێ لەپێناو مانەوەدا، بۆ دەستخستنی پاروە نانێك، بۆ ژیانێکی باشتر، ململانێ هەر لەنێوان تاکەکاندا نیە، بەڵکو لەنێوان وڵاتانیشدا هەیە"[1]. "مێژووی مرۆڤایەتیش بریتیە لە ململانێیەکی بەردەوام، ئەگەر لەنێوان تاکەکان، یا وڵاتاندا نەبێت، ئەوا ململانێ بووە لەگەڵ سروشت، یا ململانێ بووە لەنێوان چاکە و خراپەدا"[2].

6- کاریگەریی: مەبەست لەو کاریگەریەیە، کە هەواڵێك لەسەر هزری تاك و کۆمەڵ دەیبێت، "ئایا کار لە خەڵکانێکی زۆر دەکات، یا تەنیا ژمارەیەکی کەم؟ پیسبوونی تۆڕی ئاوی شارەکەت، کە ژمارەیان 20 هەزار کەسە کاریگەری دەبێت، چونکە ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە جەماوەرەکەتەوە هەیە"[3].

7- سێکس: ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە، هەمیشە جێی بایەخی بینەرانن، وەك پەلاماری سێکسی، ئەم ڕەگەزەی هەواڵ کاریگەریی هەیە لەسەر زیادکردنی ڕێژەی بینەر، چونکە خۆی لەخۆیدا سەرنج ڕاکێشە و مایەی بایەخ پێدانی خەڵکە، وەك ڕووداوەکەی (بیل کلنتۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا و (مۆنیکا)ی کارمەندی کۆشکی سپی. سەبارەت بە بەهای هەواڵیی سێکس، (کارفی وراڤرس)، دەڵێ: "ئێستایێت، یا داهاتوو دەبێت ئەوە بزانین، لەماوەی دوو دەیەدا، لە کۆمەڵێکەوە کە بەدەگمەن باسی سێکسی دەکرد، گۆراین بۆ کۆمەڵێك بەدەگمەن پێوەی دیارە، کە جگە لەوە بایەخ بەشتێکی تر بدات"[4].

8- بایەخی مرۆیی: بەو واتایەی ئەو شتانەی جێی بایەخی زۆرترین خەڵکن، بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە، "مرۆڤ گرنگیی بەو هەواڵانە دەدات، کە پەیوەندییان بەخۆیەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەیە، هەروەك چۆن گرنگی بە ڕووداوی کۆمەڵگاکانی تر و وڵاتانی تر دەدات"[5].

---

1- اسماعيل ابراهيم (1998: 16)

2- سعيد محمد سيد (1988: 19)

3- ديبرا بوتر (2006: 5)

4- عبدالستار جواد (2001: 51)

5- عەبدالقادر شعبانی و راغب جابر و وائل ماهر عارف قنديل و ا. اسامه زكی قطينة(2006: 13)

9- کات: "کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە بایەخەکەی دووهێندە دەکات، ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەواڵەکە، ئەگەر هاوکات بێت لەگەڵ ڕووداوێکی تردا، کە بایەخی لەو زیاتر بێت"[1].

10- قەبارە: واتا قەبارەی ئەو جەماوەرەی، هەواڵەکەیان بەلاوە گرنگە، چەند قەبارەی بەیاخ پێدانەکەی زۆربێت، ئەوەندە بەهای هەواڵەکە بەرزتر دەبێتەوە. "ڕووداوێک یەک کەس تیایدا بووبێتە قوربانی، ڕووداوێکی ئاساییە و زۆر ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر هەر لەو ڕووداوەدا چەند کەسێک بوونە قوربانی، دەبێت بە هەواڵێکی ڕۆژنامەوانیی و شایەنی بڵاوکردنەوەیە"[2]. قەبارە "پەیوەندیی بە بایەخی شوێنی ڕووداوەکەوە، یا گرنگیی پێگەکەیەوە هەیە"[3].

11- سەرنجڕاکێشان: ئەم ڕەگەزە لە هەواڵدا، وا لە بینەر دەکات بەدوای هەواڵەکەدا بچێت و چاوەڕێ بکات، تابزانێت ئەنجامەکەی بەچی دەگات و کۆتایی ڕووداوەکە ببینێت. "هەواڵی سەرنجراکێش وەک زنجیرە پۆلیسییەکانە، واتلێدەکەن بە گەرمیی و بایەخەوە بەدوایانداںچیت، وەک هەواڵی ڕووداوەکانی کارەسات و هەواڵە مرۆییەکان"[4].

### 1-7-3-7- **شێوەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:**

نووسینی هەواڵ بۆ تەلەڤزیۆن، بەپێی ماوەکەی و شێوازی پێشکەشکردنی، چەند شێوەیەکی هەیە، هەر یەکێک لەو شێوانە، وەک پەیمانگای ڕۆژنامەوانیی (بی بی سی) ئاماژەی پێ دەکات[5]، سیمای نووسینی تایبەت بەخۆی هەیە:

یەکەم: ئەو هەواڵانەی تەنیا بێژەر دەیانخوێنێتەوە و وێنەیان لەگەڵدا نییە، ئەم شێوازە نەخوازراوترین شێوازی هەواڵە، چونکە وێنەی لەگەڵدا نییە و لەگەڵ شێوازی کاری تەلەڤزیۆندا ناگونجێت، تەنیا بۆ هەواڵە بەپەلەکان بەکاردێت، یا ئەوانەی کە گرنگیی

---

1- اسماعیل ابراهیم (1998: 15)

2- مرعی مدکور (2002: 44)

3- عبدالجواد سعید ربیع (2005: 76)

4- اسماعیل ابراهیم (1998: 16)

5 -http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/about_us/newsid_7690000/7690250.stm

تایبەتییان هەیە و کاتی بەدەستخستنی وێنەیان نابێت. پێویستە ماوەی ئەم شێوازە لە (25) چرکە زیاتر نەبێت.

دووەم: ئەو هەواڵانەی وێنەی فۆتۆ، یا گرافیکیان لەگەڵدایە و بێژەر دەقەکە پێشکەش دەکات، ئەم جۆرە هاوشێوەی ئەوەی پێشوو خوازراو نییە، ماوەکەشی لە 25 چرکە تێپەڕنابێت، چونکە وێنەی ڤیدیۆیی لەگەڵدا نییە، بەڵام نووسەرانی هەواڵی تەلەڤزیۆن ناچارن لەکاتی پێویستدا کاری پێبکەن، وەک پرێس کۆنفرانسی زۆرگرنگ، کە هێشتا سازنەکراوە، بەدانانی وێنەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە، یا ئەو هەواڵانەی گرنگن و وێنەیان دەست ناکەوێت. هەواڵی ناوچە دوورەدەستەکان، کە وێنەیان نییە و ناکرێت هەواڵەکە فەرامۆش بکرێت، لێرەدا نەخشەی ناوچەکە بەکاردێت. هەواڵی کەوتنەخوارەی فڕۆکەیەک، ئاگر کەوتنەوەیەک، کە ناتوانرێت چاوەڕێی گەیشتنی وێنەی ڤیدیۆیی بکرێت و بۆ زۆربەیان پەنا بۆ گرافیک دەبرێت، بەڵام دەبێت گرافیکەکە ڕوون و دیاریکراو بێت.

سێیەم: ئەو هەواڵانی وێنەی ڤیدیۆییان لەگەڵدایە و بێژەر پێشکەشی دەکات، باوترین جۆری هەواڵە، ڕەنگە زۆرجار نووسەرانی هەواڵ درک بەوە نەکەن، کە نووسینی ئەم شێوازە لە نووسینی ڕاپۆرتێک سەختترە، چونکە پێویستیی بە شارەزایی و وردیی هەیە، لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان و چڕکردنەوەی دەقی هەواڵەکە، بەشێوەیەک تێکڕای ماوەکەی لە (35-40) چرکە تێپەڕ نەکات، پێویستە پێشەکی و ناوەڕۆکی هەواڵەکە تەواوکەری یەکتربن و بەدوای یەکدابێن بەبێ بەکارهێنانی هیچ وشەیەکی بەستنەوەی وەک (هەروەها، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەو..) و نابێت هیچ زانیارییەک وەک خۆی دووبارە بکرێتەوە. وشەکانی پێشەکی، کە یەک لەسەر سێی هەواڵەکەیە، بێژەر دەیانخوێنێتەوە لەسەر شاشە، بەڵام بەشی دووەم وێنەکە نیشاندەدرێت و وشەکان گوزارشت لە وێنەکە دەکەن و وەسفی وێنەکە ناکەن. هەواڵەکە تەنیا وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان دەداتەوە، نەک هەموویان.

چوارەم: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیی، ڕاپۆرت دوو شێوەی هەیە، یەکێکیان لە ناو ژوورەکانی هەواڵدا ئامادە دەکرێت، ئەوەی تریان لەشوێنی ڕووداوەکە، واتا مەیدانییە.

قاڵبی ڕاپۆرت، دەرفەتێکی باش بە هەواڵساز دەدات، تاوەکو هەواڵێکی تێروتەسەل بنووسێت و جێبایەخی زۆرترین بینەربێت، چونکە لەڕووی ماوە و زانیارییدا، بەراورد بە

شێوەکانی دیکە، کاتی زیاتری لەبەردەستدایە، ڕاپۆرت لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، کە بریتین لە پێشەکی و ناوەڕۆک.

1- پێشەکیی ڕاپۆرت: پێشەکی بیانوو بۆ بوونی ڕاپۆرتەکە دەدۆزێتەوە و وەک ڕیکلامی بازرگانی وایە، سەرنجی بینەر بەلای ڕاپۆرتەکە ڕادەکێشێ، تا بەردەوامبن لە سەیرکردنی، بەکورتی هەستی بینەر بۆ ڕاپۆرتەکە دەوروژێنێ، خراپترین جۆری پێشەکیی ئەوانەن کە باس لە خاڵە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زانیارییەکی وای تیابێت، کە گرنگیی ڕاپۆرتەکە بسەلمێنێ و پەیوەندیی بە ڕاپۆرتەکەوە هەبێت، نابێت ڕستەکانی سەرەتای ڕاپۆرتەکە دووبارە بکاتەوە.  ماوەی پێشەکیی ڕاپۆرت دەبێت لە 25 چرکە تێپەڕ نەکات و بێژەر لەسەر شاشە پێشکەشی دەکات، ئەمەش پێویستیی بە لێهاتوویی نووسین و داڕشتن هەیە.
2- ناوەڕۆکی ڕاپۆرت: کاتێک لە سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (وودرۆ ویڵسۆن) یان پرسی، سەبارەت بەو ماوەیەی پێویستییەتی بۆ ئامادەکردنی وتارەکانی، لە وەڵامدا وتی: "ئەوە پەیوەندیی بە ماوەی وتارەکەوە هەیە، ئەگەر (10) خولەک بێت، پێویستم بە هەفتەیەک هەیە. ئەگەر چارەکێک بێت، پێویستم بە (3) ڕۆژە... ئەگەر بۆ نیوکاتژمێر بێت ئەوە پێویست بە (2) ڕۆژ دەکات... ئەگەر وتارەکە ماوەکەی (1) کاتژمێربێت، ئەوا من ئێستا ئامادەم...". ئەگەر ڕاپۆرتێک ماوەکەی لە (3) خولەک تێپەڕ نەکات، ئەوا ئامادەکارانی ئەرکیان سەخت دەبێت و پێویستییان بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە، تا بتوانن مەبەستەکانیان بەباشی و بەڕوونی بگەیەنن، بەڵام بوونی دەنگ و وێنە و وشە، لەگەڵ ئامادەبوونت لە شوێنی ڕووداوەکە کارەکە ئاسان دەکەن و دەبێت بەباشی بقۆزرێنەوە. ڕاپۆرت دەبێت وەڵامی هەر شەش پرسیارە سەرەکییەکە بداتەوە (چی، بۆچی، کەی، لەکوێ، کێ، چۆن)، یەکێتی بابەتی تیادابێت و باس لە یەک بابەت بکات، پێویستە ڕستەکانی کورت بن، چونکە ڕستەی درێژ بەسروشت ئاڵۆزە و تێگەیشتنی سەخت دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەنگی سروشتی تیادەبێت و دەرفەتی هەناسەدان بە بینەر دەدات. هەمیشە سەرەتای ناوەڕۆکی ڕاپۆرت بە ڕستەی سەرەکی دەستپێدەکات، ئەم ڕستەیە گەرەنتی گرنگی و بەهێزیی ڕاپۆرتەکە دەکات، پاشان وردە وردە زانیاریەکان دەخرێنە ڕوو.

### 1-7-3-8- **نووسینی هەواڵ بۆ تەلەڤزیۆن:**

هەواڵسازی تەلەڤزیۆن، پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانێت، کە بۆ بیستن دەنووسێت، (لیۆنا هوود- بەرهەمهێنەری پێشووی هەواڵ لە کەناڵی KUSA-TV) لەو بارەیەوە دەڵێ: "گرنگترین شت لە پەخش، ئەوەیە کە خەڵک یەک دەرفەتیان هەیە بۆ بیستنی ئەوەی دەیڵێی، ئەگەر شتێکت لەدەست چوو، لەو هەموو کەناڵە زۆرەدا، چەندین هەڵبژاردەی تریان هەیە، دەبێت هەر ڕستەیەک شتێکی تیابێت، کە جێی بایەخیان بێت"[1]. ئەمەش وادەکات، لەکاتی نووسیندا چەند خاڵێک لەبەرچاوبگرێت، کە (فاروق ئەبوزەید) بە مەرجی شێوازی نووسین ناویان دەبات، "سێ مەرج هەیە پێویستە لە زمانی نووسینی هەواڵدا هەبن:

1- سادەیی و ئاسانی و دوورکەوتنەوە لە پێکهاتەی سەیر و ئاڵۆز لە زماندا، گوزارشتی جوانکاری و هاوواتا و ئاماژەدان بەنموونە هێنانەوە خوازراو نین، دووربە لە شیعر و پەخشان، کەزیاتر لە زمانی ئەدەبیەوە نزیکن، نەک زمانی ڕاگەیاندن.

2- دوورکەوتنەوە لە کرداری بکەر نادیار، تا دەکرێت بکەر دیار بەکاربێنە.

3- پێداگریکردن لە بەکارهێنانی ڕستەی کورت و بڕگەی کورت، لەگەڵ پەیوەستبوون بە زاراوەی باو.

هەر سەبارەت بە سادەنووسینی هەواڵ، کە پاشان بێژەر لەبەردەم کامێرادا دەیخوێنێتەوە، گیۆف هامۆند (Geoff Hammond) دەڵێ: "هەواڵنووس، پێویستە بەو شێوەیە بنووسێت، کە قسەی پێدەکات، نەک بەو شێوەیەی کە پێی دەنووسێت"[2].

" دەبێت بنەمای نووسین بە شێوازی قسەکردن و گفتوگۆت لەبیربێت، بەو جۆرە بنووسە، کە بۆ هاوڕێکەت قسەی پێدەکەیت.

دڵنیابە لەوەی کەس بەو شێوەیە قسەناکات، کە پێی دەنووسێت، کەسیش وا نانووسێت، کە قسەی پێدەکات، بەڵام نووسینی هەواڵی تەلەڤزیۆن، یەکخستنی

---

1- كارول ريتش (2002: 351)

2- سعيد محمد سيد (1988: 210)

ئەو دوو ئەگەرەیە"[1]. سەبارەت بە کورت نووسین وەک پێویستییەکی گرنگ، "ئامۆژگارییەکانی (جۆن ڕەنکنباو) دەرهێنەر لە ڕۆژنامەی (KSNT) لەبەرچاو بگرە: چەند پەیامەکەت کورت بێت، ئەوەندە کاریگەرییەکەی گەورەتر دەبێت"[2].

پێویستە نووسەرانی تەلەڤزیۆن، وا بنووسن، کە بەدەنگی بەرز بخوێندرێتەوە، لەبەرئەوە، "هەواڵنووسان ڕستەکانیان زۆر بەکورتی دەنووسن، تا بێژەر بتوانێ بەدەنگی بەرز و بەیەک هەناسە و بەبێ وچان بیخوێنێتەوە"[3].

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەواڵی تەلەڤزیۆن، ئەوەندە کورت نەکرێتەوە واتا نەگەیەنێت، وەک چۆن پڕکردنی لە زانیاریش دەرفەتی بەردەوامیی گوێگرتن و سەیرکردنی بینەر کەمتر دەکاتەوە، بۆیە دەبێت لە بۆتەی قاڵبێکدا داپڕێژرێت، لەئاست کۆکردنەوەی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەنییانەدا بێت. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە بینەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، پێویستە بە شێوازیک بنووسرێت، لەگەڵ بینەر و ئاستە جیاوازەکانیان بگونجێت، باشترین شێوازیش بۆ خستنەڕووی پەیامەکەی شێوازی نووسینە لە بۆتەی ئەو قاڵبەی پێی دەوترێت (قوچەکی هەڵگەڕاوە)، "(ئایرڤنگ ئی. فانگ) پێیوایە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن شۆڕشێکیان لە شێوازی نووسینی هەواڵدا بەرپاکر دۆخەکە بەم شێوەیە بۆ کورت دەکاتەوە: گرنگترین ڕاستییەکان سەرەتا دەوتران، پاشان ئەو ڕاستییانەی بایەخیان کەمتربوو بەڕیز بۆ خوارەوە"[4]. شارەزایانی هەواڵنووسین، دوو بۆچوونیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی نووسین بە شێوازی قوچەکی هەڵگەڕاوە هەیە، هەندێکیان پێیان وایە بە گوێرەی ئەم قاڵبە، هەواڵ دەکرێت بە سێ بەشەوە، سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی، یا پێشەکی ، ناوەڕۆک ، کۆتایی. "پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی، خاڵێک نییە لەیەکتر جیایان بکاتەوە"[5]. (عەبدولستار جواد)، لە کتێبی (هونەری نووسینی هەواڵ)دا بەم شێویە بەشەکانی دابەشدەکات:

---

1- اسماعيل الامين (2009: 104)


2- بروانە: كارول ريتش (2002: 354)

3- ديبرا بوتر (2006: 40)

4- بروانە: عبدالستار جواد (2001: 181-182)

5- عبدالستار جواد (2001: 187)

* کرۆک – الذروة- Culmination، هۆکار- السبب- Reason، شوێنەوار-الاثار- Relics




نموونە: شوفێرێکی سەرخۆش، کە بارهەڵگرێکی لێ دەخوڕی، دوێنێ ئێوارە لە ڕێگای خێرای نێوان ( ..... ) وەرگەڕا و شوفێرەکە گیانی لەدەستدا و بارهەڵگرەکەش تێکشکا.

کرۆکی هەواڵەکە وەرگەڕانی بارهەڵگرەکەیە و هۆکارەکەشی مەی خواردنەوەی شوفێرەکەیە. ئەنجام، یا کۆتاییش کوژرانی شوفێرەکە و تێکشکانی ئۆتۆمبێلەکەیە.

هەر لەو بارەیەوە (سامی و ئەیمەن) لە کتێبی (زمانی ڕاگەیاندن) ئاماژە بەوە دەکەن[1]، کە پێشەکیی باش، کلیلی هەواڵی باشە، بەهۆی ئەوەی هەواڵەکان کورتن، زۆر پێویستە بە سەرەتایەکی باش و دروست دەست پێبکات، گەرەنتی ڕاکێشانی سەرەنجی بیسەرو بینەر بکات و لە گرنگترینی ڕووداوەکە ئاگاداری بکاتەوە. گرنگترین ڕێسای ئامادەکردنی پێشەکی باش، بریتییە لە:

- فۆکەس: پێویستە پێشەکی کورت و پوخت بێت، هەمیشە پێشەکی وەڵامی یەکێك، یا دووان لە پرسیارە سەرەکیەکان دەداتەوە.
- کورتیی: پێشەکی سەرکەوتوو، بریتییە لە پێشەکیی کورت، بەکەمترین وشە گرنگترینی ڕووداوەکە بە بینەر و بیسەر دەوترێت.
- زیندویی: پێشەکی کلیلی هەواڵە، یەکەم هۆکاری سەرنجڕاکێشانی بینەر و وریاکردنەوەیەتی، بۆیە پێویستە بە شێوازێکی جوان و زیندوو داڕێژرێت.

---

1- سامی الشريف و ايمن منصور ندا (2004: 92-93)

جەستە، یا ناوەڕۆکی هەواڵ، مەبەست لێی خودی چیرۆکە هەواڵەکەیە، ڕستەکانی ئەو بەشە هەڵگری درێژەی چیرۆکەکە و پێشکەوتنەکانین.

بەڵام ڕستەی کۆتایی، ئەو ڕستەیەیە، کە هەواڵنووس هەواڵەکەی کۆتایی پێ دێنێ، بۆ پارێزگاریکردن لە بینەر و بیسەر، دەشێت زانیاری ئەو ڕستەیە گرنگ بێت و پێشتر بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەکرابێت.

بۆچوونی دووەم، پێیان وایە کە هەواڵی تەلەفزیۆن، بەگوێرەی قوچەکی هەڵگەڕاوە، لە دووبەش پێکدێت، (فاروق ئەبوزەید)[1]، لە کتێبی (هونەری هەواڵی ڕۆژنامەوانی) و غەزوان جەبار محەمەد حسێن، لە کتێبی (شێوازی هەواڵەکان و ناوەڕۆکیان و شێوەکانیان لە کەناڵی ئاسمانیی لوبنانی ئێل بی سی)[2] دا، تەنیا ئاماژە بە پێشەکی هەواڵ و بۆدیی هەواڵ دەکەن. گرنگترین ڕاستیی، یا مەترسیدارترینی ڕووداوەکە، یا دیارترین لێدوان لەپێشەکییدا دێت، کە بنەڕەتی قوچەکەکە پێکدێنێ و گرینگترین بەشیەتی، دوای پێشەکیی ناوەڕۆکی هەواڵەکە دێت، لە گرنگترینەوە بۆ کەم گرنگترینیان، تا دەگاتە کۆتایی هەواڵەکە و لوتکەی قوچەکە هەڵگەڕاوەکە.

---

1- فاروق ابوزید (1984: 382)

2- غزوان جبار محمد حسين (2006: 37)

# دووەم بەش

# وشەسازی لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا

## 2-1- **سەرەتا:**

وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)، بەو زانستە دەوترێ، کە لە پێکهاتە و گۆڕانی وشە، وەک بەشێکی سەرەکی ڕێزمان دەکۆڵێتەوە. "ڕێزمانیش ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتنی وشە و ڕستە دەدوێ"[1].

ڕێزمان وەک یەکێک لە ئاستەکانی زمان، لە وشەسازی و ڕستەسازی دەکۆڵێتەوە، "وەک زانراوە، بچوکترین کەرەسەی زمان تاکە دەنگەکانیەتی، لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دروستبوون و گواستنەوە و وەرگرتنیان لەلایەن گوێگرەوە فۆنێتیکە.

کۆمەڵە دەنگێک، کە هەموو بەیەکەوە هەمان نرخیان هەبێ لە زمانێکی تایبەتیدا یەک فۆنیم پێکدەهێنن. چەند فۆنیمێک بەپێی یاسا فۆنۆلۆجیەکانی تایبەت بە زمانەکەوە لەیەک دەدرێن و بڕگە دروست دەکەن. ئەو ئاستانەی باس کران لایەنی بێ واتای زمان دەگرنەوە. هەروەها، یەک یا زیاتر لە یەک فۆنیم، مۆرفیم دەنوێنرێ. مۆرفیم بچوکترین کەرەسەی واتاداری زمانە، کە لە ڕێزماندا ڕۆڵێکی هەیە. بەیەک مۆرفیم یا زیاتر وشە دروست دەبێ. بەیەک وشە، یا زیاتر فرێز دروست دەبێ و  چەند فرێزێک ڕستە دروست دەکەن"[2].

زمان، لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا دروستدەبێت، کە یەکێك لە ئەرکەکانی گەیاندنی پەیامە. گەیاندنی پەیام، لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەرکێکی دیاری کەناڵەکانە، زمانیش ئامرازی گەیاندنە، کە کرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت.

## 2-2- **چەمک و زاراوەی وشەسازی:**

"وشەسازی لەڕووی واتای زمانەوە، بە واتای وشە سازکردن، واتە پێکهاتنی وشە دێت، وشەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، وەک:

وشە + ساز (ڕەگی چاوگی سازان) + پاشگری (ی)، بۆتە زاراوەیەکی زمانەوانی کە باسی وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکات"[3]. لەپاڵ ئەم زاراوە

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1979: 4)

[2]- وریا عومەر ئەمین (2009: 23)

3- ڕەفیق شوانی (2011: 22)

داڕێژراوەشدا، زمانەوانانی کورد، زاراوەی (مۆرفۆلۆژی)ش بەکاردەهێنن. "کە لە یۆنانییەوە وەرگیراوە، لە: (شێوە، فۆرم) و (زانست، لێکۆڵینەوە) پێکهاتووە. بەم جۆرە، مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە"[1].

کەرەسەی لێکۆڵینەوەی وشەسازی وشەیە و "لە وشە دەدوێ، لە سیستەمی زمانەوە تێیان دەڕوانێ و پێوەندییان لەگەڵ ماکەکانی دی هەمان سیستەم دیاری دەکات. بۆ نموونە، نێوانی قاڵبە جیاجیاکانی وشە لەسەر چ مەرج و پێوەندییەک دامەزراوە"[2].

لە ڕووی ئەرکیشەوە، وشەسازی "بایەخ بە پەیوەندی نێوان گەردانکردنی وشە و ئەرکە ڕێزمانییەکانی دەدات، وەک پەیوەندیی نێوان وشەی (گوڵ) و (گوڵان) گەردانکردنی وشەکە بەهۆی نیشانەی کۆوە ئەرکەکەی لەو پێکهاتەیەدا دیاری دەکرێت"[3].

### 2-3- وشە و مۆرفیم:

وشەسازی لە دوو ئاست پیکدێت، کە (وشە و مۆرفیم)ن.

### 2-3-1- مۆرفیم:

"مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ، یا زیاتر پێک دێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە. بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی یا بەلەتلەتکردنی، مانا و دەورە ئەسڵییەکەی تیا ئەچێ"[4].

مۆرفیم "بچوکترین یەکەی پێکهێنەری وشەیە کە واتای هەبێت، یا ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە، لە پێکهاتەی وشەدا"[1].

---

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1979: 4)

2- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2005: 781 )

3- ڕەفیق شوانی (2011: 23)

4- وریا عومەر ئەمین (2009: 114)

سەبارەت بە جۆری مۆرفیم، "زمانەوانەکان زۆر چەشن مۆرفیمیان لە یەکتری جیاکردۆتەوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر جیاکردنەوەی مۆرفیمی بەند و ئازادە، مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەوترێ، کە سەربەخۆ بەکارنایەن لە زمانەکەدا و دەبێ لەگەڵ کەرەسەی تردابێن، وەک هەموو پێشگر و پاشگر و ناوگرێک: (ەکە، ئـ، ان، ە، ب، ئایە(دارەکە، دارەکان)، وەرە، بڕۆ، بڕۆیشتایە...هتد). مۆرفیمی ئازاد، بە پێچەوانەوە دەتوانێ سەربەخۆ بەبێ یاریدەی کەرەسەی تر لە زمانەکەدا بەکاربێت، وەک: (با، دار، جێگا، دەست...هتد)"[2].

هەردوو زمانەوانی ئەمەریکایی، (بلوخ و تراگەر)، سەبارەت بە پێکهاتەی مۆرفیم دەڵێن: "هەر شێوەیەک، بەند بێ، یا سەربەخۆ، نەتوانرێت دابەشبکرێت بۆ پارچەی بچوکتر، ئەوە مۆرفیمە"[3].

## 2-3-2- **وشە:**

سەبارەت بە وشە، (فاروق عومەر سدیق)، دەڵێ: "سەختی و ئاڵۆزی پێکهاتەی وشە، کارێکی وای کردووە، کە کارکردن بۆ دەست نیشان کردن و دەست خستنە سەر لایەنە جیاواز و تایبەتییە هەمە چەشنەکانیشی، هەروا ئاسان نەبێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە زمانەوانان بەگشتی لەسەر ئەوەی کە دانەیەکی گرنگ و سەرەکیی زمانە، هەموویان کۆکن، بەڵام لە پێناسەکردن و دیاریکردنی نیشانە و تایبەتێتییەکانی یەک ناگرنەوە و بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاوازەوە بەپیر ئەو مەسەلەیەوە ڕۆیشتوون و تا ئەمڕۆ زانستییانە و بەردەوام کاری تیادا دەکرێت"[4].

وشە "مادەی بنەڕەتییە، کە وشەسازی لێی دەکۆڵێتەوە، لە ڕاستیدا گرنگترین یەکەی زمانە، چونکە پێکهێنەری گرنگترین ئاستی یەکەکانی واتاسازییە"[5].

---

**1- محمود فهمی حجازی (1997: 90)**

**2- محمد معروف فەتاح (2011: 89)**

**3- محمود السعران (2008: 230)**

**4- فاروق عومەر سدیق (2011: 12)**

**5- حاتم صالح الضامن (1989: 57)**

ستیف ئۆڵمان، سەبارەت بە وشە دەڵێ: "بچوکترین یەکەی واتاداری گوتن و زمانە"[1].

سەبارەت بە ئەرکی وشە، "ڤینۆگرادۆڤ، نووسیویەتی: بە وشە، ناو لە شتی کۆنکرێتی و چەمکی ئەبستراکتی، دەنرێت، هەڵچوون و پەستبوون (ئیمۆشن) و ئیرادە و ئارەزووی مرۆڤ و کەتیگۆرییە گشتێکانی پەیوەندییە ژیانێکان، دەردەبڕێت"[2].

"بۆداگۆڤ، دەڵێت: وشە گرنگترین کەتیگۆری زمانییە. کاتێ قسە لە زمان دەکرێت، پێش هەموو شتێک وشە بەبیردا دێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە زمان لە وشە پێکهاتووە، بەویش شیتەڵ دەکرێتەوە و لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێکردنی وشە، فەرمولەش دەبێت. هەرچەندە، زانست دەربارەی زمان لەتەک وشەدا لە کەتیگۆری و دیاردە زمانێکانی تریش دەکۆڵێتەوە، بەڵام کەتیگۆرییەک کە زیاتر سروشتی و دیاربێت، هەر وشەیە"[3].

"وشە، بریتییە لە هەر فۆرمێکی سەربەخۆی ڕستە، کە بتوانرێ بەیەکێ لە فۆرمەکانی پرس پرسیاری دەربارە بکرێ و بتوانێ ببێتەوە وەڵامی پرس. بەم پێیە: کار، ناو ، ئاوەڵناو، ژمارە، ئاوەڵکاری کات وشوێن و ڕاناوە سەربەخۆکان بە وشە دادەنرێن"[4].

ڕەفیق شوانی، دەڵێ: "وشە کۆمەڵە دەنگێکە بەسەر یەکەوە پەیوەندییان هەیە و واتا دەبەخشن"[5].

فەرهەنگی (وێبستەر) بەم شێوەیە پێناسەی وشەی کردووە: "وشە دانەیەکی زمانە، کە هەڵگری واتایە و لە مۆرفیمێک، یا زیاتر پێکدێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەیەکەوە بەستراون و بەهای دەنگییان هەیە"[6]، لە پێکهاتەی

---

**1- ستيڤ المان (1986: 45)**

**2- بروانە: فاروق عومەر سدیق (2011: 12)**

**3- سەرچاوەی پێشوو(13-14)**

[4]- **عەبدولوەهاب خالید موسا (2007: 43)**

**5- ڕەفیق شوانی (2011: 29)**

**6 - http://www.websters-online-dictionary.org/definitions/word. (24-9-2012)**

دەنگیشدا، وشە لە بڕگەیەک، یا زیاتر دروست دەبێت و لەسەرەتا و کۆتاییدا وەستان هەیە، لە نووسینیشدا لە سەرەتا و کۆتاییدا بەجیا دەنووسرێت و نالکێت بە وشەی ترەوە.

لە ڕووی گرنگیشەوە، "گرنگیی وشە لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە بیرێک و کەرەستەیەکی نوێ دێتە ناو ژیانەوە، بۆ دەربڕین و ناوهێنانی پێویستە بە وشەیەکی نوێ گوزارشتی لێ بکرێت"[1].

سەبارەت بە ڕۆڵی وشە لە زماندا، زمانەوانی ئینگلیزی (میشێل ئە. هالیدای)، لەو بڕوایەدایە، "زۆرینەی خەڵک ڕوونترین خەسڵەتی زمان دەزانن، کە لە وشە پێکهاتووە، لەهەردوو سەرەکەیەوە بۆشایی هەیە، دەزانن وشە بنووسن، یارییان پێبکەن و لە فەرهەنگدا بەدوایدا بگەڕێن، سەخت نییە بیناسنەوە و وەسفی بکەن، بەڵام کاتێک کەمێک لەوە وردتر لێی دەڕوانین، وشە دوورە لەو سادەیی و ڕوونییەی ئێمە پێشبینیمان دەکرد"[2].

"هەرچەندە وشە دانەیەکی زمانی یەکجار دێرین و بڵاو و ئاشنایە، تا ئێستا پێناسەیەکی ورد و قوڵ و تەواوی نەخراوەتە ڕوو، زانایەکی وەک مالینۆفسکی وشە بە دانەیەکی خەیاڵی دادەنێ و باوەڕی بەوە نییە کە بوونێکی لە زماندا هەبێ، لە شێوازی قسەکردنیشدا وشە لەدوای وشە بەدوای یەکتریدا دێن و هیچ شتێکی نێوانیان سنووری وشەمان بۆ دیاری ناکات"[3].

سەبارەت بە سنوری وشە لە زمانی کوردیشدا، "دەستنیشانکردنی تخوب، یا چوارچێوەی وشە لە زمانی کوردیدا، کارێکی ئاسان نییە. چونکە زۆرجار ڕستەکان قاڵبی وشە وەردەگرن و دەتوانرێ ڕستەیەکی وەکو (من لە ئایندەدا جارێکی تر ئێوە دەبینم) لە وشەیەکی وەکو (دەتانبینمەوە) خۆی بنوێنێ"[4].

---

**1- تابان محەمەد سەعید حەسەن (2008: 60)**


**2 - Haliday, M.A.K and Yallop C. (2007: 1)**

**3- محمد معروف فتاح (2011 : 89)**

**4- عەبدولوەهاب خالید موسا (2007: 42)**

سەبارەت بە ڕێگاکانی پێکهێنانی وشەی نوێ، (فاروق عومەر سدیق) لە کتێبی (لەدایکبوونی وشە)دا، ئەم هێڵکاریەی خستۆتەڕوو[1]:

**ڕێگاکانی سازکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا**




بۆ ڕوونکردنەوەی پراکتیکی، ئەمانە، چەند نموونەیەکن:

ڕێگای لێکدان: بێ کۆنجێکشن: دارسێو، ڕەشماڵ، گەردنبلور.

بەکۆنجێکشن: کۆنجێکشنی (-ە-): ڕەشەبا، گرانەتا، بەردەقارەمان.

بە کۆنجێکشنی(-و-): ئاووهەوا، لەرزوتا، هێلکەوڕۆن.

بە کۆنجێکشنی (-بە-): کولێرەبەڕۆن، سەربەگۆبەند، لێوبەبار.

---

**1- فاروق عومەر سدیق (2011: 43-44)**

ڕێگای بە ئەفێکس: سۆفێکس: برایەتی، کوردستان، سەیرانگا.

پریفێکس: هەڵدان، وەرگرتن، داخستن.

یەکێکی تر لەبەشەکانی ئاخاوتن، ئامرازە، "ئامراز بەشیکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کەواتە ئامراز وشەیە، وشەش کۆمەڵە دەنگێکی ڕێکخراوە بۆ مەبەستێک، واتادارە، بەڵام بەگشتی واتای لەڕێی وشەکانی ترەوە لە ڕستەدا دەردەکەوێت، هەروەک واتای ڕستەش بەهۆی ئاوازەوە ڕوون دەبێتەوە"[1].

ئامرازەکان، وەک فۆرمی سەربەخۆ ڕۆڵیان لە ڕستەدا دەردەکەوێت، واتا سینتاکسین، "ئەو ئامرازانەن، کە دوو ڕستەی سادە، بەیەکەوە دەبەستنەوە، یا ڕستەیەکی شوێن کەوتوو دەگەیەننە ڕستەی سەرەکی لە نێو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخوازدا، بەم ئامرازانە دەوترێت، ئامرازی سینتاکسی، چونکە ئەو ئەرکەی ، کە جێبەجێی دەکەن دەکەوێتە ناو قاڵبی ڕستەسازییەوە. وەک: (بەڵام، وە، ئەوسا، بەڵکو، ش، ئینجا، یا، ئەگینا، تا، وەکو، و، کە، بۆئەوەی، کەچی، چونکە، ئەگەر، بۆیە..)"[2].

## 2-3-3- وشە و ڕاگەیاندنی بینراو:

دیاریکردن و سنووردارکردن بۆ وشە، ئەگەر بۆ زمانەوانان ئاسان نەبێت، ئەوا بۆ ڕاگەیاندنکاران هەر زۆر ئەستەمە. کاری نووسەرانی ڕاگەیاندن، بریتی نییە لە توێژینەوەی وشە، کە ئایا وشەکانی (جوان، جوانتر، جوانترین) سێ وشەن، یا شێوەی جیاوازی یەک وشەن؟ بەڵام زۆر گرنگە هەوڵی گەڕان بەدوای وشەی سادە و کورت و نوێدا بدەن. لەبەرئەوەی ڕاگەیاندن بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی، بۆ توێژ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و ئاستە جۆراوجۆرەکان قسە دەکەن، ئەمەش بە وشە و زاراوەی سادە و ڕوون و کورت دەبێت، کە سیمای جیاکەرەوەی زمانی ڕاگەیاندن و تەلەڤزیۆنن.

---

1- نەسرین فەخری (2002: 71)

2- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (1980: 24)

"ڕەنگە شێوازی (ئەرنست هەمنگوای) ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس، بەشێوەیەکی کاریگەر زۆر گونجاو بێت بۆ هۆکارە ڕاگەیاندنە ئەلیکترۆنییەکان، (هەمنگوای) ئامۆژگاری نووسەرە لاوەکانی کردووە، تا بۆیان دەکرێت زمانەکەیان لە ئالۆزی دابماڵن، سادە و ڕاستەوخۆ بنووسن، ئەو وشانە بەکاربێنن، کە لە دوو بڕگە پێکدێن لەبری ئەوانەی سێ بڕگەن"[1]. چونکە زمان و وشەی تەلەڤزیۆن پشت بەخێرایی دەبەستن، بینەریش وەک پێویست دەرفەتی نییە، جیاوازی لە نێوان وشە لەیەک چووەکان بکات و بیر لە وشە پێکهاتە ئالۆزەکان بکاتەوە و چێژیان لێ وەربگرێت، بۆیە پێویستە وشە هەڵبژێردراوەکان بەلای بینەرانەوە باوبن، ڕوونی لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە دەستپێدەکات.

"ئەو وشانە بەکاربێنە، کە بەگوێ نامۆنین، هەندێک وشە باش نابیسترێن، دەبنە هۆی شڵەژان و سەرسوڕمان، ئەگەر وشەیەکت نووسی نەتزانی چۆن گۆدەکرێت، لەبەرئەوەی پێشتر ناچار نەبووی گۆیبکەیت، دانایی وایە دانەیەکی تر هەڵبژێریت، کە بە گوێ ئاشنایە، هەندێک وشە هەیە، لەقسەکردن بەکاری دێنین تەواو جیاوازە لەوەی دەینووسین، یا دەیخوێنینەوە"[2]، لە نووسین و خوێندنەوەدا وشەی (قوتابخانە/خوێندنگا) بەکاردێنین، بەڵام لە قسەکردندا وشەی (مەکتەب) بەکاردێنین. هەروەها "ئەو وشە ئاساییانە بەکارمەهێنە، کە خۆت بەشێوەیەکی تایبەتی لە قسەکردندا بەکاری دەهێنیت، بەڵام لەکارهێناندا زۆر بڵاونین"[3].

### 2-3-3-1- وشەی زیادە:

وشە، پێکهێنەری ڕستەیە، بەپێی ئەو ئەرکەی لە گراماتیکدا پێی دەسپێردرێت، شوێنی خۆی دەگرێت، ئەرکی جۆراوجۆریش دەبینێ. هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنیش، لە وشە و ڕستە پێکدێن، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە وشەوە هەیە و لە دەقی هەواڵەکاندا، وەک ڕێسایەک وایە، بریتییە لە لابردنی هەموو

---

1- Robert L. Hilliard (2003: 83)

2- کارولین دیانا لویس (1993: 176)

3- Robert L. Hilliard (2003: 84)

ئەو وشانەی دەبن بە بار بەسەر ڕستەکانەوە و ئەرکێکی دیاریکراو و پێویستیان نییە.

باشتروایە، ئەو وشانە بەکاربهێنرێن، کە لە کەمترین دەنگ و کەمترین بڕگە پێکهاتوون، واتا پێویستە لەنێوان دوو وشەدا کە هەمان واتایان هەیە، ئەو وشەیە هەڵبژێردرێت، کە ژمارەی دەنگ و بڕگەکانی کەمترن. توێژەرێکی ئەمریکی دەڵێت: "ئەگەر ژمارەی بڕگەی وشەکانی ڕستەیەک گەیشتە بیست بڕگە، دەبێت بە لابردنی هەندێک لە ئاوەڵناو و دۆخەکان کورت بکرێتەوە، هەژمارکردنی بڕگەکانیش بەم شێوەیە دەبێت:

- ئەو وشانەی لە یەک بڕگە پێکدێن، نمرەی بۆ هەژمار ناکرێت، وەک: گوڵ ، کوڕ.
- ئەو وشانەی لە دوو بڕگە پێکدێن، یەک نمرەی بۆ هەژمار دەکرێت، وەک: ئازاد ، باپیر.
- ئەو وشانەی لە سێ بڕگە پێکدێن، بە دوو نمرە هەژمار دەکرێن، وەک: مەلەوان ، ئازادی.

ئەگەر، ژمارەی بڕگەکانی وشەیەک لە سێ زیاتر بوو، درکپێکردنی واتاکەی گرانتر دەبێت و نمرەیەک زیاتری بۆ هەژمار دەکرێت"[1]. باشتروایە ئەو وشانە لاببرێن کە ژمارەی بڕگەکانیان زۆرە.

یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی سادەنووسین و ڕوونیی، بریتییە لە لابردن و سڕینەوەی هەموو ئەو وشانەیە، کە پێویست نین، لابردنیان لەواتای ڕستەکە کەم ناکاتەوە، (ئیرڤینگ فانگ)، بەم شێوەیە ئامۆژگاری هەواڵنووسان دەکات، "ئەگەر وشەیەکی دیاریکراو پێویست نییە، بیسڕەوە"[2].

لابردنی وشە زیادەکان، بەواتای ئابووریکردن دێت، ئاستی مۆرفۆلۆژیش یەکێکە لەو ئاستانەی زمان، کە بۆ پاشەکەوتکردنی وزە، ئیکۆنۆمی تێدا دەکرێت، "ئیکۆنۆمی کاردەکاتە سەر دەربڕین و مانەوەی وشەکان"[3]، چونکە دەستگرتنەوە

---

1- سعيد محمد السيد (1988: 206)

2- عبدالستار جواد (2001: 206)

3- فاروق عومەر سدیق، وانەی لێکسیکۆلۆژی، خوێندنی ماستەر، ڕۆژی (2011/10/31)

تەنیا تایبەت نییە بە سامانەوە، بەڵکو زمانیش وەک پارە ئامرازی گۆڕینەوە و پێویستیی ژیانە، " پارە و زمان، بەگرنگترین پێویستی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێن، وشە - وەک پارە کاغەز و کانزاییەکان- بەها و نرخی نابێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە بەکارهێنەرانی دەیکەن بە هۆکاری مامەڵەکانیان، (ئەنتوان دی ڕافاڕۆڵ)، لەوبارەیەوە پێش شۆڕشی فەرەنسا وتوویەتی: وشەکان وەک پارە، بەهای دیاریکراویان هەبوو، پێش ئەوەی گوزارشت لە هەموو جۆرەکانی بەها بکەن"[1].

لە ڕاگەیاندنیشدا، ئابوریکردن، لەگەڵ ئەوەی پاشەکەوتکردنی وزەیە، دەستەبەرکردنی کاتە، "(ئیبراهیم ئەنیس) دەربارەی تیۆری ئیکۆنۆمی دەڵێ: مرۆڤ لەکاتی دەربڕینی دەنگەکانی زمانەکەیدا، لە هەوڵ و کۆششی ماسولکەیدا ئارەزووی ئیکۆنۆمی دەکات و ئاسانترین ڕێگا دەگرێتەبەر، لەگەڵ گەیشتن بەو ئامانجەی هەیبووە. ئەویش دەرکردنی واتا و گەیشتنی بەو قسەپێکەرانەیە کە لەگەڵیدان"[2].

لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیشدا، بریتییە لە نەوتنی ئەو وشانەی تەمومژی واتایی دروست دەکەن و ئەرکێکی دیاریکراویان نییە.

وشەی زیادە، گرێ و ناو و کرداری زیادە و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و وشەی ڕادە و ئامرازەکانی پێکەوەبەستن دەگرێتەوە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوەڵناو، لە هەواڵدا، (ستانلی جۆنسۆن و جولیان هاریس)، دەڵێن: "هەواڵیش وەک بابەتێکی نووسراو ڕیزکردنی چەند ئاوەڵناوێک، لە سیستەمی داڕشتنی هەواڵی ڕۆژنامەنووسیدا بەشێوازێکی لاواز لەقەڵەم دەدرێت"[3].

یەکێک لەو بابەتانەی زۆر جەختی لێدەکرێتەوە، کە نابێت زیادەڕۆیی تێدا بکرێت، بەکارهێنانی ئاوەڵناوە لە دەقی هەواڵەکاندا.

---

1- فلوریان کولماس (2000: 10)

2- دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (2010: 38)

3- ستانلی جونسون و جولیا هاریس (1960: 118) بڕوانە: ئازاد ڕەمەزان عەلی (2005: 140)

(کارۆلین دیانا لویس) لە کتێبی (ڕووماڵکردنی هەواڵ بۆ تەلەڤزیۆن) دەڵێ: "دووربە لە ئاوەڵناو و باشبێژی و جوانبێژی ناپێویست"[1].

نووسینی ئاوەڵناوی ناپێویست، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە لایەنگری پێوە دیاربێت، پێویستە " ئیزافەیەکی پۆزەتیف بێت، بۆ ئەو ناوەی وەسفی دەکات، نەک قورسی بکات"[2].

بۆیە پێویستە، لەنووسینی هەواڵدا بە وردی و وریاییەوە ئاوەڵناو بەکاربهێنرێت.

وتەیەکیش هەیە، دەڵێ: "ئەگەر ویستت وشەکانت جوانبن، بیر لەوە بکەرەوە، دەتوانیت چەند ئاوەڵناو لابەریت، بەبێ ئەوەی واتا زیانی پێبگات"[3].

وەسفکردنی کەس و شوێن و ڕووداوەکان، سەنگی مەحەکە بۆ بێلایەنی و بابەتیبوون، هەواڵنووسان بۆ بەرژەوەندیی لایەنێک، ناچاردەبن ئەو وشانە بەکاربێنن، کە وروژێنەر و هەست بزوێنن. زۆرجار لە هەواڵەکان گوێمان لە وشەی (شەهید، تیرۆرست، تاوانبار، جوان، زۆر، ناشیرین، گەورە، بەڕێز ... هتد) دەبێت، کێ بڕیار دەدات، هەر یەک لەم سیفەتانە لەبەرامبەر کێ دادەنرێت؟

لەگەڵ ئەوەی، وەسفکردن لە هەواڵدا بەتەواوی ڕەتنەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت، ئەو وەسفانەیە کە وێنە ناتوانێت دەریانببڕێت، بۆ نموونە (بۆن)، بەشێوەیەکی گشتی وەسفکردن بەباش، یا بە خراپ، دەچێتە خانەی لایەنگریەوە و خوازراو نییە.

ئاوەڵکردار و ئاوەڵناو، لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا زۆر بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی زۆرجار ئەرکێکی گرنگیان لە دەقەکاندا هەبێت، هەواڵسازی باش، هەرگیز کات بەو وشانە ناکوژێت، کە خزمەت بە هەواڵەکەی ناکەن و دەبنە نیشانەی نەشارەزایی لە نووسیندا.

(عەبدولعەزیز شەرەف)، دەڵێ: "زمانی ڕاگەیاندن، دەستبەرداری ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری شوێن و کات و پیتی خستنەسەر دەبێت"[1].

---

1- کارولین دیانا لویس (1993: 179)

2- عبدالستار جواد (1998: 35)

3- سەرچاوەی پێشوو- 36

ئەو وشانەی گوزارشت لە ڕادە (Quanttifier) دەکەن، لە زۆر دەقی هەواڵدا، بەبێ ئەوەی پێویستبن بەکاردێن، بۆ ناساندنی ڕادە، لە فەرهەنگی ڕێبەری ئۆکسفۆرد بۆ ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی، نووسراوە: "وشەکانی زۆر، چەندین، هەموو، ژمارەیەک ... دەگرێتەوە"[2].

(ل. گ. ئەلیکساندەر) دەڵێ: "ڕادە، وشەکانی وەک کەمێک، زۆر، چەند دەگرێتەوە. چەندێتی شتەکان و شتێک، کە قسەی لەبارەوە دەکەین، چەندێتی ناوەکەی دوای خۆی دیاری دەکات"[3]. ڕادە، "زاراوەیەکی نوێیە بەرامبەر بە ئاوەڵکاری چەندێتی، یا لەهەندێ باردا بەرامبەربە ڕاناوی نادیار بەکارهاتووە. واتا ڕادە و (ئاوەڵکاری چەندێتی) دوو زاراوەن بۆ هەمان شت بەکارهاتوون"[4].

بوونی وشە و ئامرازی زیادە، لە دیاردە دیارەکانی داڕشتنی هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانن، زۆرجار ئەوەندە وشە و ئامرازی زیادە بەرگوێ دەکەون، سەر لە بینەر ئەشێوێنن، ئەمانە، دەبنە هۆی ناڕوونی و ئاڵۆزکردنی هەواڵەکە و نەگەیاندنی مەبەستی پێویست، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سیمای درێژدادڕی بە هەواڵەکە دەبەخشن و بینەر تووشی بێزاریی دەکەن.

نموونە:

- **( بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حوررییەتی تورکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە، سەردانی تورکیا بکا، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان ئەکەپە، کە بڕیارە ڕۆژی سی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، ڕۆژنامەی حوررییەتی تورکی لەهەواڵێکدا کە دوێنێ بڵاویکردۆتەوە، پارتی داد و گەشەپێدان وە بەشداربووان لە کۆنگرەی پارتەکەی داوەتنامەی ڕەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی**

---

1- عبدالعزيز شرف (...: 147)

2 - John Eastwood (2002; 219)

3 - L. G. Alexander (1998: 66)

4- قەیس کاکل توفیق- گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (11)- (2003)

* لێرەدا تەنیا قسە لەسەر وشەی زیادە دەکەین.

**وڵاتانی جیهان کردووه و لەو چوارچێوەیەشدا داوەتنامەیەک ڕەوانەی بارزانی کراوە، ئەوکاتیش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی داوەتنامەکەی پارتی داد و گەشەپێدان ڕایگەیاندووە، ئامادەیە بەشداری کۆنگرەکە بکا. هەر بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە، بۆ بەشداربووانی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، کە بڕیارە سی ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ، چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆلاند سەرۆکی فەرەنسا و بەشێک لە سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین کراوە.)***

"کەناڵی NRT ڕۆژی 2012/9/15"

یەکەم- ناو:

(4) جار ناوی (پارتی داد و گەشەپێدان) براوە، جارێکیش بەشێوازی (ئەکرۆنیم*) هاتووە، کە (ئەکەپە) یە. ئەم جۆرە ناوهێنانە زۆرباوە و بووە بە ڕێسا، "پێویستە

***- ئەکرۆنیم: پیتی یەکەمی، ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە ناوێک پێکدەهێنن و پیت پیت دەخوێندرێتەوە. وەک: (ژیانەوەی کوردستان= ژێ کاف)**

لە دەقەکەدا، ناوی تەواوی ڕێکخراوەکە لەسەرەتادابێت و دواتر، کورتکراوەکە بەکاربهێنرێت"[1]. واتا کە جارێک بەدرێژی هات، پێویستە جارەکانی تر، ئەگەر پێویست بوو بوترێت، بە شێوازی ئەکرۆنیم بێت.

- (مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی داوەتنامەکەی..)، پێشتر ناوی بارزانی هاتووە و ناسێنراوە، بۆیە دووبارە ناوهێنانەوەی بە پۆستەکەیەوە پێویست نییە.

---

[1] - **اسماعيل الامين (2009: 93)**

دووەم- کرداری زیادە:

- (.. داوەتنامەی ڕەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی جیهان کردووە...)، کرداری لێکدراوی (ڕەوانەکردووە)، لەتکراوە، لەتکردنی کرادریش لە ڕاگەیاندندا نەخوازراوە، لەیەك دوور کەوتنەوەی دوو بەشەکە، ڕەنگە ببێتە هۆی لێڵیی واتایی، لەبەرئەوە، باشتربوو کرداری (ناردن) بەکاربهێنرابووایە، چونکە گونجاو ترە. لەگەڵ ئەوەی پێویستبوو ئامرازی (بۆ) بکەوێتە پێش (ژمارەیەکی..) بۆ ئەوەی کردارەکە لەت نەبێت و ڕستەکەش ناتەواو نەبێت. یا (داوەتکراون) بەکاربهێنرابووایە، ئەوکاتە کرداری (ڕەوانە-کردن) پێویست نەدەبوو.
- ( .. داوەتنامەیەک ڕەوانەی بارزانی کراوە)، لێرەدا باشتربوو بوترێت (لە ناویشیاندا سەرۆکی هەرێم / بارزانی)، بەبێ کرداری (کراوە)، کە کردارێکی بکەر نادیارە و لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا خوازراو نییە.

سێیەم- ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و ڕادە:

- ئاوەڵکرداری کاتی، (ڕۆژی) پێویست نییە.
- (ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی جیهان کردووە...)، وشەی ڕادەی (زۆر) زیادەیە، (ژمارەیەک) بەس بوو، کە باشتربوو بوترێت (چەند/چەندین).
- (چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە.......کراوە)، هەردوو وشەی (چەندین) و (هەریەک لە) زیادەن، چونکە چەندین ناو دیاریکراون، ئەم وشانە ڕۆڵیان نامێنێ.  لە بری (داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە .... کراوە) دەبوو بوترێت (..... داوەت کراون/ داوەتنامە نێردراوە بۆ ....).
- (ڕۆژی پێنجشەممە)، ئاوەڵکرداری کاتی (ڕۆژی..) زیادەیە.
- ئاوەڵکرداری تەئکیدکردنەوەی (هەر..) لە ( هەر بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە..)، پێویست نییە.
- (لەو چوارچێوەیەشدا ..) ئەم دیاریکردنە زیادەیە.
- (.. بەشێک لە سەرکردەکانی.. )، (بەشێک) وشەیەکی زیادەیە و نەگونجاوە، چونکە سەرکردە بە بەش دیاری ناکرێت، هەروەها چەند سەرکردەیەکی یەکێتی ئەوروپا ناویان هاتووە، دەبوو بوترێت (چەند سەرکردەیەکی تری ..).

چوارەم- ئامراز:

- ئامرازی (کە)ی بەستنەوە (.. لە هەواڵێکدا کە دوێنێ بڵاویکردۆتەوە ...) زیادەیە، باشتربوو بوترێت: (دوێنێ لە هەواڵێکدا بڵاویکردۆتەوە.../ لە هەواڵێکدا دوێنێ بڵاویکردۆتەوە...).
- (.. بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، کە پریارە سێ ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ ...)، لێرەدا (سێ ئەم مانگە ...) دووبارە بۆتەوە، لەگەڵ خۆشیدا (کە) یەکی تری هێناوە، کە هیچیان زانیاری نوێ نابەخشن.
- (پارتی داد و گەشەپێدان وە بەشداربووان...)، (پارتی داد و گەشەپێدان..) زیادەیە و لەگەڵ خۆشیدا ئامرازی بەستنەوەی (وە)ی هێناوە، کە دەبوو (و) بێت، نەک (وە).

نموونە:

**(ئەمڕۆ وەزارەتی دادی عێراق بەتاوانی تیرۆر بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر یانزە تاوانبار جێبەجێکرد کە خەڵکی وڵاتانی تریشیان لەناودابوو، بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ سەرلەبەیانی ئەمڕۆ فەرمانگەی ڕیفۆرمی سەربە وەزارەتی دادی عێراق، فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەر یانزە کەس بەتاوانی کاری تیرۆرستی جێبەجێکرد، کە کەسێکی جەزائیریشیان لەناودایە.**

**هاوکات پێشتریش، وەزارەتی دادی عێراقی لە چواری ئەم مانگە بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر شەش کەسی دیکەدا بەتۆمەتی تیرۆر جێبەجێکرد و هەروەها سەبارەت بەجێبەجێکردنی بریاری لەسێدارەدان، عێراق ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیەکی زۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆتەوە و بەجۆرێک وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ چەندینجار داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە کە بڕیاری لەسێدارەدان ڕابگرێت، لەبەرامبەردا بەرپرسانی عێراقی ئەم داوایەیان ڕەتکردۆتەوە و دواجاریش سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵوێزی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند، هەڵوەشانەوەی بڕیاری**

**لەسێدارەدان لەگەڵ توندوتیژیی ئەم قۆناغەدا ناگونجێ).**

"KURDISTAN TV – 7/10/2012 "

یەکەم- گرێی ئاوەڵکرداری:

- (.. لەبەرامبەردا ..) ڕۆڵی نییە. دەکرا بوترێت ( بەرپرسانی عێراقیش ...)
- وشەی دیاریکردن (.. میانەی..) زیادەیە، بەلابردنی هیچ لەواتای ڕستەکە ناگۆڕێت.

دووەم- ئامراز:

- ئامرازی بەستنەوەی (.. و ..) لە (جێبەجێکرد و هەروەها)، ئامرازێکی زیادەیە، چونکە ڕاستەوخۆ دوای ئەو (هەروەها) هاتووە بۆ هەمان مەبەست و ئەویش هەر زیادەیە، دەکرا ڕاستەوخۆ دوای کۆمایەک، ڕستەی دووەم دەست پێبکات.
- ئامرازی (و)، لە (... بۆتەوە و بەجۆرێک...)، ئامرازی بەستنەوەی (..و..) دەکرا بە کۆمایەک پڕبکرێتەوە. هەروەها لە (.. ڕەتکردۆتەوە و دواجاریش..) زیادەیە و ئەرکی نییە.
- ئامرازی (بۆ)، لە (.. ئەمریکا بۆ چەندینجار) زیادەیە و هیچ ئەرکێکی نییە.
- ئامرازی (کە)، لە (.. کە بڕیاری لەسێدارەدان ڕابگرێت) زیادەیە.

نموونە:

**(شەوی ڕابردوو، یەكێك لە بكوژانی ئەو خێزانە توركمانییەی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە شاری كەركوك سەربڕدران لە یەكێك لە بازگەكانی شاری سلێمانی دەستگیركرا و ڕەوانەی ئاسایشی كەركوك كرایەوە.**

**سەرچاوەیەك لە ئاسایشی كەركوك بە سایتی سبەی ڕاگەیاند، شەوی ڕابردوو لەیەكێك لە بازگەكانی شاری سلێمانی یەكێك لەو كەسانەی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی كوشتنی چوار ئەندامی خێزانەكەی شاری كەركوك لەلایەن هێزەكانی ئاسایشەوە دەستگیركراوە و دواتر بەمەبەستی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە ڕەوانەی ئاسایشی كەركوك كراوە. لە ئێستاشدا لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكە بەردەوامە و دوای بەدواداچوونێكی زۆر توانیویانە دەستگیری بكەن. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە باشوری شاری كەركوك چەند**

**چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ماڵێکی تورکمان و چوار ئەندامی خێزانەکەیان سەربڕی کە لە دوو کچ و باوك و دایکێك پێکهاتبوون.)**

"2012/8/4 - KNN "

یەکەم- ناو:

- لە (.. خێزانە تورکمانییەی ..)، ناوی (تورکمانی) هەڵەیە، دەبوو (تورکمان) بێت، چونکە پاشگری (ی)ی نسبی یە وەرگرتووە و مەبەست لێی زمانی تورکمانی یە، نەك تورکمان.
- (3) جار ناوی (شاری کەرکوک) و (2) جار (شاری سلێمانی) براوە، لای هەمووان ئاشکرایە، کە (کەرکوک) و (سلێمانی) شارن، لەبەرئەوە پێویست بە وشەی (شار) ناکات.

دووەم- کردار:

- ( یەکێك لەو کەسانەی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی کوشتنی ..)، کرداری (ئەنجامدانی) زیادەیە، چونکە (کوشتن) خۆی ناوی ڕووداوە، پێویست بە دوو کردار ناکات.
- (دواتر بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ..)، ناوی کرداری (ئەنجامدان) زیادەیە، لەبری ئەوە دەبوو بوترێت، (بۆ لێکۆڵینەوە..).
- کرداری (هەڵیانکوتایە سەر) زیادەیە هیچ ئەرکێکی نییە.
- کرداری (پێکهاتبوون) زیادەیە، چونکە پێشتر کرداری (سەربڕی) بەکار هاتووە، باشتربوو بوترێت: (.. چەند چەکدارێك لە ماڵی خێزانێکی تورکماندا دایک و باوک و دوو کچیان سەربڕی).

سێیەم- ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار:

- ئاوەڵکرداری لێکدراوی (شەوی ڕابردوو)، دووجار وتراوە پێویستبوو تەنیا جاری دووەم بوترێت.

- وشەی دیاریکردنی (یەکێک) لە گرێی (یەکێك لە بکوژانی).. زیادەیە، باشتر

بوو بوترێت (بکوژێکی). دووبارەش بۆتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بێت.

- ئاوڵکرداری کاتیی ( دواتر ..) زیادەیە، چونکە زەمەنی کردارەکەی دوایی ئەوەی ڕوون کردۆتەوە.

- (ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی..)، ئاوەڵکرداری کاتیی (ڕۆژی) پێویست نییە، چونکە پێنجشەممە واتاکەی ڕوونە.

- ( چەند چەکدارێکی نەناسراو..)، ئاوەڵناوی (نەناسراو) زیادەیە، چونکە (چەند چەکدارێک) نەناسراوە.

نموونە:

**(لە لێدوانێکی تایبەت بە (KTV) فازڵ ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم بەوەکالەت ڕایگەیاند، ئەم شەپۆلی تۆز و خۆڵبارینە تا نیوەی شەوی ئەم شەو بەردەوام دەبێت، هەروەک وتیشی ڕەنگە بەهۆی چڕبوونەوەی زیاتری ئەم خۆڵبارینە مەودای بینین زۆر زیاتر کەم بێتەوە ، ناوبراو ڕاشیگەیاند، پێشبینی دەکەین لەچەند ڕۆژی داهاتوودا پلەی گەرما بەڕادەیەکی بەرچاو نزم ببێتەوە....)**

"KTV-7/10/2012"

یەکەم- ناو:

- ناوی (تۆز) زیادەیە، چونکە زاراوەی خۆڵبارین چەسپاوە و بەکاردێت.
- وشەی (ناوبراو..)، لەبری ناوەکە هاتووە زیادەیە.

یەکەم- ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار:

- ئاوەڵناوی (تایبەت) زیادەیە، چونکە، ( لە لێدوانێک بۆ..) واتا تایبەتە.
- وشەی دیاریکردنی (هەروەک..) زیادەیە و هیچ ڕۆڵێکی نییە.

- وشەی (زیاتر) لە (بەهۆی چڕبوونەوەی زیاتری..) زیادەیە، چڕبوونەوە خۆ واتای زیاتر دەگەیەنێت.

نمونە:

**(... ئەو پەرەسەندنانە لە کاتێکدایە، لەوتەیەکیدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر دوێنێ عەبدولباست سەیدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا ڕایگەیاند: هێزەکانی ...)**

"KNN – 4/8/2012"

یەکەم- ئامرازی زیادە:

- لە چوار ئامرازی (لە) دووانیان زیادەن، سیما و ئاوازی دەقەکەشیان تێکداوە.
- باشتربوو دەقەکە بەم شێوەیە بنووسرێت: (لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، دوێنێ لە هەولێر، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا، عەبدولباست سەیدا، وتی: هێزەکانی ...)

نموونە:

**(..... بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکا کە تێیداجەخت کراوەتەوە لەسەر پابەندبوونی ئەمەریکا بە پاراستنی دیموکراسییەت و فیدراڵییەت لە عێراقدا کە ئەمەش گرنگی و ئەهمییەتی هەیە بۆ هەرێم و بەردەوامبوونیشی لەبەرەی دیموکراسی و دژە تیرۆر و گەشەی ئابووری و چاکسازی هەرێم زیاتر دەبەستێتەوە بە ستراتیژییەتی ئەمەریکاوە).**

"گەلی کوردستان 15-9-2012"

یەکەم- ئاوەڵناو:

- (گرنگی و ئەهمییەت) ئەم دوو ئاوەڵناوە، هەردووکیان سینۆنیمی یەکترن، هاتنیان بەیەکەوە پێویست نییە.

نموونە :

**(هەموو تیرۆرستان یەک خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، کە هەرگیز هیچ کردەوەیەک ڕەمەکیانە و بێ پلاندانان ئەنجام نادەن..).**

"Zagros TV (21-10-2012)"

یەکەم- ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار:

- وشەی (هەموو) بۆ دیاریکردنی ڕادەیە و زیادە، چونکە وشەی (تیرۆرستان) کۆی (تیرۆرستە) و هەمان واتای هەموویان دەگرێتەوە.
- وشەی ڕادەی (هیچ) زیادەیە، چونکە وشەی (کردەوەیەک) پێویستی بە وشەی (هیچ ) نییە، بەتایبەتیش، کە لە پێشیەوە وشەی جەختکردنەوە (هەرگیز) هاتووە.
- (ڕەمەکیانە و بێ پلاندانان)، ئاوەڵناوی ڕەمەکیانە بەواتای بێ پلان دێت، باشتربوو تەنیا (بێ پلان) بەکاربێت، نەک (بێ پلاندانان)، کە ناوی کردارە.

دووەم- کرداری زیادە:

- کرداری (ئەنجامدان) زیادەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نیوەی دووەمی کرداری نەرێکراوی (کردەوەیەک-) بریتییە لە (ناکەن)، واتا دەبوو ڕستەکە بەم شێوەیە بێت: (تیرۆرستان، خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە، کە هیچ کردەوەیەک بەبێ پلان ناکەن..).

نموونە:

**(لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و لە لێواری تەقینەوە نزیکبووەوە، فاکتەری سەرەکیی کێشەکانیش دۆسیەی نەوت و غاز و هاتنی کۆمپانیاکانی نەوت بوو..).**

"کەناڵی NRT ڕۆژی 2012/9/15"

یەکەم- ئاوەڵکردار و ڕادە:

- ئاوەڵکرداری شوێنیی (لێوار..) زیادەیە.

- وشەی دیاریکردنی (.. ماوەی ..) زیادەیە، چونکە ڕاستەوخۆ لەدوای ئەم وشەیە، وشەیەکی تری دیاریکردن هاتووە، کە (چەند)ە، هەمان ڕۆڵی هەیە.
- (نێوان)، زیادەیە، چونکە لایەنەکانی پەیوەندییەکە دیاریکراوە، کە هەولێر و بەغدان.

نموونە:

**(بە پێی ڕێکەوتنەکەی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم، پێویستە هەرێمی کوردستان لەم مانگەدا لەڕێگەی بەغداوە، ڕۆژانە سەد و چل بەرمیل لە ڕۆژێکدا ڕەوانەی دەرەوە بکات و ..).**

"کەناڵی NRT ڕۆژی 2012/9/15"

یەکەم- ناو:

- وشەی (هەرێم) و (هەرێمی کوردستان)، بەیەک واتا دووجار هاتوون، جارێکیان زیادەیە.

باشتربوو هەواڵەکە بەم شێوەیەبێت: **بە پێی ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پێویستە هەرێمی کوردستان لەم مانگەدا لەڕێگەی بەغداوە، ڕۆژانە سەد و چل بەرمیل ڕەوانەی دەرەوە بکات و .. .**

دووەم- ئاوەڵکردار:

- (ڕۆژانە) و (لە ڕۆژێکدا)، بۆ یەک مەبەست دووجار وتراون.

ئەم ڕستەیە باشتربوو بەم شێوەیەبێت: (بەپێی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ ناوەند، پێویستە هەرێم، لەم مانگەدا، ڕۆژانە سەد و چل بەرمیل ڕەوانەی دەرەوە بکات..).

نموونە:

**(بەهۆی ئاگر کەوتنەوەیەک لە کۆمەڵگەی پترۆکیمیاوی شاری**

**ماهشەهر لە باشووری ئێران، شانزە کەس بوونە قوربانی.**

**بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی ئێران، بەهۆی دزەکردنی گازەوە لە کۆمەڵگەی پترۆکیمیاوی بەندەری ئیمام لە پارێزگای ماهشەهر لە باشووری ئێران ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە ڕوویداوە و بە هۆیەوە سێ کرێکار گیانیان لەدەستداوە و چواردەی دیکەش برینداربوون، کە ژیانی چواریان لە مەترسیدایە.)**

"KNN – 4/8/2012"

یەکەم- ناو:

- (کۆمەڵگەی پترۆکیمیاوی) (2) جار وتراوە، جارێکیان زیادەیە.
- (شاری ماهشەهر)، (2) جار هاتووە، جارێک بەس بوو.
- (باشووری ئێران)، (2) جار وتراوە، جاری دووەم زیادەیە.

دووەم- کردار:

- کرداری (ئاگرکەوتنەوە)، دووبارە بۆتەوە.
- کرداری (روویداوە) هیچ ڕۆڵێکی نییە.

سێیەم- ئامراز:

- ئامرازی (لە)، لە (لە کۆمەڵگەی ..) دووجار هاتووە زیادەن و دەکرێ دەستبەرداریان بین.
- ئامرازی (لە)، لە (لە باشووری ..) بەهەمان شێوە، دووجار وتراوە، زیادەن.
- مۆرفیمی (..یەک)ی نەناسراوی لە (ئاگرکەوتنەوەیەکی..) زیادەیە، هیچ ڕۆڵێکی نییە.

چوارەم- ئاوەڵناو:

- ئاوەڵناوی (..گەورە) زیادەیە.

باشتربوو دەقی هەواڵەکە بەم شێوەیە بێت: ( **ئاگرگرتنی کۆمەڵگەیەکی پترۆکیمیاوی لە بەندەر ئیمامی شاری ماهشەهری باشووری ئێران حەڤدە (نەک شانزە) کرێکار سوتان.**

**بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی ئێران، ئاگرەکە بەهۆی دزەکردنی گازەوە هەڵگیرساوە و لە ئەنجامدا سێ کرێکار گیانیان لەدەستداوە و چواردەی تریش برینداربوون، کە چواریان ژیانیان لەمەترسیدایە**).

نموونە:

**(گروپی تیرۆرستیی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی بەمەبەستی ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستییەکانیان، بیابانی شاری ئەنبار بەکارئەهێنن).**

"Zagros TV (21-10-2012)"

- (تیرۆرستیی)، ئاوەڵناوە بۆ وەسفی ئەو گروپە.
- وشەی (بەناو)، وەسفە بۆ دانەنان بە ناوی گروپەکە و ناساندنی وەک بەکارهێنانی ئەو ناوە بە ساختە.

نموونە:

**(گروپی تیرۆرستیی... هەڵدەکوتنە سەر بنکە سەربازییە فەرمییەکان و زۆر بێ بەزەییانە کارمەندی پۆلیس دەکوژن..).**

"Zagros TV (21-10-2012)"

- (زۆر بێ بەزەییانە)، وەسفە بۆ شێوازی کوشتن لای ئەو گروپە، زیادەیە.

نموونە:

**(بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ هەینی 2012/11/2 لەسەر بانگهێشتی بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید..).**

"Zagros TV - 2/11/2012"

- وشەی (بەڕێز) (2) جار بۆ وەسفی هەردوو کەسایەتییەکە وتراوە.

نموونە:

**(کوڕێك دایکی خۆی دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەیکوژێت و دواتریش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تۆمەتبارەکە دەستگیردەکرێن).**

"NRT – 15/9/2012"

-هەواڵسازەکە وەسفی کوڕەکەی کردووە و بە (تۆمەتبارەکە) ناوی بردووە، کە دەبوو دەزگاکانی ئاسایش و دادگا بەو شێوەیە وەسفی بکەن، چونکە پڕیار لای ئەوانە.

نموونە:

**(بە دەرکردنی فیلمێکی نابەجێ کە مەبەست لێی خراپ ناوهێنانی پێغەمبەری ئیسلام بوو..).**

"گەلی کوردستان 2012/9/25"

- (نابەجێ) مەبەست لێی ناشیرین نیشاندانی فیلمەکەیە، زیادەیە.

2-3-3-2- **وشەی ناباو:**

مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانەیە، باونین و بینەر بەئاسانی لییان تێناگات و وشەی زیندووی ڕۆژانەنین. بەڵکو وشەی تازە داتاشراوی گران، یا ئاڵۆز، یا ناوچەیین، یا ئەو وشانەی تەنیا گروپێک، یا توێژێکی دیاریکراو بەکاریان دێنن و لەگەڵ دەرپریندا، بینەر سەرنجی پروات بۆ لێکدانەوە و بیرکردنەوە لە واتای وشەکە، لەم دۆخەشدا وەرگر هەواڵەکەی لەدەست دەچێت.

چونکە "خەڵک، کە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، گوزارشتی کورت و ڕستەی ناتەواو بەکاردێنن، هەوڵ نادەن وشەی نوێی جیاواز بەکاربێنن"[1]. لەبەرامبەردا، بەکارهێنانی وشەی باو، کەم توانایی نییە، بەڵکو بوێرییە، زۆرجار "هەواڵسازە لاوەکان دەکەونە تەڵەی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی هاوتەمەنەکانیانەوە، کە بەلای زۆربەی بیسەری هەواڵەکانەوە، هیچ بەهایەکیان نییە، وەک زمانی کۆمەڵێکی تایبەتمەند"[2].

---

**1- ت. ی. هاردینغ (2006: 10)**

**2- میلفن مینتشر (2008: 98)**

نموونە:

**(لە بەرامبەر نەبونی ئاوەڕۆ و کۆنکرێت نەکردنی کۆڵانەکانیان، ژمارەیەک لە هاڵاتیانی قەزای کۆیە گردبونەوەیان کرد و زیاتر لە کاتژمێرێک ڕێگای...)**

"KNN – 9/9/2012"

- (گردبوونەوەیان کرد) لە یەککاتدا دووکردارە، (گردبوونەوە) و (کرد)، لە قسەکردندا هەرگیز ناڵێین (گردبوونەوەمان کرد/ گردبوونەوە دەکەین/...)، بەڵکو (گردبوونەوە) پێویستی بە کرداری یاریدەدەر نییە، تا واتاکەی بگەیەنێت، بۆیە (گردبوونەوەیان کرد) کردارێکی باو نییە و پێکهاتەیەکی نادروستە، پێویستبوو بوترێت (گردبوونەوە).

نموونە:

**(دوای کۆتاهاتنی نمایشەکانی دووەمین ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، لە مەراسیمێکدا، بەئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی کورد و بیانی و میوانان کۆتایی بەو ڤێستیڤاڵە هات(ڕستە) و مەراسیمی ئاشکراکردنی خەڵاتەکان بەڕێوەچوو....**

**لەلایەن خۆشیانەوە هونەرمەندانی شانۆکاری کورد لە بارەی بەڕێوەچوونی ئەو ڤێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەی شانۆ وەها هاتنە دوان : ..)**

"گەلی کوردستان 25-9-2012"

- ( کۆتاهاتنی ..) کردارێکی باونییە، باشتربوو بوترێت (دوای کۆتایی هاتنی..).
- (وەها هاتنە دوان) ئەم دەربڕینە، بۆ چۆنیەتی قسەکردنیان دەشێت، نەک بۆ چییان وتبێت، دەربڕینێکی باو نییە، لەگەڵ ئەوەی لە پەخشی تەلەڤزیۆنیدا ئەم جۆرە دەربڕینانە پێویست نین و زیادەن. ئەگەر بەمەبەستیش بوترێت، باشتربوو بڵێ: (وتیان:..).

نموونە:

**(.. مانگی شوباتی ڕابردوو حکومەتی ئازەربایجان ڕێکەوتنێکی بەپڕی یەک ملیار و 600 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی چەک و کەرەستەی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆکردبوو..).**

"KNN – 3/6/2012" -

- وشەی (واژۆ) وشەیەکی باو نییە، باشتربوو وشەی (ئیمزا) بەکاربێت.

نموونە:

**(... ئەو پەرەسەندنانە لە کاتێکدایە، لە وتەیەکیدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر دوێنێ عەبدولباست سەیدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا ڕایگەیاند، هێزەکانی ...)**

"KNN – 4/8/2012" -

- لە قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا، چەندجار وشەی (ڕایگەیاند)، بەکاردێنین؟ بەڵام لە تەلەڤزیۆنەکاندا ڕۆژانە بەدەیانجار دەیبیستین، سەرچاوە ڕەسمییەکان، یا وتەبێژەکان لێدوان دەدەن، ئاساییە ئەم وشەیە بەکاربێت، بەڵام ئەگەر کەسێک ڕاستەوخۆ قسە بکات باشتر وایە وشەی (وتی) بەکاربێنین، چونکە باو و سادەترە، لەم دەقەدا دەکرێت بوترێت (وتی).

نموونە:

**(.. هاوپەیمانیی نیشتمانی پلانێکی دیاریکراوی دەربارەی پەڕاوی چاکسازی ئامادەنەکردووە..).**

"Zagros TV (21-10-2012)"

- (پەڕاو) وشەیەکی باو نییە، لە بری وشەی (ورقة)ی عەرەبی دانراوە، بەلابردنی واتاکە ڕوونتر دەبێت.

### 3-3-3-2- **وشەی ڕوون:**

یەکەم هەنگاوی سادە نووسین، وەک تایبەتمەندییەکی نووسین بۆ

ڕاگەیاندن، لە نووسینی وشەی ڕوونەوە دەست پێدەکات.

چونکە، لە وشە ئاڵۆزەکان، باشتر واتا دەگەیەنن، ئەگەر بینەری گوێگر لەلای وشەیەک وەستا، بێگومان وشەکانی دواتری لەدەستدەچێ.

زاراوە بیرۆکراتییەکان بگۆڕە بە زاراوەی ڕوون، زاراوە هونەرییەکان بناسێنە، (جۆرج ئۆرویل)* بەم شێوەیە ئامۆژگاری ڕۆژنامەنووسان دەکات: "بەهیچ شێوەیەک وشەی درێژ بەکارمەهێنە، ئەگەر وشەیەکی کورت هەیە بۆ هەمان واتا"[1]. چونکە هەواڵساز بۆ هەمووان دەنووسێت، بۆیە پێویستە تا دەکرێت وشەکان با ڕوونبن، "خۆت بەدوور بگرە لە وشەی قورس و ئاڵۆز، ئەگەر وشەی ئاسانت دەستکەوت، بۆچی لەبری (نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار) بڵێیت (یەک ملیۆن دۆلار بەلایەنی کەمەوە)، کە هەمان مانا دەگەیەنێ، بۆ ئەوەی وشەکانت ڕوون و ئاسان بن، دەتوانی لە بری (دەستی داوەتە فلان کار) بڵێ (دەستیکرد بە فلان کار)، لەبری ئەوەی بڵێی (خەریکی کڕینیەتی) بڵێ (دەیکڕێ)، ..هتد"[2]. پەیڕەوکردنی بنەمای ڕوونی، بۆ ئەو ناوانەش دەبێت، کە قورسن و بەلای بینەرانەوە ناسراونین، "کاتێک ناوێک قورسبوو و گوێگران پێی ئاشنا نەبوون، پێویستە لابرێت، ئەگەر وتنی پێویست نەبێت و تەوەری ڕووداوەکە نەبێت"[3].

"وشە درێژەکان، تایبەتمەندیی دەدەن بەهەر کەسێک، بەڵام لەنووسینی هەواڵدا، پێویستە وشەکان ڕوون و باوبن و هەواڵنووسیش ئاڵۆزییەکان سادە دەربخات"[4].

بەڵام زۆرجار ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەتایبەتیش هەواڵسازان، گوێ بە گرنگیی وشەی ڕوون و ساکار نادەن، بەڵکو وشەی ئاڵۆز بەکاردێنن، یا خۆیان وشە دادەڕێژن.

نموونە:

---

**1- بڕوانە: کارول ریتش (2002: 207)**

**2- ئەلبرت ل. هستر و وای لان چ. تو (2007: 196)**

**3- سامی الشریف و ایمن منصور ندا (2004: 89)**

**4 - Irving Fang (1991: 24)**

*** ڕۆژنامەنووس و ڕۆمان نووسی بەریتانی (1903-1950)، نووسەری ڕۆمانی جیهانیی (مەزرای ئاژەڵان).**

**(... بەوتەی بەرپرسانی پاکستان ئەو تەقینەوەیە لە تۆڵەی کوژرانی یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی تاڵیباندا ئەنجامدراوە کە ڕۆژی ڕابردوو لە ویلایەتی پەنجاب لە پێکدادانێکی هێزەکانی پۆلیسدا کوژرا).**

"KNN – 2/8/2012"

- کرداری (ئەنجام دراوە) دەکرا بکرێت بە (بووە)، کە ڕوونتر و ڕاستەوخۆترە.
- لە بری گرێی ئاوەڵکرداری (ڕۆژی ڕابردوو)، پێویستە بوترێت (دوێنێ).

نموونە:

**(مستەفا مەشعەل، وتەبێژی ئیدارەی ئاسایشی نیشتمانی ئەفغانستان ئاشکرایکرد، بەیانی ئەمڕۆ گروپێکی چەکدار، کە لە هەشت کەس پێکهاتبوون، هێرشیان کردۆتە سەر بینایەک لە گەڕەکێکی ناوەڕاستی کابوڵ و لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا تووشی پێکدادان بوون و لە ئەنجامدا پێنج لە چەکدارەکان کە پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان پێبووە کوژراون و دووانەکەی تریان خۆیان پەناداوە و دوای زیاتر لە حەوت سەعات پێکدادان ئەو سێ چەکدارەش کوژراون ...).**

"KNN – 2/8/2012"

- ناوبردنی (مستەفا مەشعەل) پێش ئاشکراکردنی پۆستەکەی، لێڵی دروستدەکات، باشتر بوو تەنیا پۆستەکە بوترێت، بەتایبەتیش کە کەسایەتییەکی ناسراو نییە.
- (خۆیان پەناداوە) گرێیەکی ئاڵۆزە و باو نییە، باشتربوو بوترێت (خۆیان حەشارداوە).

نموونە:

**(.. هیلاری کلنتن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا... وتیشی کوژرانی چوار کارمەندە دبلۆماسییە ئەمەریکییەکەی قونسوڵگەریی ئەمەریکا لە شاری بنغازی وڵاتی لیبیا جێگای قبوڵکردن نییە..).**

"گەلی کوردستان 2012/9/15"

- باشتربوو لەبری (جێگای قبوڵکردن نییە) بوترێت (قبوڵ ناکەین/قبوڵناکرێت).

نموونە:

**(مانگی نیسانی ڕابردوو، هێزەکانی باشووری سودان، دەستیان بەسەر ناوچەی هیگلیگی دەوڵەمەند بە نەوتدا گرت و ..).**

"KNN – 3/6/2012"

- (هیگلیگی) ناوێکی قورسە و نەناسراوە، پێویستبوو تەنیا ئاماژە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت بکرێت.

نموونە:

**(.. لەسەرێکی ترەوە، دوای مەغریبی ئەمڕۆش فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیلی زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانیان کردەوە سەر کەرتی غەززە و.. ).**

"کەناڵی سپێدە - 2012/11/14"

- (لەسەرێکی ترەوە) وشەیەکی قورسە و لێڵی دروستدەکات و زیادیشە، چونکە چەند وشەیەک دوای ئەو، دەڵێ (ئەمڕۆش)، پاشگری (ش) بۆ هەمان مەبەستە.

### 2-3-3-4- **وشەی شیاو:**

بەکارهێنانی وشەی شیاو، لەشوێنی خۆیدا، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هەواڵساز، هەڵنەبژاردنی وشەی گونجاو، کاریگەری دەبێت لەسەر گەیاندنی واتا و ئاڵۆزکردنی تێگەیشتن. "دڵنیابە، کە تۆ وشەی شیاو بەکاردێنیت، لەوەش دڵنیابە، ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنیت لەبارترین وشەن بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی مەبەستتە، هیچ واتایەکی تر نابەخشێت و ئاڵۆز و لێڵ نییە"[1].

دۆزینەوەی وشەی گونجاو، یەکێکە لە ئەرکە قورسەکان، بەڵام باشترین هۆکارە بۆ گەیاندنی واتای مەبەست.

---

**[1]- Robert L. Hilliard (2003: 85)**

گوێگرتن لە هەواڵی کەناڵە کوردییەکان، ئەوەت بۆ دەسەلمێنیٚ، کە وەک پێویست گرنگی بە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی وشەی دروست نادرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ناڕوونی لە گەیاندنی واتای پێویست و گرفتی زمانی.

نموونە:

**(هاوڵاتیەکی دانیشتووی گەرمیان بەناوی "..." لەسەر ئەرکی خۆی بیری ئاو بۆ ئاسکەکانی ناوچەکە هەڵدەکەنی).**

"گەلی کوردستان 2012/9/25"

- کرداری (هەڵدەکەنیٚ)، وشەیەکی شیاو نییە بۆ گەیاندنی واتای پێویست، چونکە بیر (لێدەدرێت)، وەک چۆن لە هەمان هەواڵدا، کرداری (لێدان) بەکارهاتووە.

نموونە:

**(.. دانسقەترین جۆری نەوتی جیهانیان لە دەریای خەزەردا دۆزیوەتەوە و ...).**

"KNN – 2/8/2012"

- وشەی (دانسقە)، وشەیەکی شیاونییە، پێویستبوو وشەی (نایاب) بەکاربێت.

نموونە:

**(بەپێی زانیاریەکان تەرمی چەند کەسێکی تر کە دانیشتووی شاری سلێمانین تا ئێستا نەگەڕێندروانەتەوە خاکیان..)**

"NRT – 15/9/2012"

- وشەی (خاکیان)، جگەلەوەی نەشیاوە، زیادەیشە و ڕۆڵی نییە.

نموونە:

**(فەرمانگەی کارەساتە سروشتییەکانی ڤێتنام ڕایگەیاند، لە ئەنجامی باران بارینێکی زۆر و بەهۆی ڕۆچوونی زەوی و ڕوودانی لافاو..)**

"KNN – 9/9/2012"

- (بارینێکی)، وشەی نەشیاوە، دەوترێت بارانێکی زۆر باری.

- (ڕوودانی لافاو)، لافاو ڕونادات، بەڵکو لافاو هەڵدەستێ، کردارێکی نەشیاوە.

گونجاوتربوو دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

(فەرمانگەی کارەساتە سروشتییەکانی ڤێتنام ڕایگەیاند، بەهۆی باران و لافاو و ڕۆچوونی زەوی ..).

نموونە:

**(بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، کوڕێك دایکی خۆی دەداتە بەر دەسترێژی گوللە و ..).**

"NRT – 15/9/2012"

- (دایکی خۆی)، پێکهاتەیەکی نەشیاوە، وشەی (دایکی) بەسبوو بۆئەوەی مەبەستەکە بگەیەنرێت.

نموونە:

**(.. خۆپیشاندانەکانی ئەمدوایەی وڵاتانی ئیسلامی دژ بە دەرکردنی فیلمێکی نابەجێ کە مەبەست لێی خراپ ناوهێنانی پێغەمبەری ئیسلام بوو..).**

"گەلی کوردستان 2012/9/25"

- (دەرکردنی)، وشەیەکی نەشیاوە، چونکە فیلم دەرناکرێت، بەڵکو دەردەهێنرێت، یا بەرهەم دەهێنرێت.

- (نابەجێ)، بەواتای لەجێی خۆیدا نەبوو دێت، ئەمەش نەگونجاو و زیادە، ئەگەر نا باشتربوو بوترێت (نەشیاو ) یا (ناشایستە).

- (ناوهێنان)، وشەیەکی گونجاو نییە، چونکە بابەتەکە نیشاندانە نەک ناوهێنان.

نموونە:

**(تیرۆرستان ... هەڵدەکوتنە سەر بنکە سەربازییە فەرمییەکان و زۆر**

**بێ بەزەییانە کارمەندی پۆلیس دەکوژن..).**

"Zagros TV (21-10-2012)"

- ( بێ بەزەییانە) وشەیەکی نەشیاوە، چونکە لەپێشەوە سیفەتی تیرۆرست بۆ بکوژەکان دیاریکراوە، ئیتر هیچ بەهایەک بۆ وشەی (بێ بەزییانە) کوشتن نامێنێتەوە.

نموونە:

**(وەزارەتی دادی عێراقی لە چواری ئەم مانگە بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر شەش کەسی دیکەدا بەتۆمەتی تیرۆر جێبەجێکرد..).**

"KTV-7/10/2012 "

- وشەی (تۆمەت)، کە لە وشەی (تهمه)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بۆ ئەوانە بەکاردێت، کە تۆمەتبارن، واتا بەڵگەی تاوانباربوون بەسەریاندا ساغ نەبۆتەوە، لێرەدا گونجاو دەبوو لە بری وشەی( بەتۆمەتی)، (بەتاوانی) بەکاربهێنرێت.

نموونە:

**(سەرۆکی سوریا، ئەنجامدەرانی کوشتارەکەی حولە بە دڕندە وەسف دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت ..).**

"KNN – 3/6/2012"

- وشەی (دڕندە) گونجاو نییە، چونکە ئاوەڵناوە بۆ ئاژەڵی دڕندە، پێویستبوو لێرە (دڕندانە) بەکاربێت.

نموونە:

**(هیندستان .. هێزەکانی پۆلیس و یەکەکانی دژەتیرۆر لە ویلایەتی مەهاراشترا شوێنی تەقینەوەکانیان گەمارۆداوە و لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردووە. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی پۆلیس ڕایگەیاندووە ژمارەیەک کەس بەهۆی تەقینەوەکانەوە برینداربوون..).**

"KNN – 2/8/2012"

- (ژمارەیەک کەس) لێرەدا هەڵەیە، پێویستبوو بوترێت (چەند کەسێک).

نموونە:

**(.. برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا بەهۆی چەند ئابروچوونێکی سیاسی و ئابوری و ئەخلاقییەوە ناچاربوو دەست لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی وڵاتەکەی بکشێنێتەوە).**

"KNN – 2/8/2012"

- کرداری (بکشێنێتەوە) لێرەدا نەشیاوە، پێویستبوو (بکێشێتەوە) بەکاربێت، چونکە بواری بەکارهێنانیان جیاوازە. دەوترێت (ئەو ئۆتۆمبێلە بکشێنەوە) ناوترێ (بکێشەوە)، (دەست لەکاربکێشەوە) نەک (دەست لەکار بکشێنەوە).

نموونە:

**(ئەڵمانیا بەڵێن بە تورکیا دەدات، کە بەجدی هاوکاری دەکات لە جەنگی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان).**

"کەناڵی پەیام – 2012/11/2"

- کرداری (دەکات) شیاو نییە، دەبوو کرداری ڕانەبردووی دانانی (بکات) بەکاربێت.

نموونە:

**(.. عەلی شەلا جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کەوا داخوازییەکانی کوتلەی سیاسیەکان کۆک نین و هەندێکیشیان دژ بەیەکترن..).**

"Zagros TV - 21/10/2012"

- (کۆک نین) وشەیەکی نەشیاوە، باشتربوو بوترێت (یەک نین).

نموونە:

**(دوابەدوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (کۆستاس ڤاکسیڤانێس) لەمەڕ بڵاوکردنەوەی لیستێک کە**

**نزیکەی دوو هەزار دەوڵەمەندی لەخۆگرتبوو گوایە خۆیان لە باج شاردۆتەوە و سامانی خۆیان لە بانکەکانی سویسرا داناوە لە کاتێکدا یۆنان بەدەست کێشەی داراییەوە دەناڵێنێت دادگای یۆنان بڕیاری بێبەریبوونی ناوبراوی دەرکرد..).**

"Zagros TV - 2/11/2012"

- وشەی (بێبەریبوون) نەشیاوە، مەبەست لێی بێتاوان بوونە.

نموونە:

**(چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە سوریا بڵاویان کردەوە، کە ناوچەی ڕەئسولعەینی هاوسنووری تورکیا لەلایەن تۆپخانەکانی ئەسەدەوە بە سەختی بۆردومانکراوەتەوە).**

"کەناڵی سپێدە - 2012/11/14"

- (چالاکوان) نەشیاوە، (چالاک) خۆی کردەیە، پێویستی بە پاشگری (_ وان) نییە، واتای پێویست نادات.

- ئاوەڵکرداری (بەسەختی) نەشیاوە، دەبوو بوترێت (بەخەستی).

**- چەند وشەیەکی تری نەشیاو، کە لە تەلەڤزیۆنەکاندا بەکاردێن:**

| **وشەی نەشیاو** | **وشەی شیاو** |
|---|---|
| ڕاپەڕینمانکرد | ڕاپەڕین |
| دەستخۆش (بۆ قسەکردن) | دەمخۆش |
| ئەنجامدان | کردن |
| گوێبیست | بیستن/گوێ لێبوون |
| تەندروست | دروست |
| بەروار | ڕۆژ |

| پێشنیار | پێشنیاز |
|---|---|
| شۆربای نیسک | نیسکێنە |
| نانەواچی | نانەوا |
| مرد (بۆ ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێت) | مرداربۆوە |
| مرد (بۆ ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت) | تۆپی |
| ئامادەباشی | ئامادەبوون (بەپێی کردارەکە) |
| هەڵسابە- | - دەکات |
| ماندوونەناس | ماندونابیّ/کۆڵنادا |
| بڵاوەپێکردن (بۆ هێز) | بڵاوکردنەوە |
| هەستیار | ئاڵۆز/سەخت/گرنگ |
| پارساڵ | پار |
| جۆرێک لە | جۆرێکی |

### 2-3-3-5- ئەو وشانەی لە بنەڕەتدا کوردی نین:

بەکارهێنانی ئەم وشانە، یەکێکە لە ڕوخسارە دیارەکانی زمانی ڕاگەیاندن، هەواڵسازیش بەهۆی وەرگێران و وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوە ناکوردییەکانەوە، ناچار دەبێت زۆرجار ئەو وشانە بەکاربهێنێ.

ڕۆژنامەنووسان، بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان و داهێنانە یەک لە دوای یەکەکانەوە، زۆرتر پێویستیان بە وشە و زاراوە و دەربڕینی نوێ دەبێت.

کۆڕ و دامەزراوە تایبەتییەکانی زمانیش، هەمیشە بەو خێراییە وشە و زاراوە داناڕێژن و بەرهەمناهێنن، کە خێرا لەگەڵ پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسان

بگونجێت، بۆیە هەواڵسازەکان ناچاردەبن زۆر وشە و زاراوەی زمانەکانی تر بەکاربێنن، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە کارمەندانی بەشی هەواڵی تەلەڤزیۆن بەتایبەتی، بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وشە و زاراوە ناکوردییەکان بکەن، چونکە کاریگەرترین هۆکاری ڕاگەیاندنن بەسەر خەڵکەوە. ئەگەر وشەیەک، یا زاراوەیەکی وەرگیراو لە بەرامبەری بەکوردی هەبوو، گونجاونییە کوردییەکە فەرامۆش بکرێت و ئەو بەکاربهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک وشە هەیە، بوون بە وشەی جیهانی و فەرامۆش ناکرێن و لە هەموو زمانەکاندا بەبێ جیاوازی بەکاردێن، وەک: ( تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، ...).

ئەو وشە و زاراوانەی لە بنەڕەتدا کوردیی نین و  بەکاردەهێنرێن، لە نووسین و وتندا دەکەونە ژێر ڕکێفی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵام زۆرجار، وەرگرتن و وەرگێرانی وشە و زاراوەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی وشەسازی زمانی کوردی  ناکرێن، یا داناڕێژرێن.

ئەرکی هەواڵنووسان، لە وەرگرتن و داڕشتن و سازکردنی وشە و زاراوەی نوێ، ڕۆڵێکی زۆری هەیە لەسەر فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی.

بەگشتی، وشە و زاراوەی وەرگیراو، بە سێ شێواز کار لە فەرهەنگی زمان دەکات، کە بریتین لە: یەکەم- وەرگرتنی وشە وەک خۆی. دووەم- وەرگێرانی وشە، کە پێی دەوترێ (کاڵکە-Calque) لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، وشەکە لە زمانە بیانییەکەدا چۆنە، لە زمانی کوردیشدا هەر بەو شێوەیە دادەتاشرێت، هەر ئەو مانایەش دەدات، وەک: (شرق الاوسط ) بووە بە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست). سێیەم- داڕشتنی وشەی نوێ، واتا وشە بیانییەکە دەبێت بە بەشێک لە وشە تازە داڕێژراوەکە، وەک: مانادار، گۆڵکار..

نموونە:

**( .. قایمقامی ماهشەهر ڕایگەیاند، ئاگرەکە لەلایەن تیمەکانی ئاگر کوژێنەوەوە کۆنترۆڵکراوە و هیچ خەلەلێکی لە کاری کارگەکە دروست نەکردووە).**

"KNN – 4/8/2012"

- وشەی (ڕایگەیاند)، وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەی زمانێکی ترە، چونکە کورد لە قسەکردندا زیاتر وشەی (وتی) بەکار دەهێنێت. بەڵام ئەمە شوێنی خۆی گرتووە و وەک وشەیەکی باو بەکاردێت، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک بەکار بێت.
- (تیمەکان)، (تیم) لە بنەڕەتدا کوردیی نییە، بەڵام کەوتۆتە ژێر ڕکێفی وشەسازیی کوردییەوە و مۆرفیمی (-ەکان)ی کۆی چۆتەسەر و بووە بە وشەیەکی کوردی. دەکرا وشەی (کارمەندان) لەبری بەکاربهێرابووایە، هەرچەند ئەو وشەیە شوێنی خۆی کردۆتەوە.
- وشەی (کۆنترۆڵکراوە)، وەرگرتنی وشەکە وەک خۆی و پاشان کرداری ڕابردووی تەواوی (کراوە)ی وەرگرتووە و بووە بە کوردی. دەکرا وشەی کوردی (زاڵبوون) لەبری ئەو بەکاربهێنرێت.
- (خەلەلێک)، وشەکە وەک خۆی هێنراوە و ئامرازی (-ێک)ی وەرگرتووە، کە باشتربوو وشەی (کێشە) ی کوردی بەکاربهێنرابووایە.

نموونە:

**(بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکا، کە تێیدا جەخت کراوەتەوە لەسەر پابەندبوونی ئەمەریکا بە پاراستنی دیموکراسییەت و فیدراڵییەت لە عێراقدا کە ئەمەش گرنگی و ئەهمییەتی هەیە بۆ هەرێم و بەردەوامبوونیشی لەبەرەی دیموکراسی و دژە تیرۆر و گەشەی ئابووری و چاکسازی هەرێم زیاتر دەبەستێتەوە بە ستراتیژییەتی ئەمەریکاوە..).**

"گەلی کوردستان 2012/9/15"

- (ستراتیژ) وشەیەکی وەرگیراوە و وەک خۆی بەکارهاتووە.
- (دیموکراسییەت و فیدراڵییەت)، دوو وشەی وەرگیراون، بە داڕێژراوی بەکارهاتوون، (دیموکراسی + یەت) و (فیدراڵیی + یەت)، بەڵام ئەو مۆرفیمانەی بەشداری لە داڕشتنەکە کوردی نیین، هەردوو وشەکە، وەک دوو چەمکی نوێ هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بە بڵاوی بەکاردێن، زیاتریش بەبێ پاشگری (- یەت).
- (ئەهمییەت) بە داڕێژراوی (ئەهم + یەت) هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و

بەکاردێت، هەرچەند لەسەر ئاستی نووسیندا، زیاتر بەرامبەرە کوردییەکەی بەکاردێت، وەک چۆن هەر لەم دەقەدا، لەگەڵ هاوواتاکەی هاتووە.

- (دیموکراسی)، وشەیەکی وەرگیراوە و زۆر بەبڵاوی وەک چەمکێکی جیهانی بەکاردێت.
- (دژە تیرۆر)، وشەیەکی لێکدراوە، بەیاریدەی ئامراز (دژ +ە+تیرۆر)، لەسەر بنەمای وشەسازیی کوردیی سازکراوە، وەک (گوڵەباخ، شەڕەکەو..)، بەڵام لێرەدا نیوەی دووەمی وشە لێکدراوەکە (تیرۆر) وەرگیراوە.
- (ستراتیژییەت)، وەک وشەکانی (دیموکراسییەت و فیدراڵییەت) وایە.

نموونە:

**(لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و لە لێواری تەقینەوە نزيك بووەوە، فاکتەری سەرەکیی کێشەکانیش دۆسیەی نەوت و غاز...).**

"NRT – 15/9/2012"

- وشەی (فاکتەر) وشەیەکی وەرگیراوە، باشتر بوو وشەی (هۆکار) بەکاربهێنرێت.

نموونە:

**(گرنگیی ئیتفاقیەکە لەوەدایە ئەگەر بێتوو جێبەجێبکرێت چونکە زۆرجار ئیتفاقیە دەکرێت، بەڵام جیبەجێ ناکرێت).**

"NRT – 15/9/2012"

- وشەی (ئیتفاقیە) لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە و دووجار بەکارهێنراوە، باشتر بوو (ڕێککەوتن) بەکاربهێنرێت.

نموونە:

**(.. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی ڕێککەوتنیان لەسەر دۆسیەی نەوت و غاز ڕاگەیاند..).**

"NRT – 18/9/2012"

- وشەی (حكومەت)، دووجار وتراوە، وشەیەكی عەرەبییە و لە زمانی كوردیدا جێگیربووە.
- (ئیتحادی)، وشەیەكی عەرەبییە، سەرەڕای ئەوەی بەكاردەهێنرێت، بەڵام بۆ ناساندنی حكومەتی عێراق زیاتر وشەی (حكومەتی ناوەندی/ حكومەتی فیدراڵ) بەكار دەهێنرێت.
- (دۆسیە)، وەرگیراوە و وەكو خۆی بەكاردێت، هەندێكجار وشەی (مەلەف)یش بۆ هەمان مەبەست دەوترێت، كە هەر لە بنەڕەتدا كوردی نییە.
- (نەوت) لە (نفط)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و كەوتۆتە ژێر ڕكێفی زمان و فۆنەتیكی كوردییەوە.
- (غاز) لە زمانی عەرەبییەوە وەگیراوە، كە لە وشەی (Gas) ەوە وەرگیراوە.

نموونە:

**(.. شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی ڕووداوێكی گرنگە و لە ماوەی دوو مانگدا بەدەستهاتوون كە عەرەب لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا نەیانتوانیوە بەدەستی بێنن، وتیشی ئەو توندوتیژیانەی بەم دواییانە لە جیهانی ئیسلامی ڕوویاندا ئاماژەیەك بوون بۆئەوەی كە بەدەستهێنانی دیموكراسی لەناوچەكەدا كارێكی گرانە و قورسە و پێویستی بەوەیە كە هەموولایەك بەڕاستگۆیانە چارەسەری گرژی و ئاڵۆزیەكانی نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی عەرەبی بكەن بۆ بەدیهێنانی دیموكراسی).**

"گەلی كوردستان 2012/9/25"

- (بەهاری عەرەبی) و (جیهانی عەرەبی) و (جیهانی ئیسلامی)، وەرگێڕدراوی دەقاودەقی زاراوە عەرەبییەكانن.

نمونە:

**(... لەوتەیەكیدا لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر دوێنێ عەبدولباست سەیدا سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا**

"KNN – 4/8/2012"

- (کۆنگرە) وشەیەکی بەکوردی کراوە، هەرچەند گونجاوتربوو بۆ ئەم مەبەستە (کۆنفرانس) بەکاربێت، چونکە لە بنەڕەتدا (کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی) لە وشەی (Press Conference) وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە عەرەبیشدا لە بری ( Congress و Conference) هەر کۆنگرە بەکاردێت، لە کوردیشدا زیاترکۆنگرە بەکاردێت نەک کۆنفرانس.

نموونە:

**(وەزارەتەکەیان داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بڕی یەک ملیۆن دۆلار بخرێتە سەر بودجەکەیان).**

"Zagros TV (2-11-2012)"

- وشەی (بودجە) ، (budget) وەرگیراوە و وەکو خۆی لە کوردیدا بەکاردێت.

نموونە:

**(ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد، لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانی سوریاوە تا ئێستا).**

"کەناڵی پەیام – 2012/11/2"

- (ڕوانگە) ناوی دامەزراوەی (مرصد)ە و کراوە بە کوردی، کە پێویست ناکات وەربگێڕدرێت، باشتر وایە وەک خۆی بەکاربهێنرێتەوە.

**- چەند وشەیەکی تر لە بابەتی جۆراوجۆر، کە لە تەلەڤزیۆنەکاندا بەکاردێن و وەرگیراون:**

| بابەتی سیاسی: | | |
| --- | --- | --- |
| ئۆپراسیۆن | بایکۆت | دیکتاتۆر |
| ستراتیژ | ئۆپۆزسیۆن | دیموکراسی |

| | | |
|---|---|---|
| پەرلەمان | لۆجستی | فراکسیۆن |
| فیدراڵ | ریفۆرم | دبلۆماسی |
| تیرۆر | پرۆسە | ڤیتۆ |
| نیزامی | ئیئتیلاف | کەتیبە |
| کوتلە | وەفد | قەرار |
| سیاسی | پۆلیس | کەمپین |
| کاندید | لیبراڵ | ئینتەرپول |
| کیمیاوی | بیرۆکراتی | کۆنگرێس |
| قونسڵ | میلیشیا/Militia | کادر |
| ڤیتۆ | کۆتا | سیناتۆر |
| سڤیل | حزب | ئیقلیم |
| ئیقلیم | تایەفی | ئەمنی |
| ئیرادە | بایکۆت | ئیکۆنۆمی |
| **بابەتی ئابوری:** | | |
| کۆمپانیا | ئۆتۆمبێل | ئەتۆم |
| مەواد | سلفە | ڤێتێرنەری |
| نەزاهە | حیساب | مامەڵە |
| ماددی | بۆرسە | سواڵ |
| **بابەتی وەرزشی:** | | |
| تیم | گروپ | کۆنترۆڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ماراسۆن | جەولە | گۆڵ |
| ئۆف ساید | پەنالتی | ستادیۆم |
| بۆند | ئاوت | |
| **بابەتی گشتی:** | | |
| فەیسبوک | کۆنفرانس | مانشێت |
| سیستم | ئۆفیس | دکتۆر |
| سلبی | ئیجابی | نەزەری |
| هۆڵ | سەندیکا | ئەلکترۆنی |
| وەکالەت | حاڵەت | کارەسات |
| ڕەسمی | جدیی | ئاسەوار |
| فلتەر | ئینتەرنێت | تەئکید |
| کەمپ | ڤێستیڤاڵ | ئەدرێس |
| ڤایرۆس | ڕاپۆرت | چانس |
| پرۆسە | کۆنکرێت | کۆمێنت |
| تاکتیک | تەکنیک | سەنتەر |
| میدیا | ئایدیا | دیالۆگ |
| فاکت | ئەکتیڤ | نێگەتیڤ |
| پراکتیک | ستایل | تیۆری |
| پرۆگرام | فۆرم | سپۆنسەر |
| مۆدێرن | مۆنتاژ | کۆمیدی |

| | | |
|---|---|---|
| ئیتیک | باکگراوند | سایت |
| ڕۆتین | تراژیدیا | ستاندارد |
| کاریکاتێر | کارتۆن | هیرۆیین |
| بەکتریا | کۆلێرا | ئەنفلۆنزا |
| هۆرمۆن | سەعات | کۆلسترۆڵ |
| مەدەنی | موەلیدە | لافیتە |
| مەسەلە | وەسف | ئیمزا |
| واقع | شەرەف | سەلامەت |
| مەودا | داوەت | پسپۆر |

### 2-3-3-6- ئیدیۆم ، میتافۆر ، خواستن و لادان:

لەهەواڵی تەلەڤزیۆنیدا، دەتوانرێت سودی زۆر لە دەرپڕینی میتافۆر، یا ئیدیۆم یا خواستن و لادان وەربگیرێت، بەهۆی لێکچوونی زۆری نێوان ئیدیۆم و میتافۆریشەوە، بەبێ جیاوازی بەکار دەهێنرێن، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە، کامل بەسیر دەڵێ: "تاقە جیاوازیی نێوانی خوازە و خواستن و درکە، جۆربەجۆریی پەیوەندی نێوانی واتای یەکەم و واتای دووەمی وشە و دەرپڕینەکانە. جگە لەم جیاوازییە، هەرسێ بابەتەکە لە بنەڕەتدا یەکن و هیچ شتێک لەیەکتر پچڕیان ناکات"[1]، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ئیدیۆم لە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا خوازراو نییە، لەبەرئەوەی "سیفەتی سەرەکی ئیدیۆم لێڵیی واتاییەتی، چونکە ماناکەی نادابڕشتەیە"[2] و لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانیەوە نەهاتووە. بەڵام میتافۆر، " ئەوەندە لێڵ نیە، کە

---

1- بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (2009: 70)

2- سەرچاوەی پێشوو (73)

تێگەیشتن لێی گران بێت"[1]، میتافۆر "گەیاندنی واتایە لەڕێگەی وێنەیەکی ئاوەزی و داڕشتنێکی نوێوە، کە لە مێشکی وەرگردا دروستی دەکات، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ پێویستییەکانی دەربڕینی تەلەڤزیۆندا دەگونجێت"[2]. بەکارهێنانی میتافۆر، جوانی و ڕوونی زیاتر دەدات بەو ڕستانەی بۆ تەلەڤزیۆن دەنووسرێن. بەکارهێنانی وتەیەک بەواتایەکی تر، یا لادان و خواستن، بەدەر لەواتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەهۆی لێکچوونیانەوە، وا لە بینەر دەکات باشتر و زووتر لە هەواڵەکە بگات، جگە لەوەی سادەیە و لەگەڵ بنەما سەرەتاییەکانی نووسینی هەواڵی تەلەڤزیۆندا یەکدەگرنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، هەرچەند هەریەکەیان بە ڕێژەی جیاواز بەکاردەهێنرێن، لە دەقی هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا، لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە گونجاوەی هەیانە بۆ نووسین، وەک پێویست سوود لە بەکارهێنانی میتافۆر یا خواستن و لادان وەرنەگیراوە، یا ڕێژەی بەکارهێنانی بەرزنییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند نموونەیەک بەرجاو دەکەون.

نموونە:

**(.. تا ئەو کاتەی هەردوو پرۆژە یاسای نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتی نەوتی فیدراڵی پەسەند دەکرێت پاشگەزبوونەوە و پێشێلکردنی هەربڕگەیەکی ئەو ڕێکەوتننامەیە واتا پێشێلکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەیە).**

"NRT – 15/9/2012"

- (پێشێلکردن) بەواتایەکی تر هاتووە لەبری واتا بنەڕەتییەکەی خۆی.

نموونە:

**(..پشکی شێری ئاڵۆزیی دۆخی کەرکوک لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی کوردە، چونکە تەواوی جومگە ئەمنی و سیاسیەکانی کەرکوکیان لەدەستایە).**

---

**1-** سەرچاوەی پێشوو

**2-** عبدالستار جواد (2001: 208)

"KNN – 9/9/2012"

- (پشکی شێر) بەواتای زۆربەی ئاڵۆزییەکان دێت.

- (جومگە) مەبەست لێی بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانە.

نموونە:

**(شەپۆلێک توندوتیژی کەرکوک و حەوت پارێزگای عێراقی گرتەوە ..).**

"KNN – 9/9/2012"

- (شەپۆل) لێکچواندنی شەپۆلی دەریا و شەپۆلی توندوتیژییەکانە.

نموونە:

**(باراك ئۆباما لە وتارەکەیەدا ڕایگەیاند، هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ڕووداوێکی گرنگە..).**

"گەلی کوردستان 2012/9/25"

- (هەڵگیرسان) مەبەست لێی دەستپێکردنی شۆڕشە.

نموونە:

**(ئۆپۆزسیۆن بۆ چارەسەرکردنی پرسی دانوستان لەگەڵ بەغدا داوای بنەما و ئەجیندایەکی ڕوونی کردووە، کە پەرلەمانی کوردستان وەک گوتاری نەتەوەیی چاودێری بکات، تەنها لەو حاڵەتەشدایە هەموو لایەنەکان قورسایی قۆناغی داهاتوو لەسەر شانیان هەڵدەگرن).**

"کەناڵی پەیام – 2012/11/2"

- (لەسەرشانیان هەڵدەگرن) مەبەست لێی وەرگرتنی بەرپرسیاریتییە لە داهاتوودا.

نموونە:

**(نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخنە لە تورکیا دەگرێت، لەبواری مافەکانی**

**مرۆڤدا و باس لەوە دەکەن حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر یاسایەکی تەمومژاوی پیادە دەکات).**

"کەناڵی پەیام – 2012/11/2"

- (تەمومژاوی)، واتا یاسایەکی دیاریکراوی ڕوون پەیڕەو ناکرێت.

نموونە:

**(.. ئیدانەی هێرشی کوێرانەی هێزەکانی سەربە ڕژێمی سوریا دەکات بۆسەر شارەکان و .. ).**

"KNN – 4/8/2012"

- (کوێرانە) مەبەست لێی لەبەرچاو نەگرتنی هیچ شتێکە.

نموونە:

**(خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی ئیسپانیا لە دژی سیاسەتی سکهەڵکوشینی ئابوری و پلانە ئابوریەکانی حکومەتەکەیان درێژەی هەیە ..).**

"KNN – 4/8/2012"

- (سکهەڵکوشین) مەبەست لێی کەمکردنەوەی خەرجییەکانە.

نموونە:

**(دوابەدوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (کۆستاس ڤاکسیڤانێس) لەمەڕ بڵاوکردنەوەی لیستێک کە نزیکەی دوو هەزار دەوڵەمەندی لەخۆگرتبوو گوایە خۆیان لە باج شاردۆتەوە و سامانی خۆیان لە بانکەکانی سویسرا داناوە لە کاتێکدا یۆنان بەدەست کێشەی داراییەوە دەناڵێنێت دادگای یۆنان بڕیاری بێبەریبوونی ناوبراوی دەرکرد..).**

"Zagros TV - 2/11/2012"

- وشەی (دەناڵێنێت) مەبەست لێی بەهێزی کاریگەریی کێشەکەیە.

نموونە:

**(بزووتنەوەی حەماس ڕایگەیاند، بە تیرۆرکردنی (ئەحمەد جەعبەری)، دەرگاکانی دۆزەخ بەڕووی ئیسرائیل دەکاتەوە).**

"کەناڵی سپێدە - 2012/11/14"

- (دەرگاکانی دۆزەخ) بەواتای زۆر بەتوندی وەڵامی ئیسرائیل دەدەنەوە.

### 2-3-3-7- **ئەکرۆنیم:**

ناوە باوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پێکهاتەیەکی درێژیان هەیە و لە چەند وشەیەک پێکدێن، بە دەربڕینی دەنگی یەکەمی وشە پێکهێنەرەکانی، کورت دەکرێنەوە. هەندێک لە وشەکان پیت بە پیت دەوترێن و هەندێکی تریان لە فۆرمی وشەیەکدا دەردەبڕدرێن.

"یەکێک لە ڕێگاکانی داڕشتن و سازکردنی وشە و زاراوە (ئەکرۆنیم)ە، ڕێگایەکی جیهانییە و لەناو زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت"[1].

لەزمانی کوردیشدا، ئەم شێوازی کورتکردنەوەیە پەیرەو دەکرێت، وەک: (ی.ن.ک = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، (پ.د.ک = پارتی دیموکراتی کوردستان)، (پ.ک.ک = پارتی کرێکارانی کوردستان). لە ناوە بیانییەکانیش، ناوی ڕێکخراوە جیهانییەکان بەگشتی بەم شێوازە کورت دەکرێنەوە، وەک: (UN=United Nations)، (UNESCO =ڕێکخراوی زانست و پەروەردە و ڕۆشنبیریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان)، (KNN = Kurdish News Network). زۆرجار بەهۆی بەکارهێنانی ناوە کورتکراوەکە، ڕەنگە بینەر، یا گوێگر تەنیا ناوە کورتکراوەکە بزانێت و ناوە بنەڕەتییەکە هەر نەناسێت، وەک: (ناتۆ، ئایدز، بەدەپە ...).

---

[1]- شیروان حسێن حمد (2010: 67)

ئەم شێوازی کورتکردنەوەیە، زۆر گونجاوە بۆ نووسینی هەواڵی تەلەڤزیۆن، چونکە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی کات و ئاسانتر گەیاندنی ناوەکان، بەتایبەتیش ناوە درێژەکان.

نموونە:

**( پارتی کرێکارانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەپێکدادانێکی نێوان چەکدارەکانیان و سوپای تورکیادا پانزە سەربازی تورکیایان کوشتووە و لەبەرامبەریشدا پێنج چەکدار کوژراون، باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند لەئەنجامی پێکدادانی نێوان چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا پانزە سەربازی تورکیا کوژراون و لەبەرامبەریشدا پێنج چەکداری پەکەکە کوژراون، بەپێی بەیاننامەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان دوای هێرشەکەی پەکەکە بۆسەر سوپای تورکیا فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچەکەیان بۆردوومان کردووە).**

"کەناڵی پەیام – 2012/11/2"

- ناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، (6) جار هاتووە، (4) جار بەدرێژی وەک خۆی و (2) جاریش بە ئەکرۆنیم، پێویستبوو تەنیا جاری یەکەم بە درێژی بێت، هەموو جارەکانی تر ئەکرۆنیم، چونکە بەم شێوەیە کورتترە و ناوێکی ناسراویشە.

نموونە:

**(بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە سەردانی تورکیا بکا بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان ئەکەپە، کە بڕیارە ڕۆژی سی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی لەهەواڵێکدا کە دوێنێ بلاویکردۆتەوە پارتی داد و گەشەپێدان وە بەشداربووان لە کۆنگرەی پارتەکەی داوەتنامەی ڕەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی جیهان کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا داوەتنامەیەك ڕەوانەی بارزانی کراوە، ئەوکاتیش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوەڵامی**

**داوەتنامەکەی پارتی پارتی داد و گەشەپێدان ڕایگەیاندوە ئامادەیە بەشداری کۆنگرەکە بکا، .. هەربەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە بۆ بەشداربوونی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە بڕیارە سی ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەك لە باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆڵاند سەرۆکی فەرەنسا و بەشێك لە سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین کراوە).**

"کەناڵی NRT ڕۆژی 2012/9/15"

- لەم هەواڵەدا، (4) جار ناوی (پارتی داد و گەشەپێدان) براوە، جارێکیش بە (ئەکرۆنیم)، لێرەدا دەبوایە تەنیا (1) جار ناوی ئەو پارتە ببرایە، جارەکانی تر بەئەکرۆنیم دەرببڕایە.

نموونە:

**(بەبۆنەی پەنجاو چوارساڵەی گەڕانەوەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لیژنەی ناوچەی مێرگەسۆری پارتی دیموکراتی کوردستان سیمینارێکی بۆ دکتۆر عەلی تەتەر بەرپرسی لقی دەی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد).**

"KTV-7/10/2012 "

- لەم هەواڵەدا، ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) (2) جار وەک خۆی براوە، ئەم ناوە، بە دوو شێوە ئەکرۆنیم دەکرێت و بینەری کورد پێیان ئاشنایە، (پ.د.ک) و تەنیا ناوی یەکەمی (پارتی)، باشتربوو تەنیا یەکجار بە درێژی بوترێت.

نموونە:

**(وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان تۆمارکردنی حەوت حاڵەتی دیکەی ئایدزی ڕاگەیاند).**

"KNN – 3/6/2012"

- وشەی (ئایدز) ئەکرۆنیمی ناوی ئینگلیزیی نەخۆشیی ( Acquired Immune Deficiency Syndrome )یە.

نموونە:

**(بەپێی هەواڵێکیش کە هەردوو تەلەڤزیۆنی NBC و CNN بڵاویانکردۆتەوە، باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا ئیمزای لەسەر بەڵگەنامەیەکی نهێنی کردووە... ).**

"KNN – 2/8/2012"

- (CNN) ئەکرۆنیمی ناوی کەناڵی تەلەڤزیۆنی (Cable News Network)یە.
- (NBC) ئەکرۆنیمی ناوی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دەستەی پەخشی نیشتمانی (National Broadcasting Company)یە.

نموونە:

**( ... بە یاوەریی، کاترین ئاشتۆن، بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکێتی ئەوروپا، هیلاری کلینتۆن ... دوای سربیا گەشتەکەیان بەرەو پریشتینای پایتەختی کۆسۆڤۆ دەستپێکرد و ئەمڕۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەش کۆدەبنەوە و پرسی پەیوەست بوونی کۆسۆڤۆ بە یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی ناتۆ تاوتوێ دەکەن).**

"KNN – 31/10/2012"

- (ناتۆ)، ئەکرۆنیمی ناوی (North Atlantic Treaty Organisation) یە و وەک ناوێکی باو بەکاردێت.

نموونە:

**(ڕاگرتنی کەمپینەسیاسیەکانی بەدەپە لەدژی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان، چارەسەرکردنی کێشەی ئەو هەزاران گیراوەی لە تورکیا لەسەر دۆسیەی کەجەکە گیراون و داواکراون).**

"KTV-29/9/2012 "

- (بەدەپە) ئەکرۆنیمی ناوی (پارتی ئاشتی و دیموکراسی - Bariş ve Demokrasi Partisi) یە، لەم هەواڵەدا، تەنیا ئەو جارە بە شێوەی ئەکرۆنیم وتراوە، جارەکانی تر هەر بە ناوە درێژەکەی خۆی (پارتی ئاشتی و دیموکراسی) دووبارە بۆتەوە، کە پێویست نەبوو.

- (کەجەکە)، ئەکرۆنیمی ناوی (Koma Civakên Kurdistan) ە.

نموونە:

**(ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی جیهانی ناسراو بە فاو ڕایگەیاند، لە ئێستادا سێ ملیۆن هاوڵاتی سوری پێویستییان بە خۆراک و کۆمەکی مرۆیی هەیە).**

"KNN – 2/8/2012"

- (فاو)، ئەکرۆنیمی ناوی ڕێکخراوی (خۆراك و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان)ە، (Food and Agriculture Organization).

نموونە:

**(.. ئێوارەی ئەمڕۆ، سەرکردەی گشتی کەتیبەکانی عیزەدین قەسامی باڵی سەربازی بزوتنەوەی حەماسی فەڵەستینی لە غەززە تیرۆر کرا).**

"کەناڵی سپێدە - 2012/11/14"

- (حەماس) ئەکرۆنیمی ناوی (حەرەکە مقاومە ئیسلامی)یە، هەر بەمەش ناسراوە، لای بەکارهێن و وەرگریش، پەسەندکراوە.

# سێیەم بەش

# ڕستەسازی لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا

## 1-3 - **سەرەتا:**

ڕستەسازی (سینتاکس)، یا زانستی ڕۆنانی ڕستە، زانستێکە لە پێکهاتەی ڕستە دەکۆڵێتەوە. مەبەست لێی دیاریکردنی شێوازی پێکهاتنی و شوێنی وشە و ئەرکەکەیەتی، ئەو تایبەتمەندییانە دیاریدەکات، کە پێکهێنەرەکەی لەو شوێنە وەری دەگرێت، ئینجا تایبەتمەندیی ڕێزمانیی بێت، یا حوکمی ڕێزمانی لە پێشخستن و دواخستندا بە گوێرەی ویست و مەبەستی قسەکەر.

ئاستی دەنگسازی لە زماندا، کە هەردوو لایەنی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە و ئاماژە بە دەنگ و فۆنیم دەکات، ئاستی مۆرفۆلۆژیش بە مۆرفیم و وشە، لە ئاستی ڕستەسازی ئاماژە بە فرێز و ڕستە دەکرێت، کەرەسەکان چۆن لە پێکهاتەی ڕستەدا ڕیزدەبن، بچوکترین پێکهاتەکەی مۆرفیمە، وەک "بچوکترین یەکەی جیاکەرەوەی ڕێزمانی"[1]، کە پێیان دەوترێت مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکان و دەکەونە ژێر ڕکێفی ڕستەسازییەوە.

"سینتاکس، بەگرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە دادەنرێت، کە زمانێک لە زمانێکی تر جیادەکاتەوە، بەشێوە سادەکەی، بریتییە لەو ڕێگایەی دانە بچوکەکانی پێ کۆدەکرێتەوە، (وەک وشەکان)، بۆ پێکهێنانی دانەی گەورەتر، (وەک ڕستەکان)، هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتی شێوازی ڕستەسازیی خۆیان، یا چەند شێوازێکی ڕستەسازییان هەیە"[2].

"ڕستەسازی هێز دەخاتە سەر وەسیلە ڕێزمانیەکان، کە چۆن لە پرۆسێسی پەیوەندیی بەستن و لەیەکتر گەیشتندا بەکاردەهێنرێن، بۆ دەربڕینی بیر، چۆن وشە پێکەوە گرێ دەدرێن، چۆن ڕستەیان لێ دروست دەکرێ"[3].

---

**1- ئەبوبەکر عومەر، وانەی خوێندنی ماستەر، ڕستەسازی (2011/3/1).**

**2- ر. ل. تراسک (2002: 33)**

**3- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2005: 780 )**

## 2-3 - جۆر و پێکهاتەی ڕستە:

ڕستە، گەورەترین و ئاڵۆزترین دانەی ڕێزمانییە، کە لە یەک، یا چەند وشەیەک (هەر وشە نوێنەرایەتیی چەمکێک دەکات) پێکدێت. ڕستەیەک دەتوانێت بریتی بێت لە چەند وشەیەکی ڕێکخراو، بۆ هەر دەربڕینێک.

"زاراوەی ڕستە، کەرەسەیەکی زمانیی تەواو دەگرێتەوە، کە هەموو کەرتەکانی لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ هەموو کەرەسەکە پەیوەندییەکی بەتینیان هەبێ، لەهەمان کاتیشدا لەکەرەسەیەکی تری وەک خۆی ترازابێ و داپڕابێ"[1]، واتا فۆرمێکی سەربەخۆیە و پەیوەندیی ڕێزمانیی بە دەرەوەی خۆیەوە نییە.

لەڕووی واتا، یا ناوەڕۆکەوە، ڕستە لە (واتای وشەکان و کاریگەریی ڕێزمانی) پێکدێت، هەربۆیە ڕستە دوو واتا دەبەخشێت، کە فەرهەنگی و ڕێزمانین و ئەرکەکانی زمان جێبەجێدەکەن. ئەرکەکانی ڕستە، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

1- هەواڵ گەیاندن: لەم جۆرە ڕستەیەدا، قسەکەر لە دەوروبەری خۆی و دیاردەکان دەدوێت، کە دەشێ هەواڵ و زانیاری ڕاست، یا هەڵەبن، هێز بەسەر هەموو ڕستەکەدا دابەش دەبێت و لە کۆتاییدا نزم دەبێتەوە. لە ڕستەی هەواڵیدا توانای جێگۆڕکێی وشە و کەرەسەکان هەیە، بەبێ تێکچوونی واتای ڕستەکە و بەگوێرەی ئەو مەبەستەی قسەکەر هەیەتی.
2- ڕستەی پرسکردن: ئەم جۆرە ڕستەیە، بەشێوەیەکی گشتی بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری بەکاردێت، قسەکەر لەڕێی پرسیارەوە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت.
3- ڕستەی داخوازی: لەم جۆرە ڕستەیەدا، قسەکەر داوای جێبەجێکردنی کارێک لە گوێگر دەکات، لەڕێی داخوازی، یا فەرمانەوە.
4- ڕستەی سەرسوڕمان: لە ڕستەی سەرسوڕماندا، قسەکەر هەستی خۆی بەرامبەر بە دەوروبەرەکەی دەردەبڕێت، کە جۆرێک لە سەرسوڕمانی تێدابێت.

لەڕووی ڕۆنانەوە، ئەگەرچی ڕستە فۆرمێکی ئازادە و بەشێک نییە لە فۆرمێکی لەخۆی گەورەتر، بەڵام مەرج نییە هەمیشە لە فۆرمی ڕستەی سادەدا بخرێتە ڕوو، لەبەرئەوە ئەگەر سادەبێت، یا نایسادە، هەر فۆرمی سەربەخۆیە، بنەمای جیاکردنەوەی ڕستەی سادە و ڕستەی ناسادەش، بریتییە لە بوونی ژمارەی کردار،

---

1- محەمەد معروف فەتاح (2011: 102)

کەواتە بەپێی بوونی کردار جۆری ڕۆنانی ڕستە دیاری دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بەسەر ئەم جۆرانە:

1- ڕستەی سادە: ئەو ڕستەیەیە، کە سەربەخۆ واتایەکی تەواوی هەبێت و پێویستی بە ڕستەیەکی تر نەبێت، تەنیا یەک کاری تیایە.
2- ڕستەی لێکدراو: ئەو ڕستەیەیە، کە لە دوو ڕستەی سادە، یا زیاتر پێکدێت، هەریەک لە ڕستەکان کارێکی تیایە، وەک فۆرمێکی سەربەخۆ تەنیا پەیوەندیی واتایی کۆیان دەکاتەوە و هەریەکەیان واتای سەربەخۆی خۆی هەیە.
3- ڕستەی ئاڵۆز: "بەو ڕستەیە دەگوترێت، کە لە ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی شوێن کەوتوو، یا زیاتر پێکدێت.

أ- ڕستەی سەرەکی: ڕستەیەکی سەربەخۆیە، لە ڕستەی تێکەڵدا پیتی پیوەندیی پێش ناکەوێت.

ب-ڕستەی شوێن کەوتوو: ئەو ڕستەیەیە، کە لە ڕستەی تێکەڵدا شوێن ڕستەی سەرەکیی دەکەوێت، نەک دوابەدوای بێت، چونکە بەپێی پێویست ئەم دوو ڕستەیە پاش و پێش دەکەون"[1].

ڕستە لە وشە و گرێ/ فریز(Phrase) و لاڕستە پێکدێت، دانەی سەرەکی سینتاکس وشەیە. "فریز وەک یەکەیەکی زمانی- کەتیگۆری سینتاکسی- لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچوکترە، "بەوەی شوێنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە دەگرێت، بەمەش فریز پێکهێنێکی ناوەندیە، دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە"[2]، وەک دانەیەکی ڕێزمانیی، دەربڕینێکی ڕێزمانیی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا، وەک ئەو دانەیە بەکاربهێنرێتەوە.

ڕستە لە هەر زمانێکدا لەچەند بەشێکی بنجی پێکدێت، هەر دانەیێکی ڕێزمانی بتوانێ دەوری بەشێکی بنجیی ڕستە بگێڕێ (فریز)ێک پێک دەهێنێ، سادەترین ڕستە لە دوو فریز پێکدێت:

1- فریزی ناوی
2- فریزی فرمانی (کاری)

---

1- نەسرین فەخری (2002: 22)

2- دیار عەلی کەمال (2002: 2) بڕوانە: بەهار زایر محەمەد (2009: 57)

سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێک، یا ڕاناوێک پێکدێت، سادەترین فرێزی کارییش لە ڕەگی کار و ڕاناوێکی لکاو پێکدێت، ئەرکی ڕاناوی لکاو دەرپڕینی ڕێککەوتنە لە نێوان بکەر و کاردا[1].

بۆ نموونە: چالاک هات.

لێرەدا (چالاک) گرێیەکی ناویە و (هات)یش گرێیەکی کارییە.

(چارڵز فرێز)، لە پێناسەی ڕستەدا دەڵێ: "یەک گوتنی سەربەخۆیە، بچوکترین گوتن، یا گوتنێکی گەورەکراو، مەبەست لە "سەربەخۆ"یی ئەوەیە کە گوتنەکە نەبووبێت بە کەرتی ڕۆنانی گەورەتر لەخۆی لەڕووی ڕێزمانەوە"[2].

کە باس لە ڕستە دەکرێ، پێویستە باس لە مۆرفیمە وشە گۆڕەکانیش بکرێت، وەک پێکهێنەرێک، ئەو مۆرفیمانە واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵام هەڵگری واتان و پێیان دەوترێت مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، "ئەرکی گۆڕینی باری ڕێزمانی دەبینن، واتا ئەم مۆرفیمانە واتا ناگۆڕن، بەڵکو ئەرکەکانیان ئەرکی ڕێزمانییە، مۆرفیمی وشەگۆڕ، "دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژی سینتاکسییە پەسنی شێوەی وشەکان دەکات، بەمەبەستی دیاریکردنی بارێکی ڕێزمانی، بێ ئەوەی واتای وشە، یا پۆلی وشە بگۆڕێت"[3]. بۆ نموونە: "لەناودا تاک و کۆ دەخەنەڕوو، یا ناسراو و نەناسراوی دەکەن"[4]، ڕستە بەبێ مۆرفیمە وشە گۆڕەکان دروست نابێ، بۆنموونە کە دەوترێت : (من دەچم بۆ بازاڕ)، هەر یەک لە (دە، م) مۆرفیمی وشە گۆڕن، بەلابردنیان ڕستەکە واتای نابێت، چونکە ئەو چاڵانە پڕ دەکەنەوە کە لە ڕستەدا دەکەوێتە نێوان وشە فەرهەنگییەکانەوە و واتاکانیان بەشێکە لە واتای گشتیی ڕستە و پێیان دەوترێت مۆرفۆسینتاکس. "مۆرفیم وەک یەکەیەکی پێکهاتەی ڕستە، ئەرکێک، واتایەک، مەبەستێک دەگەیەنێت"[5].

---

1- وریا عومەر ئەمین (2009: 199)

2- محەمەد مەعروف فەتاح (2010: 217)

3- ئەبوبەکر عومەر قادر ( 2003: 23)

4- ئەبوبەکر عومەر، وانەی خوێندنی ماستەر، ڕستەسازی (2011/3/1).

5- ئەبوبەکر عومەر قادر ( 2003: 14)

سەبارەت بەڕیزبوونی کەرەسەکانی زمان، لە هەموو زمانەکاندا جگە لە چەند ئەگەرێک نێپەڕنابێت، کە بریتین لە چۆنییەتی بەدوای یەکدا هاتنی (بکەر، بەرکار، کار) لە پیکهاتەی ڕستەدا، کە خۆیان لە سیمای داڕشتنی ڕستەدا دەبیننەوە، لە زمانی کوردیدا، سەرەتا بکەر پاشان بەرکار و لەدواییشدا کار دێت، بەڵام دەشێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەدەر لەو سیما باوە کاربکرێت. لە زمانی عەرەبیشدا، کار پاشان بکەر و لەدواییشدا بەرکار، لە زمانی ئینگلیزیشدا (بکەر، کار، بەرکار). کە پەیوەندیی سیمانتیکی لە هەر سێ زمانەکەدا وەک یەکە، بەڵام لە سیمادا جیاوازن.

## 3-3- ڕستەسازی لە ڕاگەیاندنی بینراودا:

ڕستەسازی، ئەو هۆکارە بەهێزەیە کە ڕاگەیاندنکاران بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بەکاری دێنن، پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندنکاران و ڕستەسازی، پەیوەندییەکی بەهێزە، چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانن زۆر لەمەبەستەکانیان بەدیبێنن، لە پاش و پێشخستنی کەرەسەکان بەمەبەستی دیاریکراو، یا جەختکردنەوە، یا هەر مەبەستێکی تر.

بوار بۆ ڕاگەیاندنکاران دەڕەخسێنی، تا یاری بە وشە و ڕستەکان بکەن، بە ویستی خۆیان دایانبڕێژن، کە مەبەستەکانیان بپێکێ. ڕاگەیاندنکارانیش زیاتر درک بەو ڕاستییەدەکەن، بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی لە دووبارە بوونەوە دووریان دەخاتەوە، کە وەرگر تووشی بێزاری دەکەن و بیسەر و بینەریش، چێژی زیاتر لەو گۆڕانکارییە وەردەگرن. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش، پێویستە ڕاگەیاندنکاران، توانای زمانەوانیی خۆیان گەشەپێبدەن، بەتایبەتیش بە ڕستەسازی، چونکە لەڕێگەیەوە پەیامەکانیان دەگەیەنن.

ڕاگەیاندنکاران، تەنیا لە ڕێی پەیڕەوکردنی یاسا ڕێزمانییەکان دەتوانن زانیارییەکانیان بگەیەنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی بواری تەلەڤزیۆن، بۆ بیستن دەنووسن و ئەوەی لە تەلەڤزیۆن دەوترێ تەنیا یەکجار دەبیسترێ، ڕاگەیاندنکاران ناچاردەبن بە شێوەیەک ڕستەکانیان داڕێژن، کە ڕوون و کورتبن و بەیەکەم بیستن پەیامەکە بگات. لەبارەی سادەیی دەربڕین، (ئەنیشتاین) دەڵێ:

"بیرۆکە بێ بەهایە، ئەگەر بەشێوەیەک گوزارشتی لێنەکرێت کە کەسانی تر لێی تێبگەن"[1].

زۆرجار ڕاگەیاندنکاران، بەهۆی ناشارەزایی لە ڕێزمان و پێکهاتەی ڕستە، لە داڕشتنی دەقەکانیاندا هەڵەدەکەن و وردنین لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنی کەس و کاتدا، یا لە ڕێککەوتنی نێوان تاک و کۆدا، هەڵەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش تەلەڤزیۆن، گەورە پیاوان، سەرکردەکان، ڕۆشنبیران و نووسەران لە هەڵەی کەسانی ئاسایی مەترسیدارترە، چونکە وەرگرەکان دوای بیستنی بەکاری دەهێننەوە و دڵنیان لە دروستی، چونکە لە کەسانێکی شارەزایان وەرگرتوون، هەروەها "هەڵەی زمانەوانی سەر لە بینەر دەشێوێنێ، نەک بینەرێکی زمانەوان، بەڵکو کەسانێکی ئاساییش، ئاوازێکی نەشاز دروستدەکات، لەلای ئەوانەی بایەخ بە ڕێزمان نادەن"[2].

زۆرجار، لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا ڕەچاوی بنەما زمانییەکان ناکرێت، بینەر و بیسەر بەئاسانی هەست بە لادانە زمانییەکانی هەواڵسازەکان، یا بێژەرانی هەواڵ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی لێڵی لە وتن و وەرگرتندا.

ڕوونی و ئابووریکردن و ڕەوانیی، سێ مەرجی گرنگن، کە ڕەچاوکردنیان گەرەنتی باشتر گەیشتنی پەیامەکە دەکەن، "زمانی پەخش، بە ڕوونی و ئابووریکردن و ڕەوانیی دەناسرێتەوە، تا بە زۆرترین جەماوەری وەرگربگات و بەشداربێت لە بەدواداچوونی ناوەڕۆکەکە"[3]، لەبەرئەوە، زۆر گرنگە هەواڵساز و پەیامنێرەکان شارەزاییان لە بواری ڕستەسازیدا هەبێت و جۆرەکانی ڕستە لەیەک جیابکەنەوە، بشزانن کە، لەزمانی کوردیدا، دەشێت ڕستەیەکی سادە، تەنیا لە یەک وشە پێکبێت، بکەر و کار و کات بەهۆی مۆرفیمە تایبەتییەکانەوە دەربڕابن.

### 3-1-3- ڕستە و فرێزی ئاڵۆز:

---

1- اسماعيل الامين (2009: 19)

2- اسماعيل الامين (2009: 34)

3- عبدالعزيز شرف (1991: 228)

دوور کەوتنەوە لە ڕستەی ئاڵۆز، باشترین ڕێگایە بۆ سادە نووسیی، چونکە هونەری نووسین بۆ تەلەڤزیۆن، بریتییە لە نووسینێکی سادە بۆ ڕووداوێکی ئاڵۆز.

"خۆت لە هەواڵدا کارەکان جێبەجێ بکە، داوا لە بینەر مەکە ئەو کارەت بۆ بکات، کە پێویستە خۆت بیکەی لە کورتکردنەوە و ڕوونکردنەوە و سادەکردنەوە، چونکە بینەر ئەمە ناکات"[1].

ئەرکی هەواڵسازەکانە، ئەو شێوازە سادە و ڕوونە بدۆزنەوە کە پەیامەکانیان وەک خۆی دەگەیەنێت، چونکە "ئەو وشە و فرێزانەی ڕاگەیاندنکار هەڵیاندەبژێرێ، پێویستە لە پێکهاتەیەکدا، یا ڕستە و پەرەگرافدا بەکاربێن، کە ڕوون و دیارن بەلای وەرگرەوە. پێویستە وشە گونجاوەکان لە ڕستەی ڕووندا بەکاربێن، لێرەشەوە گرنگیی شارەزابوون لە ڕێساکانی وشەسازی و ڕستەسازی دەردەکەوێت"[2]. سەبارەت بە سادەیی، کۆنفۆشیۆس دەڵێ: "لە زماندا ڕوونی هەموو شتێکە"[3].

بوونی وێنە، وەک کەرەسەی سەرەکی لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا، وا لە هەواڵساز دەکات، ئەو پەڕی توانای بخاتەکار، تا بەکورترین و سادەترین شێوە دەقی هەواڵەکەی داپڕێژێت، بەمەرجێک لە ڕوونیی هەواڵەکە کەم نەکاتەوە.

بەگوێگرتن لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، هەست بەوەدەکرێت، نووسەرانی هەواڵ، ڕەچاوی درێژی و ئاڵۆزیی ڕستە و فرێزەکان ناکەن، یا هەندێک فرێزی چەسپاو هەیە و وەک پێکهاتەیەکی باو بەکاردێن، بەڵام لە تەلەڤزیۆنەکاندا بەگۆڕانکارییەوە دەردەبڕرێن، وەک: لە بری (باران بارین) دەوترێ (بارینی باران)، (خلیسکێنەی سەر بەفر) دەوترێ (خلیسکانی سەر بەفر)، چونکە خلیسکێنە یارییە و ئارەزوو مەندانەیە، بەڵام خلیسکان ئارەزوومەندانە نییە. دەوترێ (بەهۆی بارانی زۆر  و لافاوەوە ..) لەکاتێکدا لافاو خۆی بەهۆی بارانی زۆرەوە هەڵدەستێ.

نموونە:

---

1- اسماعيل الامين (2009: 85)

2- ميلفن مينتشر (2008: 100)

3- اسماعيل الامين (2009: 193)

***(لەگەڵ ڕاگەیاندنی قۆناغی یەکەمی دامەزراندن، کە تایبەت بوو بەو مامۆستایانەی لە سنووری پارێزگای هەولێر، کاردانەوەی لەلایەن ژمارەیەک لە دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگاکانی ئێواران و بەیانیان لێکەوتەوە).***

**"گەلی کوردستان- 2012/9/25"**

- ڕستەیەکی ئاڵۆز و لێڵە، (قۆناغی یەکەمی دامەزراندن) گونجاو نییە، بەڵکو (یەکەم لیست/ وەجبەی دامەزراندن)ە.

- (کەتایبەت بوو بەو مامۆستایانەی .. ) پێویستبوو (کە تایبەتبوو بە دامەزراندنی مامۆستایان) بێت، چونکە ڕوون نییە ئەو مامۆستایانە کێن، جێناوی نیشانەی (بەو - بە ئەو-) بەکارهاتووە، بەبێ ئەوەی پێشتر ناسێنرابن.

- (کاردانەوەی لێکەوتەوە) باسی لە جۆری کاردانەوەکە نەکردووە، ئایا ئەرێنییە، یانەرێنی، ئەمەش بۆ وەرگر لێڵە و ڕستەکە بە ناتەواو هەژمار دەکات، چونکە خاوەن بیرۆکەی سەربەخۆی خۆی نییە.

نموونە:

***(... بەبۆنەی پەنجاو چوارساڵەی گەڕانەوەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران..).***

"KTV-7/10/2012 "

- (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) پێکهاتەیەکی لێڵە، پرسیار لای بینەر دروستدەکات، چونکە کە دەڵێی (یەکێتی سۆڤیەت) ئیتر هەر جاران دەگرێتەوە، جگە لەوە، یەکێتی سۆڤیەتێکی تر نییە.

نموونە:

***(گروپی تیرۆرستیی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، بەمەبەستی ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستییەکانیان، بیابانی شاری ئەنبار بەکارئەهێنن بۆ مەشقی سەربازی خۆیان).***

**Zagros TV - 2/11/2012"**

- ئەم ڕستەیە ئاڵۆزە، نازانرێت مەبەستی سەرەکی چییە، زانیارییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، ڕوون نییە بەمەبەستی کردەوە تیرۆرستیەکانیان چی دەکەن، چونکە بەشی دووەمی ڕستەکە زانیارییەکی ترە و وەڵامی نیوەی یەکەم ناداتەوە و دووکرداری جیاوازن.

نموونە:

***(کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند: ژمارەی ئاوارە موسڵمانەکانی ڕۆهینگای هەرێمی ئاراکانی خۆرئاوا، ڕووی لەزیادبوونە و ژمارەیەکی زۆریشیان خۆیان ئامادەکردووە لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا ناوچەکانیان بەجێبهێڵن).***

**“KNN-14/11/2012”**

- ئەم ڕستە لێکدراوە، لەگەڵ ئەوەی درێژە و واتاکەی ڕوون نییە، نازانرێ، ئایا مەبەست لەوەیە، کە ئاوارەکان، یا خەڵکی تر، خۆیان ئامادەکردووە ناوچەکانیان جێبهێڵن.
- ( *ڕۆهینگای هەرێمی ئاراکانی خۆرئاوا*) ئەم فرێزە هەواڵەکە لێڵ دەکات و تەنیا ناوهێنانی (میانمار) بەس بوو، کە لەم بەشەی هەواڵەکەدا نەهاتووە.

نموونە:

***(هەزاران فەرمانبەری هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسن لە ئیسپانیا مانیان گرت..).***

"KNN – 4/8/2012"

- (هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسن)، ئاڵۆز و لێڵە، نازانرێ مەبەست لێی (هێڵەکانی شەمەندەفەر)ە یان(هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسن)، هەرچەند لێرەدا وا دەردەکەوێت مەبەست لێی هێڵە ئاسنینەکان (شەمەندەفەر) بێت.

نموونە:

***( چوار ڕۆژی دیکە، دانیشتوانی ئەمریکا ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان دەکەن، بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ وڵاتەکەیان).***

**" Zagros TV - 2/11/2012"**

- (چوار ڕۆژی دیکە) ڕوون نییە، مەبەست لێی دوای چوار ڕۆژی دیکەیە، یا لە ئێستاوە تا ماوەی چوار ڕۆژی دیکەیە.

- ڕستەی ( دانیشتوانی ئەمریکا ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان دەکەن) ئاڵۆز و نالۆژیکییە، چونکە هەموو دانیشتوانی ئەمریکا ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان ناکەن، تەنیا ئەوانە نەبن، کە مافی دەنگدانیان هەیە.

- (سەرۆکێکی نوێ) فرێزێکی ئاڵۆز و نەشیاوە، چونکە ئەگەر ئۆباما دەربچێتەوە، نابێت بە سەرۆکێکی نوێ.

نموونە:

***(سەردەمی ڕەوانەکردنی هەزاران هێزی وشکانی بۆ بەرەکانی جەنگ لە ئەمریکا بەسەرچووە و لە ئێستادا باراک ئۆباما ستراتیژێکی نوێی جەنگی گرتۆتەبەر کە خۆی لە ڕەوانەکردنی یەکەی کۆماندۆ و هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و جەنگی ئەلکترۆنیدا دەبینێتەوە).***

**"KNN – 3/6/2012"**

- ئەم ڕستەیە زۆر ئاڵۆز و درێژە، هیچ گوێگرێک ناتوانێ بەیەک بیستن لە ناوەڕۆکەکەی بگات، جگە لەوەی چەند ڕستەیەکی تیادا کۆکراوەتەوە، زانیارییەکانیش ڕوون نین.

- (هەزاران هێزی وشکانی)، فرێزێکی ئاڵۆزە، ئەگەر هەزاران سەربازی هێزی وشکانی بێت، دەبوو ئاماژەی بۆ بکرێت.

- (بۆ بەرەکانی جەنگ لە ئەمریکا..) مەبەستەکە ڕوون نییە، ئەمریکا بەرەکانی جەنگە، یا بەلای ئەمریکاوە ئەم حاڵەتە بەسەر چووە.

- (ستراتیژێکی نوێی جەنگی گرتۆتەبەر) ئایا مەبەست ستراتیژی جەنگە، یا ستراتیژی جەنگییە؟

پێویستبوو بەم شێوەیە داپڕێژرێت: **(ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئەمریکا هەزاران سەرباز ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکات. ئۆباما ستراتیژێکی نوێی جەنگیی گرتۆتەبەر، کە بریتین لە ڕەوانەکردنی یەکەی کۆماندۆ و هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و جەنگی ئەلکترۆنی).**

نموونە:

***( عەلی شەلاە ئەندامی دەوڵەتی یاسا ئاشکرایکرد، کە ڕۆژانی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی دەستەی سیاسی لە هاوپەیمانیی نیشتمانی بەڕێوەدەچێ، ئەمەش بۆ درێژەدان و دیاریکردنی شاندی بەمەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ شاندی سیاسی هەرێمی کوردستان جا لە بەغدابێت یان لە هەولێر..).***

**" Zagros TV - 2/11/2012"**

- ئەم ڕستەیە ئاڵۆزە، دوو ڕستەیە یەکتری تەواو دەکەن، ڕستەی یەکەم: **(عەلی شەلاە ئەندامی دەوڵەتی یاسا ئاشکرایکرد، کە ڕۆژانی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی دەستەی سیاسی لە هاوپەیمانیی نیشتمانی بەڕێوەدەچێ)**، ڕستەی دووەم: (**ئەمەش بۆ درێژەدان و دیاریکردنی شاندی بەمەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ شاندی سیاسی هەرێمی کوردستان جا لە بەغدابێت یان لە هەولێر**)، بەڵام کرداری زیادەی تێدا بەکارهاتووە، کە هیچ ڕۆڵێکیان نییە، ئەمەش ڕوخسار و ناوەڕۆکی ڕستەکانی ئاڵۆز کردووە، وەک: (کۆبوونەوە .. بەڕێوەدەچێ) تەنیا (کۆدەبێتەوە) بەس بوو، چونکە کۆبوونەوە بەڕێوەناچێ، بەڵکو دەکرێت. باشتربوو بەم شێوەیە داپڕێژرێت: ( **عەلی شەلاە ئەندامی دەوڵەتی یاسا ئاشکرایکرد، لە ڕۆژانی داهاتوودا، دەستەی سیاسی هاوپەیمانیی نیشتمانی کۆدەبێتەوە، بۆ دیاریکردنی شاندێکی وتووێژکار لەگەڵ شاندی هەرێمی کوردستان).**

### 2-3-3- ڕستەی درێژ:

یەکێک لە خەسڵەتەکانی نووسین بۆ تەلەڤزیۆن، ڕستە و فرێزی کورتە، چونکە ڕستە درێژ و ئاڵۆزەکان لە دەربڕینی گوتەییدا، لێڵی واتایی دروستدەکەن، "ڕستەی درێژ ئاڵۆزترە، ئاژانسی ئەسوشیتد پرێس، ڕێنمایی نووسەرەکانی دەکات، ئەو ڕستانە بەکارنەهێنن، کە ژمارەی وشەکانی لە نۆ وشە زیاترە. گرنگیی ئەم بنەمایە بەدیهێنانی ڕوونییە، ڕستەی کورت نووسی ئاسانترە و کەمتریش مەترسی هەیە لەسەر لێڵکردنی بابەتەکە"[1]. مەبەست لە کورتبڕی بەکارهێنانی کورتترین ڕستەیە، "بۆ تێگەیشتن لەواتای دەقی گوتراو (واتای مەبەست) بەئاسانی و سادەیی، دوورکەوتنەوە لە دووبارە کردنەوە و بەکارهێنانی ڕستەی درێژو واتای ئاڵۆزدا کە بیری وەرگر بۆ چەندین واتای جیاواز و جۆراوجۆر دەبات و دووردەخاتەوە لە واتای مەبەست"[2].

هەواڵساز دەبێ بزانێت، کە "ڕستەی ئاڵۆزی لێکدراو گونجاو نییە، نە بۆ ڕادیۆ و نە بۆ تەلەڤزیۆن"[3]. زۆربەی هەواڵنووسە سەرەتاییەکان، ناتوانن کۆنترۆڵی درێژیی ڕستە بکەن، چونکە دەیانەوێ زۆرترین زانیاری لە ڕستەکانیاندا کۆ بکەنەوە، ئەمەش لێڵی دروست دەکات و وەرگریش بێزار دەکات. لەبەرئەوەی "هەواڵی تەلەڤزیۆن بۆ بیستنە نەک بۆ خوێندنەوە، پێویستە پشت بە ڕستەی کورتی ڕوون ببەستێت و بەشێوازێک بێت، کە بەشەکانی پەیوەستبن بەیەکەوە"[4].

کارۆڵ ڕیچ، دەڵێ: "نووسین بە کورتی، تەنیا هونەر نییە، بەڵکو پێویستییە بۆ ڕۆژنامە و بۆ هەواڵی پەخشیش بنەمایەکی سەرەکییە"[5].

بۆ گەیشتن بە ڕستەی کورت، "بەپێی توانا، کەمترین وشە بەکاربێنە بۆ زۆرترین زانیاری، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕوونی و سادەیی و ئیکۆنۆمیکردن و کاریگەری. بۆیە پێویستە لەو ڕستانە دوور بکەویتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر بیسەر دەبێت"[6].

---

1- بڕوانە: عبدالستار جواد (1998: 36)

2- ئاریان ئیبراهیم محەمەد، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی (2012) ژمارە (23)

3- عارف حجاوی (2004: 25)

4- عبدالعزیز شرف (1987: 275)

5- کارول ریتش (2002: 201)

6- عبدالعزیز شرف (1987: 276)

لەبەر ئەوەی، "گوێ حەز بە ڕستەی کورت دەکات"[1]، چونکە ڕستە کورتەکان خزمەت بە بابەتەکە دەکەن.

"لەو ڕستانە بەدووربە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەگەر ڕستەیەکی درێژ و ئاڵۆزت هەیە، هەڵیوەشێنەوە و بیکە بە ڕستەی کورت کورتی لەیەک جیا"[2].

پێویستە هەواڵنووسەکان، هەواڵەکانیان بە دەنگێکی بەرز بۆخۆیان بخوێننەوە، "ئەوکات ڕاستەوخۆ هەست بە خراپیی بەدواییەکدا هاتنی دانەکان و گونجاویی ڕستەکە لە درێژی و کورتیدا دەکەن"[3]. ڕستەی کورت، کاری بێژەری هەواڵ ئاسانتر دەکات، تا خۆی لەگەڵ خێرایی خوێندنەوەی دەقە بگونجێنێ و بینەریش بتوانێ هەنگاو هەنگاو بەدوای هەواڵەکەدا بچێت. هەواڵنووسانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، زۆرجار ڕەچاوی گرنگیی ئەم تایبەتمەندییە ناکەن، یا بە کەمتەرخەمییەوە لێی دەڕوانن، بۆیە ڕستەکانیان زیاد لە پێویست درێژ دەبن.

نموونە:

***(سوپای سوریای ئازاد، دەست بەسەر چەند ناوچەیەکی گرنگدا دەگرێت و پێکدادانی توند لە نێوان شۆڕشگێڕان و بەعسییەکان لە چەندین شار و ناوچەی سوریا و جیابوونەوەی دەیان ئەفسەر و سەربازیش لە ڕژێمەکەی ئەسەد بەردەوامە).***

**کەناڵی پەیام - 2012/11/2**

- ئەم دەقە، لە بنەڕەتدا سێ ڕستەیە، بەهۆی ئامرازی (و)ەوە بەیەکەوە بەستراون، ڕستەی یەکەم: (**سوپای سوریای ئازاد، دەست بەسەر چەند ناوچەیەکی گرنگدا دەگرێت**)، ڕستەی دووەم: ( **پێکدادانی توند لە نێوان شۆڕشگێڕان و بەعسییەکان لە چەندین شار و ناوچەی**

---

**1- عارف حجاوی (2004: 25)**

**2- كارولين ديانا لويس (1993: 178)**

**3- اسماعيل الامين (2009: 119)**

**سوریا)**، ڕستەی سێیەم: **(جیابوونەوەی دەیان ئەفسەر و سەربازیش لە ڕژێمەکەی ئەسەد بەردەوامە)**، ڕستەی دووەم و سێیەم، یەک کرداریان هەیە (**بەردەوامە**)، ئەمەش جگە لەوەی ڕستەکەی درێژکردۆتەوە، ئاڵۆزیشی کردووە. دەکرا هەر ڕستەیەک بەجیا داڕێژرێت، بۆ ئەوەی ڕوونتربێت و لەیەک ڕستەدا کۆ نەکرێتەوە. یا باشتربوو بەم شێوەیە داڕێژرێت: **(شەڕ لە سوریا بەردەوامە، سوپای سوریای ئازادیش دەستدەگرێت بەسەر چەند ناوچەیەکی گرنگدا. دەیان ئەفسەر و سەربازیش لە ڕژێمەکەی ئەسەد جیابوونەوە).**

نموونە:

***( سەمیرە جەلال، کە یەکێك لە قوربانیانی نقومبوونی بەلەمەکەی دەریای ئیجەی تورکیایە و لەگەڵ کورەکەی گیانیان لەدەستداوە، لەڕێی هاوسەرەکەیەوە، کە هاوسەفەریان بووە و نەخنکاوە و ئێستا لە بەندیخانەی تورکیادایە، هەواڵی گیان لەدەستدانیان گەیەنراوەتە کەسوکاری، مامۆستای سەرەتایی بووە و یەکێك بووە لە چالاکوانانی بواری ژنان و ڕۆژنامەنووسێکی قەزای پێنجوێن بووە).***

**"2012/9/15 - NRT "**

- ئەم دەقە، لە چوارچێوەی ڕستەیەکی درێژی ئاڵۆزدا داڕێژراوە، لە بنچینەدا لە سێ ڕستە پێکهاتووە، ڕستەی یەکەم: **(سەمیرە جەلال و کورەکەی، لە قوربانیانی بەلەمە نقومبووەکەی دەریای ئیجەی تورکیان)**، ڕستەی دووەم: **( لەڕێی هاوسەرەکەیەوە، هەواڵی گیان لەدەستدانیان گەیەنراوەتە کەسوکاری، کە هاوسەفەریان بووە و ئێستا لە تورکیا دەستگیرکراوە)**، ڕستەی سێیەم: **( مامۆستای سەرەتایی و چالاکی بواری ژنان و ڕۆژنامەنووسێکی قەزای پێنجوێن بوو)**، بەم شێوە داڕشتنە، زانیارییەکان ڕوونتر و باشتر دەگەن بە وەرگر، چونکە گونجاو نییە چەند زانیارییەک لە بۆتەی یەک ڕستەدا، یا ڕستەیەکی لێکدراودا کۆ بکرێنەوە، بەڵکو پێویستە هەر ڕستەیەک یەک بیرۆکە لەخۆبگرێت.

نموونە:

***(.. بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکا، کە تێیداجەخت کراوەتەوە لەسەر پابەندبوونی ئەمەریکا بە پاراستنی دیموکراسییەت و فیدراڵییەت لە عێراقدا، کە ئەمەش گرنگی و ئەهمییەتی هەیە بۆ هەرێم و بەردەوامبوونیشی لەبەرەی دیموکراسی و دژە تیرۆر و گەشەی ئابووری و چاکسازی هەرێم زیاتر دەبەستێتەوە بە ستراتیژییەتی ئەمەریکاوە).***

**"گەلی کوردستان- 2012/9/15"**

- جگە لەوەی ناوەڕۆکەکەی ئاڵۆزە و چەند ڕستەیەکە بە ئامراز بەیەکەوە بەستراون، بەهۆی زۆریی زانیارییەکانەوە لێڵی دروستکردووە، کۆتایی دەقەکەش نادیارە و مەبەستەکەی نەخستۆتەڕوو، وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوەتەوە، کە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی چی دەبێت.

پێویستبوو لە سێ ڕستەدا داڕێژرێت، ڕستەی یەکەم: (**ڕێککەوتننامەی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکا، جەخت لە پابەندبوونی ئەمەریکا بە دیموکراسی و فیدراڵیی لە عێراق دەکاتەوە**)، ڕستەی دووەم: (**ئەمەش بۆ هەرێم گرنگە**)، ڕستەی سێیەم: ( **بەردەوامبوونیشی لەبەرەی دیموکراسی و دژە تیرۆر و گەشەپێدان بە ئابووری و چاکسازی، زیاتر هەرێم بە پلانی ستراتیژیی ئەمەریکاوە دەبەستێتەوە**).

نموونە:

***(بەڕای شارەزایانی کشتوکاڵی، ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەش جەخت لەوەدەکەنەوە بێ پلانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ لەو ناوچەیە، تائێستا نەتوانراوە وەک پێویست سود لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی گەرمیان وەربگیرێت).***

**"2012/8/2 - KNN "**

**-** ئەم هەواڵە، لە دوو ڕستەی لێکدراو پێکهاتووە، کە بە هۆی ئامرازی (و) ەوە بەیەکەوە بەستراون. هەموو بەسەر یەکەوە ڕستەیەکی درێژی پێکهێناوە،

جگە لەوەی لە ژمارەی کەسەکان نووسەرەکەی کەوتۆتە هەڵەوە، سەرەتا ناوچەی گەرمیانی بە تاک دیاری کردووە، بەڵام لە نیوەی دووەمی ڕستەکەدا، بووە بو کۆ (بەوناوچانە)، ڕستەیەکی درێژ و ئاڵۆزە و پێویستی بە ئاوەڵکردارێکی چۆنیەتی هەیە، تا ببێ بە (بەهۆی بێ پلانیی حکومەت..)، ڕستەکە بەهۆی وشەی زیادەوە لێڵ بووە. باشتربوو بەم شێوەیە بێت: **(بەڕای شارەزایانی کشتوکاڵی، گەرمیان ناوچەیەکی بەپیتە. بەوتەی دانیشتووانی ناوچەکەش بەهۆی بێ پلانیی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ، نەتوانراوە سود لە زەوییەکان وەربگیرێت).**

نموونە**:**

***( کاتێک ململانێکان، گرفتە کەڵەکەبووەکان چارەسەرێکیان بۆ نادۆزرێتەوە و پرسەکان بە هەڵواسراوی دەهێڵدرێنەوە و ئاسۆکانی لێکگەیشتن بەرەو کەنارەکانی لاوازی دەبرێن، حزبەکانی دەسەڵات بەرامبەر حزبە نەیارەکان و حزب بەرامبەر بە کادیرە هەڵگەڕاوەکانی و حکومەتە ناوەندیەکان بەرامبەر هەرێمەکان، پەنا بۆ لاوازکردنی ئاستی بژێوی و سەرچاوە داراییەکان دەبەن، وەک ئەوەی کە خاوەنی ڕاستەقینەی سەرمایە و داهاتی وڵاتن و بەڕەنج و ماندووبوون و شەو نخونی چەندساڵەیان بەدەست هاتووە و خەڵکی تر بێگانەیە و مشەخۆری ئەوانن و کورد گوتەنی ماڵ لە ماڵخۆ حەرام دەکرێ، کاتێک گرژی و ئاڵۆزییەکان بەرەو ئاقارێکی توند ڕێدەکات، ئامێزی هەڕەشەکانی بڕینی بودجە سەرهەڵدەداتەوە..)***

**"سپێدە- 2012/11/19"**

- ئەم دەقە، هەمووی بەسەر یەکەوە، چەندین زانیاری لە ڕستەیەکی درێژی ئاڵۆزدا کۆکردۆتەوە.

لە بنەڕەتدا، چەند ڕستەیەکن، بەهۆی ئامرازەکانی بەستنەوە لێکدراون، بەڵام دەقەکە ئاڵۆزبووە. دەکرا بەمشێوەیە داڕێژرێت: **( کاتێک ململانێ و گرفتە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە و لێکگەیشتن سەخت دەبێت، هەڕەشەی بڕینی بودجە سەرهەڵدەداتەوە. ئەوکاتە**

**حزبەکانی دەسەڵات پەنا بۆ لاوازکردنی بژێوی و سەرچاوەی دارایی نەیارەکانیان و کادیرە هەڵگەڕاوەکانیان دەبەن، وەک چۆن حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە هەرێم پەیڕەوی دەکات. حزبەکانی دەسەڵات، خۆیان بە خاوەنی سەرمایە و داهاتی وڵات دەزانن، کە بەڕەنج و شەونخوونی چەندساڵە بەدەستیان هێنابێ، بەچاوی بێگانە و مشەخۆر سەیری لایەناکانی تر دەکەن، کورد گوتەنی ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە).**

### 3-3-3- **بکەری ڕستە:**

کە باس لە سادەیی دەکرێت، دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێ، بەپێی توانا بکەر و کردار لەیەکتری نزیک بکرێنەوە، "هەر مەودایەک بکەوێتە نێوان بکەر و کردار، بە داپران دێتە ئەژمار و لە ئاکامدا کەمتر بایەخی پێدەدرێت"[1]. باشتر وایە تا دەکرێت، کرداری بکەر دیار بەکار بهێنرێت، "بکەر دیار بەکار بێنە، بکەر دیار کاریگەری زیاترە"[2]، هەروەها هێزی زیاترە و لای بیسەریش زیاتر جێی متمانەیە، چونکە دەزانێت کێ کارەکەی کردووە و پرسیاری لا دروست ناکات. مەبەست لە ڕستەی بکەر نادیار، ئەو ڕستەیەیە، کە بکەر، یا جیبەجێکەری کردارەکە، لە ڕوخساردا دەرنەکەوێ، بەهەر هۆیەکەوە بێت.

لە کردارە بکەر دیارەکاندا، بکەر کردارەکەی ئەنجامداوە، بەڵام لە بکەر نادیاردا، نازانرێ کێ بکەری کارەکەیە، ئەم جۆرە کردارانە زۆر جار ناتوانن متمانەی بینەر بەدەست بێنن و هێزی متمانە پێکردنیان کەمترە، بە بەراورد بە کردارە بکەر دیارەکان، (جۆرج ئۆریۆل) ئامۆژگاری ڕۆژنامەنووسان دەکات و دەڵێ: "کرداری بکەر نادیار بەکار مەهێنە، ئەگەر دەتوانی بکەر دیار بەکاربێنی"[3]. لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجار هەواڵسازەکان بە مەبەستێکی دیاریکراو، ڕستەی بکەر نادیار بەکاردێنن، کە لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت کە لە گرنگیی بکەرەکە کەم بکەنەوە، یا لەبەر دڵنیا نەبوون

---

**1- ئومێد مەسعوودی (2005: 87)**

**2- کارول ریتش (2002: 206)**

**3- بڕوانە: عبدالستار جواد (1998: 26)**

بێت لە بکەرەکە و ناوەکەی، یا هەر مەبەستێکی تر. بەڵام هەواڵسازی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، زۆرجار دەکەونە هەڵەوە و لەیەک هەواڵدا جارێک کرداری بکەر نادیار و جارێکی تر هەمان کردار بکەر دیارە.

نموونە:

***( لە مەراسیمێکدا، بەئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی کورد و بیانی و میوانان کۆتایی بەو ڤێستیڤاڵە هات و مەراسیمی ئاشکراکردنی خەڵاتەکان بەڕێوەچوو..)***

**"گەلی کوردستان 25-9-2012"**

- ئەم ڕستەیە، لەگەڵ ئەوەی ڕستەیەکی درێژ و ئاڵۆزە، کردارەکە زۆر دوور کەوتۆتوە، ئەمەش لێڵی درووست دەکات، چونکە وەرگر چاوەڕێی کردار دەکات، تابزانێت چی ڕوویداوە، بۆیە نابێت کردار دوور بخرێتەوە، دەبوو بەم شێوەیە داڕێژرێت: **( لە مەراسیمێکدا کۆتایی بە ڤێستیڤاڵەکە هات، کە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کورد و بیانی ئامادەی بوون، پاشان خەڵاتەکان ئاشکراکران).**

نموونە:

***( لەسەدا شەستی گەڕەکەکانی شاری حەلەب لە باکوری سوریا، دەکەوێتە دەست هێزەکانی سوپای ئازاد و پەخشی ڕادیۆ و تەڤزیۆنی ئەو شارەش ڕادەگیرێت. شەوی ڕابردوو، شاری حەلەب لە باکوری سوریا، ژمارەیەک گۆڕانکاری خێرا و یەک لەدوای یەکی بەخۆوە بینی، سوپای سوریای ئازاد، کە لە سەرباز و ئەفسەرە جیابوەکان پێکدێت ڕایگەیاند، دەستی بەسەر ڕێژەی لەسەدا شەستی گەڕەکەکانی ئەو***

***شارەداگرتووە. هەر بە وتەی خۆی، سوپای ئازاد دەستیگرتووە بەسەر بارەگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی شاری حەلەبدا و هێزەکانی ڕژێم هەڵهاتوون.. ).***

**"KNN – 4/8/2012"**

**-** ڕستەی یەکەمی ئەم هەواڵە، ڕستەیەکی لێکدراوە، کرداری بکەر نادیاری (ڕادەگیرێت) هاتووە، بەڵام لە بەشەکانی تری هەواڵەکە، بکەرەکە دیارە، کە (سوپای سوریای ئازاد دەستیان بەسەردا گرتووە). ئەگەر هەر لەسەرەتاوە، بکەرەکە دیار بووایە، پێویستی بەوە نەدەکرد زانیاریی هەواڵەکە دووبارە بکرێتەوە، ( **دەستی بەسەر ڕێژەی لەسەدا شەستی گەڕەکەکانی ئەو شارەداگرتووە).**

نموونە:

***(.. بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە بۆ بەشداربوونی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە بڕیارە سی ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ، چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەك لە باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆڵاند سەرۆکی فەرەنسا و بەشێك لە سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین کراوە).***

**"2012/9/15 - NRT "**

**-** کرداری ئەم هەواڵە (ڕەوانەکردن)، لە ڕێژەی ڕابردووی تەواو (ڕەوانە.. کراوە) لەتکراوە، دووبەشەکەش زۆر لەیەکتر دوور خراونەتەوە، کە بینەر ناتوانێت بەیەکەوەیان ببەستێتەوە، تا لە واتای ڕستەکە بگات، جگە لەوەی دەتوانرا هەواڵەکە سادە تر داڕێژرێت و کردارێکی تر بەکاربێت، کە ڕوون بێت و لەت نەکرێت. باشتربوو بەم شێوەیە داڕێژرێت: (.. **بەگوێرەی هەواڵەکە، باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا و ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆڵاند سەرۆکی فەرەنسا و چەند سەرکردەیەکی تری**

**یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین داوەتکراون، بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان، کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکایەتی دەکات).**

نموونە:

***( دوای ساڵێک لە ئامادەکاری، لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا بەزۆرینەی دەنگەکان پڕۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە سی و شەشی ساڵی 2008 ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان پەسەندکرا).***

**"KNN – 2/8/2012"**

**-** لەم ڕستەیەدا، بکەرەکە (ئەنجومەنی نوێنەران)ە، بەڵام کرداری ڕستەکە بکەر نادیارە (پەسەندکرا) وەک ئەوەی نەزانرێت کێ پەسەندی کردووە، بەبێ ئەوەی هۆکارێک هەبێت بۆ ئەوەی بکەری کردارەکە نادیار بکرێت. لەگەڵ ئەوەی هەمیشە کرداری بکەردیار بەهێزترە، کردارەکە پێویستبوو (پەسەندکرد) بوایە.

- (لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا)، لەم فرێزەدا (دانیشتن) زیادە، چونکە ئەم کارە هەر لە دانیشتندا دەکرێت.

- (بەزۆرینەی دەنگەکان) وشەی دەنگەکان پێویست ناکات بکرێت بە کۆ، چونکە (زۆرینە) ڕێژەکە دیاری دەکات، تەنیا (زۆرینەی دەنگ) گونجاوە.

- باشتربوو ئەم ڕستەیە، بەم شێوەیە داپڕێژرێت: (**دوای ساڵێک لە ئامادەکاری، ئەنجومەنی نوێنەران، بەزۆرینەی دەنگ پڕۆژەی هەموارکراوی یاسای ژمارە سی و شەشی ساڵی 2008 ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی پەسەندکرد**).

### 4-3-3- **ڕستە و فرێزی زیادە:**

ئابورییکردن، یەکێکە لە سیما دیارەکانی زمانی ڕاگەیاندن، کە ئامانج لێی

گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە بە بینەر، لە کەمترین کات و بەسادەترین شێوە. ئەو ڕستە وفرێزانەی هیچ ئەرکێکی دیاریکراویان نییە و تەنیا شوێن و کات دەگرن لە چوارچێوەی هەواڵدا، دەبنە هۆی بێزارکردنی بینەر و لێڵکردنی واتای هەواڵەکە. ئەو ڕستانە بە ڕستەی زیاد و بێ ئەرک هەژمار دەکرێن، ڕۆژنامەنووس (ئیرڤینگ ئی. فانگ) دەڵێ: "ئەگەر ڕستەیەک لە گەیاندنی زانیارییدا هیچ ڕۆڵی نەبوو، بیسڕەوە"[1].

هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، زۆر بەکەمی ڕەچاوی ڕستەی زیادە و دووبارە بوونەوەی زانیاریی دەکەن، هەندێکجار داهێنان دەکەن لە چۆنییەتی دووبارەکردنەوەی زانیاریی لە چوارچێوەی ڕستەی نوێدا.

نموونە:

***(شەوی ڕابردوو، یەکێك لە بکوژانی ئەو خێزانە تورکمانییەی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە شاری کەرکوك سەربڕدران لە یەکێك لە بازگەکانی شاری سلێمانی دەستگیرکرا و ڕەوانەی ئاسایشی کەرکوك کرایەوە.***

***سەرچاوەیەك لە ئاسایشی کەرکوك بە سایتی سبەی ڕاگەیاند، شەوی ڕابردوو، لەیەکێك لە بازگەکانی شاری سلێمانی یەکێك لەو کەسانەی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی کوشتنی چوار ئەندامی خێزانەکەی شاری کەرکوك لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکراوە و دواتر بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی ئاسایشی کەرکوك کراوە. لە ئێستاشدا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە و دوای بەدواداچوونێکی زۆر توانیویانە دەستگیری بکەن. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە باشوری شاری کەرکوك چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ماڵێکی تورکمان و چوار ئەندامی خێزانەکەیان سەربڕی کە لە دوو کچ و باوك و دایکێك پێکهاتبوون).***

"KNN – 4/8/2012"

- ( یەکێك لە بکوژانی ئەو خێزانە تورکمانییەی..) لێرەدا ساغ کراوەتەوە کە دەستگیرکراوەکە بکوژە و دەستگیرکراوە، بەڵام لە بەشێکی تری هەواڵەکەدا، بکوژەکە بووە بە تۆمەتبار، ( یەکێك لەو کەسانەی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی

---

**1-** پروانه: عبدالستار جواد **(2001: 216)**

کوشتنی..) ئەم دوو دەربڕینە، لەگەڵ یەک ناکۆکن، پرسیار لای بینەر دروست دەکات.

- (.. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر..)، بەگوێرەی ئەم دەربڕینە، ڕۆژی ڕووداوەکە نادیارە، بەڵام لەبەشێکی تری هەواڵەکەدا ڕۆژەکە و کاتەکەش دیاریکراوە (ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو)، نادیاریی ئاوەڵکرداری کاتی، بەتایبەتیش لەسەرەتای هەواڵدا، لە بەهێزیی هەواڵەکە کەم دەکاتەوە.
- (شەوی ڕابردوو لەیەکێك لە بازگەکانی شاری سلێمانی..)، ئەم ڕستەیە دووجار وتراوە، جاری دووەم پێویست نییە.
- ( لە یەکێك لە بازگەکانی شاری سلێمانی دەستگیرکرا)، ڕستەیەکی دووبارەیە.

(چوار ئەندامی خێزانەکەی..) ئەم زانیارییە دووجار وتراوە، ئەمە جگە لەوەی جارێکی تریش لە کۆتایی هەواڵەکەدا، وتراوە ( لە دوو کچ و باوك و دایکێك پێکهاتبوون)، بەهێزتر بوو بۆ بونیادی هەواڵەکە، هەر لەسەرەتاوە ڕەگەزی کوژراوەکان دیاری بکرێت، لەبەرئەوەش کە زانیارییەکە لە بنەڕەتدا نوێ نییە.

- (لە یەکێك لە بازگەکانی ..)، دەبوو بوترێت (لە بازگەیەکی ..).
- (لە ئێستاشدا..) پێویست نییە، (لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە) خۆی حاڵەتی ڕانەبردووە و ئێستا دەگەیەنێت.

نموونە:

***( بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە، سەردانی تورکیا بکا، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان ئەکەپە، کە بڕیارە ڕۆژی سی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی لەهەواڵێکدا کە دوێنێ بڵاویکردۆتەوە، پارتی داد و گەشەپێدان وە بەشداربووان لە کۆنگرەی پارتەکەی داوەتنامەی ڕەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی جیهان کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا داوەتنامەیەک ڕەوانەی بارزانی کراوە، ئەوکاتیش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی داوەتنامەکەی پارتی داد و گەشەپێدان ڕایگەیاندووە، ئامادەیە***

***بەشداری کۆنگرەکە بکا. هەر بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە، بۆ بەشداربووانی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، کە بڕیارە سی ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ، چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆلاند سەرۆکی فەرەنسا و بەشێک لە سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین کراوە.)***

**"2012/9/15 - NRT "**

- فرێزی (سی ئەم مانگە/ سیی مانگ )، (2) جار براوە، پێویست ناکات دووبارە بوترێتەوە.
- فرێزی (ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی)، (2) جار بەهەمان فۆرم وتراوەتەوە، لەم حاڵەتانەشدا، بۆ ناساندنی سەرچاوەکە، تەنیا جارێک بەسبوو و جاری دووەم تەنیا بڵێت (ڕۆژنامەکە / ڕۆژنامەی حورییەت).
- (.. لە کۆنگرەی پارتەکەی..)، فرێزێکی زیادەیە و هیچ ئەرکێکی نییە.

نموونە:

***( ئەمڕۆ وەزارەتی دادی عێراق بەتاوانی تیرۆر بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر یانزە تاوانبار جێبەجێکرد کە خەڵکی وڵاتانی تریشیان لەناودابوو، بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ سەرلەبەیانی ئەمڕۆ فەرمانگەی ڕیفۆرمی سەربە وەزارەتی دادی عێراق، فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەر یانزە کەس بەتاوانی کاری تیرۆرستی جێبەجێکرد، کە کەسێکی جەزائیریشیان لەناودایە.***

***هاوکات پێشتریش، وەزارەتی دادی عێراقی لە چواری ئەم مانگە بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەر شەش کەسی دیکەدا بەتۆمەتی تیرۆر جێبەجێکرد و هەروەها سەبارەت بەجێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، عێراق ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیەکی زۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆتەوە و***

***بەجۆرێک وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ چەندینجار داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە، کە بڕیاری لەسێدارەدان ڕابگرێت، لەبەرامبەردا بەرپرسانی عێراقی ئەم داوایەیان ڕەتکردۆتەوە و دواجاریش سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵوێزی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند، هەڵوەشانەوەی بڕیاری لەسێدارەدان لەگەڵ توندوتیژیی ئەم قۆناغەدا ناگونجێ.***

"KURDISTAN TV – 7/10/2012 "

- (وەزارەتی دادی عێراق)، لەم هەواڵەدا (3) جار هاتووە، بەتەنیا جاری یەکەم پێویست بوو بوترێت. جاری دووەم، زیادەیە و جاری سێیەمیش دەکرا بەبێ وشەی (عێراق) بێت.

- (هاوکات پێشتریش)، (هاوکات) لەم فرێزەدا زۆر نەشیاو و زیادەیە، چونکە لە بنەڕەتدا زانیارییەکە هی پێشترە و هاوکات نییە، ئەم دوو وشەیە لەڕووی واتاشەوە بەیەکەوە ناگونجێن. ئاوەڵکرداری کاتیی (پێشتریش) وشەیەکی زیادەیە، چونکە هەر دوای ئەوە ڕۆژەکە دیاریکراوە، کە (چواری ئەم مانگە)یە.

نموونە:

***(... ئەو پەرەسەندنانە لە کاتێکدایە، لەوتەیەکیدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر دوێنێ عەبدولباست سەیدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا ڕایگەیاند: هێزەکانی ...)***

"KNN – 4/8/2012"

- (... ئەو پەرەسەندنانە لە کاتێکدایە) هیچ ئەرکێکی نییە، چونکە کارەکە دوێنێ ڕوویداوە، هاوکات نییە لەگەڵ پەرەسەندنەکان.

- (لە وتەیەکیدا) زیادەیە.

نموونە:

***( وەزارەتی پلاندانی عێراق، پێشبینی دەکات، ساڵی 2025 ژمارەی دانیشتووان بگاتە 43 ملیۆن کەس. بەپێی ڕاپۆرتێک، کە لیژنەی نیشتمانی بۆ کاروباری دانیشتوان بڵاویکردۆتەوە و لەلایەن مەهدی***

***عەلاق بریکاری وەزارەتی پلاندانانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، لە ماوەی هەر 40 خولەکێکدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق یەک کەس زیاد دەکات. ئەو ڕاپۆرتە، پێشبینیش دەکات ساڵی 2025 ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەرز بێتەوە بۆ 43 ملیۆن کەس).***

**"KNN – 4/8/2012"**

- ئەم ڕستەیە، ***( پێشبینیش دەکات ساڵی 2025 ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەرز بێتەوە بۆ 43 ملیۆن کەس***) دووبارە بۆتەوە، لە سەرەتای هەواڵەکە، وەک ڕستەی سەرەکی هاتووە، کەچی لە کۆتایی هەواڵەکەدا، وەک زانیارییەکی ناوەندیی بەهەمان زانیارییەوە دووبارە بۆتەوە، دەڵێ: ئەو ڕاپۆرتە پێشبینی دەکات ...

نموونە:

***( حوسنی موبارەک سەرۆکی پێشووی میسر لەهەوڵدایە پێش دادگاییکردنی لە ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری داهاتوو داوا لە محەمەد مورسی بکات لێبوردنی بۆ دەربکات بەبیانووی خراپیی تەندروستی و ناجێگیریی تەندروستی لە بەندینخانەدا، بەڵام تا ئێستا بە فەرمی ئەو داوایەی پێشکەش نەکردووە).***

**کەناڵی پەیام - 2012/11/2**

- ڕستەی **(بەڵام تا ئێستا بە فەرمی ئەو داوایەی پێشکەش نەکردووە)** زیادەیە، چونکە لەسەرەتای هەواڵەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە هەوڵدایە داوا بکات داوای لیبوردنی بۆ دەربکات.
- (بەندینخانە) لەبری (بەندی (گیراو) + خانە = بەندیخانە) بەکارهاتووە بە هەڵە.

نموونە:

***( پارتی کرێکارانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەپێکدادانێکی نێوان چەکدارەکانیان و سوپای تورکیادا، پانزە سەربازی تورکیایان کوشتووە و لەبەرامبەریشدا پێنج چەکدار کوژراون، باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند لەئەنجامی پێکدادانی نێوان***

***چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا پانزە سەربازی تورکیا کوژراون و لەبەرامبەریشدا پێنج چەکداری پەکەکە کوژراون).***

**- پەیام کەناڵی**

**2012/11/2**

- ڕستەی (**ڕایگەیاند لەئەنجامی پێکدادانی نێوان چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا پانزە سەربازی تورکیا کوژراون و لەبەرامبەریشدا پێنج چەکداری پەکەکە کوژراون**) دووبارەیە، بەبێ ئەوەی زانیارییەکی نوێی تیابێت.

**5-3-3- کات:**

بەزۆری لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا، کاتی ڕانەبردوو بەکاردێت، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەو ئاوەڵکردارە بکرێت، کە دەشێت لە سەرەتای هەواڵەکەدا بەکاربێت، چونکە گرنگە گونجانی لۆژیکی هەبێت، واتا نابێت بڵێیت: (سەرۆک کۆمار، دوێنێ سەردانی ئەمریکا دەکات)، "کاتێک لە پێشەکیدا کاتی ڕانەبردوو بەکاردەهێنیت، بەزۆری هەموو هەواڵەکە بە هەمان کات (رابردوو یا ڕانەبردوو) درێژەی دەبێت"[1].

سەبارەت بە کاری ئەو ڕستانەی لە نووسینی هەواڵدا بەکاردێن، (ڕۆبێرت ل. هیلیارد)، دەڵێ: "باشتر وایە کاری ڕانەبردوو و وتەی ڕاستەوخۆ بەکاربێنیت، کە بکەری ڕستەکە جێبەجێکەری ڕووداوەکە بێت"[2].

یەکێک لە سیما دیارەکانی هەواڵ تازەییە، "باشتروایە بۆ نیشاندانی نوێیی هەواڵەکە، چەند دەکرێ کاتی ڕانەبردوو بەکاربێنی، ئەمەش بەو واتایە نییە، هەمیشە هەواڵساز پابەندبێت بە کاتی ڕانەبردوو"[3].

---

[1]- میلفن مینتشر (2008: 101)

[2]- Robert L. Hilliard (2003: 84)

[3]- سامی الشريف و ايمن منصور ندا (2004: 88)

نموونە:

**(ئەمڕۆ لە گەڕەکێکی شاری کەرکوك، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، کوڕێك دایکی خۆی دەداتە بەر دەسترێژی گوللە و دەیکوژێت و دواتریش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تۆمەتبارەکە دەستگیردەکرێن).**

"2012/9/15 - NRT "

- کاتی ئەم هەواڵە، لەسەرەتادا بەهۆی ئاوەڵکرداری (ئەمڕۆ) دیاریکراوە، بەڵام پاشان کاتەکە کراوە بە ڕانەبردوو (دەدات ) و (دەیکوژێت)، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی زمان و نووسینی هەواڵە. باشتربوو لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات (ئەمڕۆ) کرداری ڕابردووی نزیک بەکاربێت.

ئەم هەواڵە پێویستبوو بەم شێوەیە داڕێژرێت: ( **ئەمڕۆ لە گەڕەکێکی شاری کەرکوك ، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، کوڕێك دایکی دایە بەر دەسترێژی گوللە و کوشتی، پاشان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرا).**

نموونە:

***( ژمارەی کوژراوانی سوریا لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە بۆ سی و شەش هەزار کەس بەرز دەبێتەوە و بەردەوامیش ئەو ڕێژەیە لە زیادبووندایە، ڕووانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانی سوریاوە تا ئێستا زیاتر لە سی وشەش هەزار کەس کوژراون کە زۆرینەیان هاوڵاتین).***

کەناڵی پەیام - 2012/11/2

- لەم هەواڵەدا، کرداری ڕانەبردووی (بەرزدەبێتەوە) بەکارهاتووە، لە کاتێکدا، کە ئاماژە هەیە بۆ کاتی ڕابردووی ڕووداوەکان (سەرەتای خۆپیشاندانەکان)، کەواتە

دەبوو کاتی کردارەکە ڕابردووی نزیک بێت (گەیشتە)، لە ڕستەی دوای ئەوەدا، زانیارییەکە بە کردارێکی کاتی ڕابردوو دووبارە کراوەتەوە (کوژراون)، پێویست بوو ئەم هەواڵە بەم شێوەیە داپڕێژرێت: **( ژمارەی کوژراوانی سوریا لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە گەیشتە سی و شەش هەزار کەس و بەردەوامیش لە زیادبووندایە، ڕووانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، زۆرینەی کوژراوەکان هاوڵاتین).**

نموونە:

( ***باراك ئۆباما لە وتارەکەیەدا ڕایگەیاند، هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ڕووداوێکی گرنگە و لە ماوەی دوو مانگدا بەدەستهاتوون کە عەرەب لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا نەیانتوانیوە بەدەستی بێنن***).

**گەلی کوردستان 25-9-2012**

- (ڕووداوێکی گرنگە) بۆ تاکە و (بەدەستهاتوون) بۆ کۆیە، بۆیە بەیەکەوە ڕێکناکەون، جگە لەوەی ڕووداو بەدەست نایەت، بەڵکوو ڕوودەدات، لەبەشەکەی تری هەواڵەکەدا (عەرەب) ناوێکی گشتی تاکە و (نەیانتوانیوە) لە دۆخی کۆدایە. پێویست بوو هەواڵەکە بەم شێوەیە بێت: (باراك ئۆباما لە وتارەکەیەدا ڕایگەیاند، هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ڕووداوی گرنگ بوون، لە ماوەی دوو مانگدا ڕوویاندا، کە ولاتانی عەرەبی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەخۆیانەوە نەبینی بوو).

### 6-3-3- **ڕێککەوتنی کەس و ژمارە:**

هەر زمانێک، شێوازێکی هەیە لە ڕێککەوتنی کەس و ژمارەدا، کە گونجان لەنێوان ژمارە (تاک و کۆ) و کەس (یەکەم، دووەم، سێیەم) هەیە، لە نێوان بکەر و کرداردا، واتا بە گوێرەی ژمارەی بکەر، کارەکە پاشگرێک وەردەگرێت، کە لەگەڵ ژمارەی کەسەکانی بکەرەکە بگونجێ، ئەگەر بکەر کۆ بێت، ئەوا کارەکە نیشانەیەکی کۆ وەردەگرێت، ئەگەر بکەر تاک بێت، کردارەکە نیشانەی تاک وەردەگرێت. هەروەها ئەگەر بکەر کەسی یەکەم بێت، کارەکە نیشانەی کەسی

یەکەم وەردەگرێت، ئەگەر بکەرەکە کەسی دووەم بێت، کارەکە نیشانەی کەسی دووەم وەردەگرێت.. هت

هەواڵسازی کەناڵە کوردییەکان، زۆرجار ڕەچاوی ئەو ڕێککەوتنە ناکەن و دەکەونە هەڵەوە، ئەمەش لێڵی لای بیسەر دروستدەکات و نازانێ بکەری کردارەکە تاکە یا کۆ.

نموونە:

***( لەهەواڵێکدا کە دوێنێ بڵاویکردۆتەوە، پارتی داد و گەشەپێدان وە بەشداربووان لە کۆنگرەی پارتەکەی داوەتنامەی ڕەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی جیهان کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا داوەتنامەیەک ڕەوانەی بارزانی کراوە، ئەوکاتیش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی داوەتنامەکەی پارتی داد و گەشەپێدان ڕایگەیاندووە، ئامادەیە بەشداری کۆنگرەکە بکا. هەر بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە، بۆ بەشداربووانی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، کە بڕیارە سی ئەم مانگە لە تورکیا بەڕێوەبچێ، چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانسۆ ڕۆلاند سەرۆکی فەرەنسا و بەشێک لە سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ڤلادیمێر پۆتن سەرۆکی ڕوسیا و سەرۆکە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی و پارتی کۆمۆنیستی چین کراوە).***

"2012/9/15 - NRT "

- کرداری ڕابردووی تەواوی (ڕایگەیاندووە) لەگەڵ (ئەوکاتیش) ڕێکناکەوێت، پێویست بوو، کرداری (ڕایگەیاندبوو) ڕابردووی دوور بەکاربێت.
- ( بۆ بەشداربووانی لە کۆنگرەی..)، پێویستبوو (بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی ..) بێت، چونکە مەرج نییە هەموو داوەتکراوەکان بەشداربن.
- (چەندین داوەتنامە ڕەوانەی هەریەک لە..)، چەندین داوەتنامە، نەگونجاوە، چونکە هەر یەکێک یەک داوەتنامەی بۆ نێردراوە نەک چەندین.

**نموونە:**

***(شەوی ڕابردوو، یەكێك لە بكوژانی ئەو خێزانە توركمانیەی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە شاری كەركوك سەربڕدران لە یەكێك لە بازگەكانی شاری سلێمانی دەستگیركرا و ڕەوانەی ئاسایشی كەركوك كرایەوە).***

"2012/8/4 - KNN "

- (ڕەوانەی ئاسایشی كەركوك كرایەوە)، پاشگری (..ەوە) بۆ دووبارەكردنەوەیە و ڕێكناكەوێت، چونكە دەستگیركراوەكە پێشتر لە ئاسایشی كەركوك نەبووە تاوەكو ڕەوانەی ئەوێ بكرێتەوە، پێویستبوو بوترێت: (**ڕەوانەی ئاسایشی كەركوك كرا**).

نموونە:

***( نەتەوە یەكگرتووەكان ڕەخنە لە توركیا دەگرێت، لەبواری مافەكانی مرۆڤدا و باس لەوە دەكەن حكومەتی ئەو وڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر یاسایەكی تەمومژاوی پیادە دەكات).***

**"كەناڵی پەیام – 2012/11/2"**

- كرداری (دەكەن) كردارێكی گونجاو نییە، لەگەڵ ژمارەی بكەرەكە ڕێكناكەوێت، پێویستبوو كرداری (دەكات) بەكاربێت، چونكە نەتەوە یەكگرتووەكان تاكە نەك كۆ.

**نموونە:**

**( باراك ئۆباما، سەرۆكی ئەمریكا، لەبەردەم كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەگكرتووەكان، چەند بابەتێكی خستەڕوو، كە تایبەتبوون بە شۆڕشەكانی بەهاری عەرەبی و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و قەیرانی سوریا و خۆپیشاندانەكانی ئەمدوایەی وڵاتانی ئیسلامی دژ بە دەركردنی فیلمێكی نابەجێ كە مەبەست لێی خراپ ناوهێنانی پێغەمبەری ئیسلام بوو ).**

**"گەلی كوردستان 2012/9/25"**

**-** كرداری (بوو) لە كۆتایی دەقەكە، لەگەڵ ئەوەی زیادە، پێویست بوو بۆ كاتی ڕابردووی دوور نەبێت، بەڵكو دەبوو بۆ كاتی ئێستا (ئیسلامە) بێت، چونكە

فیلمەکە تازە بەرهەم هاتووە و نایێت بە ڕابردووی دوور.

- گونجاوتربوو ئەم هەواڵە بەم شێوەیە داڕێژرێت: **(باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، وتەیەکی پێشکەشکرد، سەبارەت بە بەهاری عەرەبی و بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و قەیرانی سوریا و ناڕەزایی وڵاتانی ئیسلامی، دژ بە بەرهەمهێنانی فیلمێک لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام).**

**نموونە:**

***( لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر بەغدا، ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و لە لێواری تەقینەوە نزیك بووەوە..).***

"2012/9/15 - NRT "

- ( پەیوەندییەکان ) لە دۆخی کۆدایە، پێویستبوو (زۆر)یش کۆ بێت و ببێ بە (زۆریان)، هەروەها (بەخۆیەوە) ببێ بە (بەخۆیانەوە).

نموونە:

***(.. ئەگەرچی لەماوەی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێم نایاساییە، بەڵام لە ئێستادا هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم لەسەر پرسی نەوت ڕێکەوتنێکیان ئەنجامداوە).***

"2012/9/15 - NRT "

- کرداری (ڕایگەیاند) لەگەڵ کاتەکە ڕێکناکەوێت، پێویست بوو بوترێت (ڕایگەیاندبوو).
- (ڕێکەوتنێکیان ئەنجامداوە)، پێویستبوو بوترێت (ڕێککەوتوون).

نموونە:

***( بڕیارە چێت لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیار لەسەر ئیمزاکردنی یان ئیمزا نەکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکات کە لەچەند خاڵێك پێکهاتووە).***

"2012/9/15 - NRT "

- بەشی یەکەمی کرداری (بڕیار..) لەگەڵ بەشی دووەمی (.. بکات) ڕێکناکەوێت، چونکە (بڕیاردان)ە، نەک ( بڕیارکردن).
- ( **پێدەچێت لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیار لەسەر ئیمزاکردنی یان ئیمزا نەکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکات**)، هیچ هۆکارێک نییە تا بوترێت (پێدەچێت)، (بەزۆرینەی دەنگی .. ) بڕیاردانی پێشوەختە، (ئیمزاکردن یا ئیمزانەکردن) ئەم دەربڕینە زیادەیە، چونکە دەنگدان هەر ئەو مەبەستەی هەیە.
- باشتربوو ئەم هەواڵە، بەم شێوەیە داڕێژرێت: (**پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆببیتەوە و دەنگ لەسەر ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە بدات**).

نموونە:

***(.. تا ئەو کاتەی هەردوو پڕۆژە یاسای نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتی نەوتی فیدراڵی پەسەند دەکرێت).***

"2012/9/15 - NRT "

- کرداری (دەکرێت) لەگەڵ ژمارەی (هەردوو پڕۆژە) ڕێکناکەوێ، چونکە جووتە، پێویستبوو (دەکرێن) بووایە.

نموونە:

***(خۆپیشاندەرانی بەحرەین، ڕژانە سەرشەقامەکان و داوای ڕوخانی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان کردووە و بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانیشەوە دەیان خۆپیشاندەر برینداربوون).***

"KNN – 6/3/2012"

- کرداری ڕابردووی تەواو (کردووە) لەگەڵ ڕووداوەکە گونجاو نییە، پێویست بوو کرداری (دەکرد)، بۆ ئەوەی هەواڵەکە نوێ دەربکەوێت، داواکارییش بۆ داهاتووە نەک ڕابردوو.

نموونە:

**(.. کوڕێك دایکی خۆی دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەیکوژێت و دواتریش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تۆمەتبارەکە دەستگیردەکرێن).**

"2012/9/15 - NRT "

- ( **تۆمەتبارەکە دەستگیردەکرێن**)، (تۆمەتبارەکە) تاکە، بەڵام پاشان نیشانەی کۆ دراوە بە کردارەکە (دەستگیردەکرێن)، کە لە ڕووی ژمارەوە ڕێک ناکەون.
- پێویستبوو ئەم هەواڵە بەم شێوەیە داپڕێژرێت: (**کوڕێك دایکی دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتی، پاشان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرا).**

**نموونە:**

***( پاش ئەوەی بە سەردانێکی فەرمی لەسەر بانگهێشتی حکومەتی تاران سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد، ئەمڕۆ وەفدی کۆمەڵی ئیسلامی گەیشتنەوە هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو، بەسەرۆکایەتی مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ئەندامیەتی هەریەکە لە قاسم مستەفا و بیلال سلێمان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم ئەندامی سەرکردایەتی سەردانی وڵاتی ئێرانیان کرد و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵآتە کۆبوونەوە و گفتوگۆیان دەربارەی بارودۆخی هەرێمی کورستان و عێراق و ناوچەکە کرد، پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ شاندی باڵای کۆمەڵی ئیسلامی گەڕانەوە هەرێمی کوردستان).***

**"2012/11/19 – پەیام "**

- لەسەرەتای ئەم هەواڵەدا، بکەرەکە (سەردانی ئەو وڵاتەیانکرد) کۆیە، لە نیوە

ڕستەی دووەمدا، لە چوارچێوەی (وەفدی)دا کۆکراوەتەوە و بووە بە تاک، بەڵام کردارەکەی (گەیشتنەوە) کۆیە. لە کۆتایی هەواڵەکەشدا، دوای ئەوەی زانیارییەکە دووبارە کراوەتەوە، (شاند) کە تاکە، کردارەکەی (گەڕانەوە) کۆیە، ئەمەش ڕێکنەکەوتنە لە نێوان بکەر و کرداردا. ئەگەر ئەندامانی وەفدێک (شاندێک) هەرچەندبن، دەبێت وەک تاک ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەگەر ئەندامەکان لەچوارچێوەی شانددا نەبوون، دەبێت وەک کۆ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت.

### 3-3-7- فرێز وەرگرتن:

بەهۆی پێشکەوتنی خێرای زانست و تێکەڵاوبوونی کلتورەکان و لەڕێگەی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە سەرچاوە بیانییەکان، هەواڵسازەکان زۆرجار ناچاردەبن فرێز و ڕستەی بیانی وەربگرن و بیکەن بە کوردی، یا هەر لە زمانی گشتیی خەڵکەوە ڕستە و فرێز دەخوازن و لە دەقەکانی هەواڵدا بەکاری دێنن، ئەمەش بەمەبەستی باشتر گەیاندنی مەبەستەکانیان، چونکە ئیدیۆم و پەند و وتە باوەکانی سەرزاری خەڵک زووتر لەلایەن بینەرانەوە وەردەگیرێن و واتا دەدەن بەدەستەوە. ئەو کاریگەرییەی زمانی بیانی هەیەتی لەسەر زمانی ڕاگەیاندن، زیاترە لەو کاریگەرییەی زمانی گشتی هەیەتی. "هەندێک هەواڵساز، ئارەزووی بەکارهێنانی هەندێک وشە و فرێز و ڕستەی زمانی گشتی دەکەن، بەمەبەستی نزیک بوونەوە لە زمانی وەرگرەکانیان"[1].

لەگەڵ ئەوەشدا، (جۆرج ئۆروێل)، ئامۆژگاری ڕۆژنامەنووسان دەکات، "ڕستە و فرێزی بیانی، یا زانستیی بەکارمەهێنن ئەگەر جێگرەوەیەکی باوی (ئینگلیزی – زمانەکەی خۆت) هەبێت"[2].

وەرگرتن، یا وەرگێڕانی فرێز و ڕستەی بیانی لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا زۆر بەڕوونی بەرگوێ دەکەوێت.

---

1- محمد حسن عبدالعزيز (1978: 61)

2- بروانە: عبدالستار جواد (1998: 27)

نموونە:

***(.. ئەگەرچی لەماوەی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێم نایاساییە، بەڵام لە ئێستادا هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم لەسەر پرسی نەوت ڕێکەوتنێکیان ئەنجامداوە).***

"2012/9/15 - NRT "

- فرێزی (لە ئێستادا) دەربڕینێکی کوردی نییە و وەرگیراوە، تەنیا وشەی (ئێستا) بەس بوو بۆ گەیاندنی مەبەستەکە.

نموونە:

***(... ئەم زانایانە هەستاون بە چاندنی ئامێرێک لەناو جەستەی مشکەکاندا، کە لە ڕێگایەوە دەتوانرێت هەست بە ترپەی لێدانی دڵی مشکەکان بکرێت، لە کاتێکدا کە بۆنی تەقەمەنی دەکەن و دواجار ئەم ئامێرەش زانیارییەکانی دەگوازێتەوە بۆ کۆمپیوتەرێک، کە هێزە ئەمنییەکان ئاگادار دەکاتەوە).***

"KNN – 14/11/2012"

- (ئەم زانایانە هەستاون بە)، (هەستاون بە)، ئەم دەربڕینە کوردیی نییە، بەڵکو وەرگێردراوی دەقاودەقی (قام) ی زمانی عەرەبیە، کە هەواڵەکەی لێوەرگیراوە.
- (چاندنی ئامێرێك لەناو جەستەی مشکەکاندا)، (چاندنی .. ) گونجاو نیە چونکە لەو بارەدا ئامێرەکە دادەنرێت نەك بچێنرێت. (ئامێرێك لەناو جەستەی مشکەکاندا) نابێت بوترێت ئامێرێك، ئەگەر (مشکەکان) کۆ بێت، چونکە ناشێت یەك ئامێر لە جەستەی چەند مشکێك دابنرێت. (لەناو جەستەی ..)، (لەناو) پێویست نییە، بەڵکو تەنیا (لە جەستەی..).
- ئەم دەقە باشتربوو بەم شێوەیە بێت: (زاناکان ئامێر لەجەستەی مشکەکان دادەنێن... هتد).

نموونە:

***(... ئەو بڕیارە نوێیەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتێکدایە ڕۆژی ڕابردوو لەژێر ناوی هەینی دیرزور لە سوریا جارێکی تر خۆپیشاندان لەدژی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی بەڕێوەچوو، ...).***

"KNN – 4/8/2012"

- فرێزی ئاوەڵکردایی (ڕۆژی ڕابردوو)، لە (یوم الامس)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، پێویستبوو بوترێت (دوێنێ).

نموونە:

***(... ئەم شەپۆلی تۆز و خۆڵ بارینە تانیوەی شەوی ئەم شەو بەردەوام دەبێت، هەروەک وتیشی ڕەنگە بەهۆی چڕبوونەوەی زیاتری ئەم خۆڵبارینە مەودای بینین زۆر زیاتر کەم بێتەوە، .... ).***

***"KTV-7/10/2012"***

- (هەروەک وتیشی) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە (کما قال)، ئێمە لە قسەکردندا وا ناڵێین، تەنیا وتیشی بەسە بۆ گەیاندنی مەبەستەکە.

نموونە:

***(لە ئێستادا لەناو دوزخورماتوو، هێزی پێشمەرگە یا هێزی سوپای عێراق لەناوچەکەدا بوونی هەیە، دەبیندرێت ؟)***

**"سپێدە- 2012/11/19"**

- (بوونی هەیە) ئەم فرێزە لە زمانی ترەوە (فارسی یا عەرەبی) وەرگیراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنیا دەوترێ (هەیە/ نییە)، پێویست بوو بوترێت

**(ئێستا لە ناو دوزخورماتوو، هێزی پێشمەرگە یان سوپای عێراق هەیە ؟)**

## ئەنجام

1- ڕاگەیاندنی بینراو، وەک یەکێک لە کاریگەرترین و بڵاوترین هۆکاری ڕاگەیاندن، بوارێکە دەکرێ زمان تیایدا پەروەردە ببێت، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پەخشکردنی شارەزایی زمانەوانی، بۆیە دەبێت زمان تیایدا بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان بەکاربێت و کەرەسە زمانییەکان بەشێوەیەکی گونجاو و باو و ڕوون دەربکەون، چونکە هەر لادان و هەڵە بەکارهێنانێک ڕەنگدانەوەی لەسەر وەرگرەکانیدا دەبێت و دواجار وەک هەڵەی باو بڵاو دەبێتەوە و بەکار دەهێنرێت، چونکە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن، بەهێڵێکی تەریب ناڕوات، هەردوو لایەنەکە مەرج نییە بەهەمان پلە کار لەیەک بکەن، ڕاگەیاندن لایەنی بەهێزە، لەبەرئەوە کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لەسەر زمان لەئاستێکی بەرزدایە، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندنی بینراو. زۆرجار ڕۆژنامەنووسان، وەک پێویست کار بە بنەما زمانییەکان ناکەن، بەڵکو بە ویست و ئارەزووی خۆیان زمان بەکاردێنن، بەمەش ڕووبەڕووی لادان لە ڕێسا زمانییەکان دەبنەوە.

2- هەواڵ بابەتی سەرەکی و بنەڕەتیی ڕاگەیاندنی بینراوە، چونکە دوایین ڕووداو و نوێبوونەوەی تیایە و ڕیکلام و ڕوونکردنەوە و درێژەی ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت، لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی، ئینجا ناوخۆیی بێت، یا نێودەوڵەتی، هەواڵ بناغەی کاری ڕاگەیاندن، یا بڕبڕەی پشتی ڕاگەیاندنە، سەرچاوەی سەرەکیی و گرنگی زانیاری و کاریگەرییە لەسەر بیروبۆچون و هەڵوێستی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی خەڵک و ڕای گشتی، هەواڵ وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە، کە پرسیاری خەڵکن.

3- ڕاگەیاندنی بینراو، دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لە خزمەتکردنی زماندا ببینێ، بەڵام لە نووسین بۆ تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا بایەخی پێویست بە زمان و ڕێزمان نەدراوە و نەیتوانیوە لەئاست ئەو ئەرکەدابێ، بەڵکو زۆرجار بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی وشە و فرێز و ڕستەی نەشیاو و نامۆ بە سیستمی زمان. ڕوونی و سادەیی و کورتبڕی، لە دیارترین سیماکانی زمانی ڕاگەیاندنی بینراون، پێویستە وشە و زاراوە و ڕستەکان ڕوون و سەردەمیانە و کورت و سادە و باو بن، تا ئامانجی خۆیان بپێکن، چونکە بۆ پێکهاتەیەکی

جەماوەرین، کە لە ئاستی ڕۆشنبیریی جۆراوجۆردان و یەکجار دەرفەتی بیستنیان هەیە لەلایەن. هۆکارە کاریگەرەکانی ڕوونیی و سادەنووسی، لابردن و سڕینەوەی هەموو ئەو وشە و ڕستانەیە، کە پێویست نین، لابردنیان لەواتای ڕستەکە، یا هەواڵەکە کەم ناکاتەوە، بەڵام بوونی وشە و ئامرازی زیادە و فرێز و ڕستەی زیادە و درێژ و ئابوری نەکردن، لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی، لە دیاردە دیارەکانی داڕشتنی هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانن، زۆرجار ئەوەندە وشە و ئامرازی زیادە بەرگوێ دەکەون، سەر لە بینەر دەشێوێنن و لێڵی دروست دەکەن لە گەیاندنی پەیامدا.

4- زمانی بیانی، لەڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراوەوە، کاریگەرییەکی زۆریان کردۆتە سەر زمانی کوردی، ئەم کاریگەریە لەسەر ئاستی وشە و فرێز و ڕستەدایە، چونکە بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو، یەکێکە لە ڕوخسارە دیارەکانی، هەواڵسازیش بەهۆی وەرگێران و وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوە بیانییەکانەوە، زیاتر دەکەویتە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی وشە کانیان. هەواڵسازەکان، بەهۆی گۆرانکارییە خێراکانی جیهان و پێشکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی زانست و تەکنەلۆژیاو بوارە جۆراوجۆرەکانی ترەوە، زۆرتر پێویستیان بە وشە و زاراوە و دەربڕینی نوێ دەبێت و ناچاردەبن زۆر وشە و زاراوەوەربگرن، یا خۆیان دوور لە زانستی وشەسازی وشە و زاراوە داڕێژن. کاریگەریی وەرگرتنی وشە، ئەرێنی، یا نەرێنی دەبێت، بەڵام لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا، زۆر وشەی وەرگیراو بەرگوێ دەکەون، کە بۆ هەندێکیان وشەی کوردی هەیە، بەڵام بەکارناهێنرێن، ئەمەش ڕێژەی وشە وەرگیراوەکانی لە زمانی کوردیدا زیادکردووە و لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکیشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕاگەیاندنی بینراودا، کاریگەری زمانی بیانی سنووری وەرگرتنی وشەی تێپەڕاندووە، هەواڵسازەکان، دوور لە ڕێساکانی زمانی کوردی، فرێز لە زمانی بیانییەوە وەردەگێڕن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە زمانی کوردی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە زمانەکانی تری جیا دەکاتەوە.

5- تائێستا تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، بنەمایەکی دیاریکراویان نییە بۆ داڕشتنی هەواڵ، کە لەگەڵ خەسڵەتی ڕاگەیاندنی بینراو بگونجێت و خواستی بینەری وەرگر بەدیبێنێ. بۆیە لە نووسیندا بەگشتی شیوازێکی دیاریکراو پەیڕەو ناکرێت، کە پێی دەوترێت نووسین بۆ گوێ. زۆرجار

لەهەواڵەکاندا بکەر و کردار ئەوەندە لەیەکتر دووردەکەونەوە، کە دەبێتە هۆی لێڵی و ئاڵۆزکردن، یا کردارە لێکدراوەکان لەت دەکەن و هەردوو بەشەکەی لەیەکتر دوور دەخرێنەوە و چەندین کەرەسە دەخرێتە نێوانیانەوە. هەروەها ڕەچاونەکردنی ڕێککەوتن، لە نێوان کەس و ژمارەدا، وەک سادەترین بنەمای زمانەوانی و دەکەونە هەڵەوە، ئەمەش لێڵی لای بیسەر و بینەر دروستدەکات و نازانێ بکەری کردارەکە تاکە، یا کۆ. وەک باوە، لە نووسینی هەواڵدا، بەشێوەیەکی گشتی کرداری کاتی ڕانەبردوو و بکەر دیار بەکاردێت، بەڵام نووسەرانی هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، زۆرجار دەکەونە هەڵەوە و لە کات و کەس و کرداردا هەڵەی زمانیی ڕوون بەرگوێ دەکەون و زۆر گرنگی بە کرداری بکەر دیار نادەن، یا لەیەک هەواڵدا، هەردوو جۆری بکەرەکە بەکاردێنن.

## سەرچاوەکان:

**ا/ بە زمانی کوردی:**


1. **ئاریان ئیبراهیم محەمەد، (2012) <u>گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی</u>، ژمارە (23)، زمانی ڕاگەیاندن لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق.**

2. **ئازاد ڕەمەزان عەلی(2009)، <u>گۆڤاری ڕۆژنامەنووس</u>، ژمارە (18).**

3. **________ (2005)، <u>بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا</u>، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراوە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولیر.**

4. **ئەورەحمانی حاجی مارف (1979) <u>ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم- مۆرفۆلۆژی</u>، بەشی یەکەم- ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا.**

5. **________ (2005 ) <u>بەرهەمە زمانەوانییەکانم</u>، سلێمانی.**

6. **ئەبوبەکر عومەر قادر ( 2003) <u>بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا</u>، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.**

7. **ئەلبرت ل. هستر و وای لان ج. تو (2007)، <u>ڕابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێیەمدا</u>، وەرگێرانی: حەسەن عەبدولکەریم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر.**
8. **ئومێد مەسعوودی (2005) <u>بنەماکانی نووسین لە راگەیاندندا</u>، وەرگێر: جوامێر مارابی، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ.**
9. **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (1980) <u>لێکۆڵینەوە لە سینتاکسی زمانی کوردیدا</u>- هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا – بەغداد.**

10. **بەهار زایر محەمەد (2009) <u>زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان</u>، نامەی ماستەر لە زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان – بەشی کوردیی زانکۆی سەڵاحەدین.**

11. **تابان محەمەد سەعید حەسەن (2008) <u>گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا</u>، نامەی ماستەر- بڵاونەکراوە، کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.**
12. **جەمال عەبدول (2006) <u>فەرهەنگی راگەیاندن (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)</u> لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ، سلێمانی.**
13. **دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح (2010) <u>ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا</u>، نامەی ماستەر (زمانی کوردی) بڵاونەکراوە ، زانکۆی سلیمانی.**
14. **ڕەحیم سورخی (2008)، <u>پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری</u>، چاپی یەکەم-چاپخانەی خانی(دهۆك).ل7**
15. **ڕەفیق شوانی (2011) <u>وشەسازی زمانی کوردی</u>، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم- هەولێر.**

16. **سامی زوبیان (2008) <u>ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژانە و راگەیاندن</u>، وەرگێرانی: مەم بورهان قانع.**

17. **شاخەوان کەرکوکی و عەبدولڕەزاق بۆتانی و گۆران سەباح و بەفرین ئیسماعیل- وەرگێران و ئامادەکردن(2007) <u>ڕۆژنامەوانی پیشەی رەوشت و لێهاتوویی</u>، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی**

یەکەم-هەولێر.

18. شنە ئەبوبەکر ئەحمەد(2008)، زمانی جەستە، نامەی ماستەر- بڵاونەکراوە، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەڵاحەددین.
19. شێرکۆ بابان (2002) زمانی ڕۆژنامەگەریی و هەڵسوڕاوانی هەواڵ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (9).

20. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر (2009) شیکارێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

21. شیروان حسێن حمد (2010) تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر لە زمانی کوردی- زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە.
22. شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (2009) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپخانەی هاوسەر- هەولێر.

23. شیلان عومەر حسەین (2009) ئیدیۆم- جەشن و پێکهاتەکانی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی – سلێمانی.

24. عاصف حمیدی (2010) کارکردن لە تەلەفیزیۆندا، وەرگێرانی لەعەرەبییەوە: حەکیم عوسمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

25. عەبدولرەحمان عزی (2012) دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پێوەندییێکردن، وەرگێرانی: بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم، هەولێر.

26. فاروق عومەر سدیق (2011) لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان – سلێمانی، چاپی یەکەم.

27. فەرهاد شاکەلی (2011) زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم- هەولێر.
28. کاوە عەبدولکەریم (2007)، زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (118)، هەولێر.
29. مەم بورهان قانع (2012) لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

30. محەمەد ئەلدروبی (2006) ڕۆژنامەگەریی و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێرانی: سۆزان جەمال – لوقمان غەفوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم- سلێمانی.

31. محەمەد معروف فەتاح (2010) لیکۆڵینەوە زمانەوانییەکان- کۆکردنەوە و ئامادەکردن شیروان حسێن خۆشناو و شیروان میرزا قادر، چاپی یەکەم- دەزگای تویژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی-هەولیر.

32. ____________ (2011) زمانەوانی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کودی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

33. قەیس کاکل تۆفیق (2003)، ڕادە لە گرێی ناویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (11).
34. نەسرین فەخری (2002) ڕستە و چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا، بەغداد.

35. وریا عومەر ئەمین (2009) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر.
36. هـ. ویدۆوسن (2008)سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، وەرگێرانی هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم- دەزگای تویژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی- دهۆک.

37. یونس شوکرخاه (2007) هەواڵنووسیی مۆدێرن، وەرگێرانی: ڕەحیم سورخی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم.

**ب/ به زمانی عه‌ره‌بی:**


1. ابراهيم سعيد فتح الله (2007) الوظيفة الاخبارية للقنوات التلفزيونية الفضائية فى اقليم كوردستان، رسالة الماجستير، غير منشور، كلية الاعلام في جامعة السليمانية.
2. احمد محمد المعتوق (1996) الحصيلة اللغوية، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب – كويت.
3. اديب مروة (1960) الصحافة العربية نشأتها و تطورها، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت – لبنان.
4. اسماعيل ابراهيم (1998) فن التحرير الصحفى، دار الفجر للنشر و التوزيع- مصر.
5. اسماعيل الامين (2009) الكتابة للصورة2، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان.
6. ب. كورتيس ماكدوغال (2000)مبادى تحرير الاخبار، ترجمة: اديب خضور، دمشق.
7. ت. ى. هاردينغ (2006) الكتابة الاذاعية، الترجمة: اديب خضور، دمشق.
8. جان جبران كرم (1986) مدخل الى لغة الاعلام، دار الجيل، الطبعة الثانية، بيروت-لبنان.
9. جون بيرو (2001)اللسانيات، ترجمة: الحواس مسعودى و مفتاح بن عروس، دار الافاق.
10. ج. ڤندريس (1950) اللغة، تعريب: عبدالحميد الدواخلى و محمد القصاص، مكتبة الانجلو المصرية- مطبعة لجنة البيان العربي.
11. جون ر. بيتنير (1986)مقدمة فى الاتصال الجماهيرى، مركز الكتب الاردنى.
12. جوناثان بجنيل و جيرمى اورليبار (2007) الرجع الشامل فى التلفزيون، ترجمة: عبد الحكيم احمد الخزامى، دار الفجر للنشر و التوزيع.
13. جولييت غارمادى ، عربه - خليل احمد خليل (1990) اللسانة الاجتماعية، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى- بيروت.
14. حاتم صالح الضامن (1989)، علم اللغه، طبع بمطابع التعليم العالى بالموصل.
15. حكيم عثمان حميد (2006)التوظيف السياسى للتقارير الاخباريه فى قناة الجزيرة الفضائية القطرية، رسالة الماجستير في الإعلام، جامعـة السليمانية - الإعلام، غير منشور.
16. دليل مهارات الاتصال (2006)، مشروع المنار- المركز الوطني لتنمية الموارد البشرية، عمان-الاردن.
17. ديبرا بوتر (2006) دليل الصحافة المستقلة، مكتب برامج الاعلام الخارجى- وزارة الخارجية الاميركية.
18. ر. ل. تراسک (2002) اساسيات اللغة، ترجمة: رانيا ابراهيم يوسف، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة- القاهرة.

19. رحيمة الطيب عيساني(2008)، مدخل الى الاعلام و الاتصال، جدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع – الجزائر.

20. رضوان القضماني و اسامة العكش، مجلة (جامعة تشرين)، الاداب والعلوم الانسانية المجلد (29) العدد (1) 2007.

21. Robert L. Hilliard (2003) الكتابة للتلفزيون و الاذاعة ووسائل الاعلام الحديثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزى، دار الكتاب الجامعى، العين- الامارات العربية المتحدة، الطبعة الاولى.

22. سامى الشريف و ايمن منصور ندا (2004) اللغه الاعلاميه، مركز جامعه القاهره للتعليم المفتوح.

23. ستيف المان (1986) دور الكلمة فى اللغة، ترجمه: كمال محمد بشر، مكتبة الشباب- القاهرة.

24. سعيد محمد السيد (1988) انتاج الاخبار فى راديو والتلفزيون، عالم الكتب، الطبعة الاولى- القاهرة.

25. سلطان بلغيث (2006) وسائل الاعلام و اللغة العربية، (http://www.diwanalarab.com/spip.php?article4568)<2012-9-9

26. صفاء حسن حسين الحلفي (2004) أساليب تحرير وتقديم نشرات الأخبار الإذاعية المسموع، رسالة الماجستير، غير منشور، كلية الاعلام في جامعة بغداد.

27. عارف حجاوى (2004) الكتابة للراديو، معهد الاعلام بجامعة بيرزيت- فلسطين.

28. عبدالعزيز شرف (1987)، فن التحرير الاعلامي، مطابع الهيئة المصرية للكتاب.

29. ___________ (1991) اللغة الاعلامية، دار الجيل، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان .

30. ___________(1993)، وسائل الاعلام و مشكلة الثقافة، دار الجيل-بيروت.

31. ___________(2000) الاساليب الفنية فى التحرير الصحفى، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع – القاهرة.

32. ___________(.......) المدخل الى علم الاعلام اللغوى، القاهره- مصر.

33. عبدالجواد سعيد محمد ربيع (2005) فن الخبر الصحفى، دار الفجر للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة.

34. عبدالخالق محمد على (2010) الصحافة التلفزيونية، دار المحجة البيضاء- بيروت.

35. عبدالستار جواد (1998) اللغة الاعلامية، دار الهلال للترجمة، الطبعة الاولى، اربد- الاردن.

36. ___________(2001) فن كتابة الاخبار، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع- الاردن، الطبعة الثانية.

37. عبدالقادر شعبانى و راغب جابر و وائل ماهر عارف قنديل و ا. اسامه زكى قطينة(2006) المعالجة الخبرية التلفزيونية العربية بين المطتلبات المهنية والتوجهات السياسية، سلسلة بحوث ودراسات اذاعية – تونس.

38. عبداللطيف حمزة( ... ) المدخل فى فن التحرير الصحفى، دار الفكر العربي.

39. عبده الراجحى (2004) اللغة وعلوم المجتمع، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

40. على ناصر كنانة (2009) اللغة و علائقياتها، منشورات الجمل، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان.

41. عماد حسن مكاوى و عاطف عدلى العبد (2006)، نظريات الاعلام ، I.S.B.N

42. غزوان جبار محمد حسين (2006) أساليب النشرات الإخبارية ومضامينها وأشكالها فى القناة الفضائية اللبنانية، رسالة الماجستير في الإعلام، جامعة بغداد- كلية الإعلام، غير منشور.

43. فاروق ابوزيد (1984) فن الخبر الصحفى، المطبعة النموذجية للاوفست ، الطبعة الثانية – القاهرة.

44. فاروق شوشه (2003) اللغة العربية فى القنوات الفضائية فى جمهورية مصر العربية. >8-9-2012<

http://www.majma.org.jo/

45. فارس حسن شكر المهداوى (2009) اخبار العراق فى الفضائيات العربية، اطروحة دكتوراه فى الاعلام و الاتصال، كلية الاداب و التربية الاكاديمية العربية المفتوحة فى الدانمارك، غير منشور.
46. فاطمة الجزائرية (2006) لغة الإعلام و آثارها في تحقيق التنمية اللغوية، مجلة اقلام ثقافية، غزة- فلسطين.
http://www.aklaam.net/forum/showthread.php?t=5839
47. فردیناند دی سوسور (1988)، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار الكتب للطباعة و النشر- جامعه الموصل.
48. فلوريان كولماس (2000) اللغة والاقتصاد، ترجمة : أحمد عوض، عالم المعرفة- الكويت.
49. كارول ريتش (2002) كتابة الاخبار والتقارير الصحفية، ترجمة: عبدالستار جواد، دار الكتب الجامعى، العين-الامارات العربية المتحدة.
50. كارولين ديانا لويس (1993)، التغتية الاخبارية للتلفزيون، المكتبة الاكاديمية – القاهرة.
51. محمد جاسم فلحى الموسوى(2006) نظريات الاتصال والاعلام الجماهيرى، مقرر مرحلة الماجستير، الاكاديمية العربية المفتوحة فى الدانمارك.
52. محمد جميل شلش (1986)، اللغة و وسائل الاعلام الجماهيرية، دار الشوون العامة، وزارة الثقافن و الاعلام – بغداد.
53. محمد حسن عبدالعزيز (1978) لغة الصحافه المعاصرة، مطبعة دار المعارف – مصر.
54. محمود خليل و محمد منصور هيبة (2002) انتاج اللغة الاعلامية فى النصوص الاعلامية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح- القاهرة.
55. محمود علم الدين (1990) تكنلوجيا معلومات و صناعة الاتصال الجماهيرى، العربى للنشر و التوزيع، القاهرة.
56. محمود السعران (2008) علم اللغة، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان.
57. محمود فهمى حجازى (1997) مدخل إلى علم اللغة، دار قباء للطباعة والنشر- مصر.
58. مرعى مدكور (2002) الصحافة الاخبارية، دار الشروق- القاهرة.
59. منال طلعت محمود(2002)، مدخل الى علم الاتصال، المكتب الجامعى الحديث- الاسكندريه.
60. ميلفن مينتشر (2008) تحرير الاخبار فى الصحافة و الاذاعة و التلفزيون، ترجمة: اديب خضور، الطبعة الثانية، دمشق. ص98
61. نبيل حداد (2002) فى الكتابة الصحفية، دار الكندى، اربد- عمان.
62. نسمة احمد البطريق و چيهان يسرى (2000) الكتابة للاذاعة و التلفزيون، مركز جامعه القاهره للتعليم المفتوح.
63. هادى نعمان الهيتى (2006) فى فلسفة اللغة والاعلام، دار الثقافية للنشر، طبعة الاولى، القاهرة.
64. هێمن مجيد حسن (2008)، وسائل الاتصال الجماهيرى فى اقليم كوردستان و دورها فى تشكيل الرآى العام، رسالة الماجستير فى الاعلام- جامعة السليمانية.
65. يوسف مرزوق (1986) الخدمات الاخبارىية فى الاذاعة الصوتية. مكتبة الأنجلو المصرية.

**پ/ بە زمانی فارسی:**

1. **زبان و رسانە (1384)- <u>مجموعە مقالات هم اندایشی زبان و رسانە</u>، ناشر: طرح ایندە- تهران .**

**ت/ بە زمانی ئینگلیزی:**

1. **Haliday, M.A.K and Yallop C. (2007). <u>lexicography</u>: A short Introduction. london: continuum.**
2. **Irving Fang (1991) <u>Writing Style Differences in Newspaper, Radio, and Television News</u>, A monograph presented for the Center for Interdisciplinary Studies of Writing and the Composition, Literacy, and Rhetorical Studies Minor, University of Minnesota.**
3. **Jackie Harrison (2006)<u>news</u>, Routledge Taylor & Francis Group, London and new york.**
4. **John Eastwood (2002), <u>Oxford Guide to English Grammar</u>, Oxford University Press, Printed in Hong Kong.**
5. **L. G. Alexander (1998), <u>LONGMAN ENGLISH GRAMMAR PRACTICE</u>, Produced through Longman Malaysia, ACM. P66**
6. **KAWA ABDULKAREEM RASUL(2006)<u>The Syntax of Journalism with Reference to English and Kurdish</u>, salahaddin University – Erbil, MasterDegree.**
7. **http://www.websters-online-dictionary.org/definitions/word. (24-9-2012)**
8. **http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/about_us/newsid_7690000/7690250.stm**

**ج/ وانەی خوێندنی باڵا:**

1. **ئەبوبەکر عومەر، وانەکانی خوێندنی ماستەر، ڕستەسازی (2011/3/1).**
2. **فاروق عومەر سدیق، محازەرەی لێکسیکۆلۆژی، خوێندنی ماستەر، ڕۆژی (2011/10/31)**

چ/ کەناڵەکان:

1-کەناڵێ زاگرۆس

2- کەناڵی گەلی کوردستان

3- کەناڵێ KNN

4- کەناڵی کوردستان تی ڤی

5- کەناڵێ NRT

6- کەناڵی سپێدە

## ملخص البحث


هذه الاطروحة الموسومة بـ(اللغة في الاعلام المرئي)، عبارة عن بحث وصفي في مستوى الصرف والنحو في لغة الاعلام المرئي الكردي، مع بيان تأثير الاعلام في اللغة الكردية – اللهجة الكرمانجية الجنوبية.

البحث موزع على مقدمة وثلاثة فصول، فيما تم عرض الاستنتاجات وقائمة بالمصادر في نهاية البحث، وعلى النحو الآتي:

الفصل الاول: ويحمل عنوان (اللغة والاتصال)، حيث خصصه الباحث لتعريف اللغة كظاهرة مهمة في حياة المجتمع، والعملية الاتصالية التي تشكل المهمة الرئيسية للغة. بعد ذلك تناول الباحث عملية الاتصال باشكالها وانواعها وعناصرها. قبل ان يشرح مفهوم الاعلام وواجباته ووسائله، ثم مفهوم لغة الاعلام واللغة في الاعلام المرئي، مبينا عناصرها ومكوناتها، ليختتم الفصل بعرض الخبر ولغة الخبر في التلفزيون.

الفصل الثاني: ويقع تحت عنوان (الصرف في الاعلام المرئي) حيث تم من خلاله تناول الصرف والكلمة والمورفيم اصطلاحا ومفهوما، مبينا دور الكلمة في الاعلام المرئي وخصوصيات اللغة. وشرح الباحث في هذا الفصل ايضا كيفية استخدام الكلمة في الاعلام المرئي والاساليب المتبعة في قنوات التلفزة الكردية من حيث استخدام الكلمة، مستدلا بالاخبار المعروضة في قنوات التلفزيون.

الفصل الثالث: وهو فصل مكرس لمستوى النحو ويحمل عنوان (النحو في الاعلام المرئي)، حيث شرح الباحث من خلاله تركيب الجملة اصطلاحا ومفهوما، كما شرح انشاء ودور الجملة في تكوين الاخبار التلفزيونية وانواع الجملة. ويتناول الفصل كذلك تطبيق الاساليب التي لابد من مراعاة القواعد اللغوية فيها اثناء صياغة النص الخبري، كما يشرح اهمية استخدام الجمل القصيرة والبسيطة والواضحة والمقتبسة الى جانب اهمية التوفيق بين الاشخاص والارقام واهمية الافعال المبنية للمعلوم. وقد تم الاستدلال بعينات من الاخبار التلفزيونية في كل المباحث. وفي ختام البحث تم عرض عدد من الاستنتاجات.

Abstract

This letter, “Language in Audiovisual Media,” is a descriptive research that deals with wording and sentencing (or semantics) in the Kurdish audiovisual media. It also demonstrates the impact and the role of media on the Kurdish Kirmanji Khwaru dialect.

The letter consists of a preface, three chapters, and a conclusion, in which the research results and references are provided as follows:

First part:_Language and Communication: This part explains language as an important phenomenon in a society, where communication is the main task. Also, the process, the approaches, and the patterns of communication are discussed. Then, the concept, duties, and elements of media, the concept of the language of media, language in the audiovisual media and its components and structure, news and the language of news of television are analyzed.

Second Part: Wording in Audiovisual Media: In this section, the concept, the dialect of wording, word, and morpheme are revealed. In addition, the chapter discusses the role of wording in audiovisual media and its aspects. It also examines the way of using words in audiovisual media and the path of applying the same techniques in the Kurdish television channels by looking at news samples.

Third Part: Syntax in Audiovisual Media: In this final chapter, the concept, the dialect of syntax, structure, and the role and types of sentence in the structure of television news are pointed out. The chapter also discloses the applying of those methods that are necessary in the use of grammar and linguistics in structuring the basics of news. Moreover, the essentiality of using short, simple, and clear sentences with regard to the relation between individuals and numbers and the importance of affirmative verbs are shown, in which all parts are enriched by using the news of televisions.

In the end of the research, several understandable results are gained.